**هەرێمی کوردستانی عێراق**

ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ـ عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٢٤

٢٠٠٠ ـ بەرگی بیست و چوارەم

چاپی یەکەم ٢٠٠١

# پێڕست:


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەستپێک ........ ل٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە یەک ........ ل٢١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە دوو ........ ل٧١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە سێ ........ ل٧٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە چوار ........ ل١٠١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە پێنج ........ ل١٠٧

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە شەش ........ ل١٥٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە حەوت ........ ل١٧٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە هەشت ........ ل١٩٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە نۆ ........ ل٢١٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە دە ........ ل٢٧٥

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە یازدە ........ ل٣٠١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە دوازدە ........ ل٣٨١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە سێزدە ........ ل٤٠١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە چواردە ........ ل٤٢٧

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە پازدە ........ ل٤٤٩

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە شازدە ........ ل٤٩١

پرۆتۆکۆڵی دانیشتنی ژمارە حەقدە ........ ل٥٢١

٣ـ كل اعتداء على عضو اثناء تأدية واجبه او بسبب ممارسته المهنة يعرض الفاعل الى العقوبة عن ذلك.

٤ـ على السلطة التحقيقية اخبار النقابة او فروعها قبل اجراء التحقيق مع العضو في الجرائم غير المشهودة وعلى النقابة انتداب من يمثلها اثناء التحقيق.

٥ـ يعالج العضو في الغرف المأجورة بالدرجة الاولى في المؤسسات الصحية والحكومية ومعاهدها الفنية ويعفى من دفع الاجور وتخصم اتعاب الاطباء والجراحين من قائمة حسابه عند رقوده في المستشفيات الاهلية وعند مراجعته العيادات الخاصة.

المادة الاربعون:

كل من يمارس مهنة الطب او حاول ممارستها او نقل او انتحل صفة او لقب او علاقة تدل على انه مرخص بممارسة مهنة الطب من غير سابق تسجيل او اجازة بموجب احكام هذا النظام والقوانين الاخرى والتي لاتتوفر فيه شروط التسجيل والاجازة يعاقب بالحبس مدة لاتتجاوز سنتين او بغرامة لاتقل عن(٢٠٠٠)دينار ولاتزيد عن(٣٠٠٠)دينار.

المادة الحادية والاربعون:

يجوز لطبيب احلال طبيب اخر في عيادته عند تمتعه بالاجازة بشرط ان يكون البديل حاملاً لنفس الدرجة العلمية على ان لاتتجاوز مدة الاجازة ثلاثة اشهر.

المادة الثانية والاربعون:

على الوزراء المختصين تنفيذ أحكام هذا القانون.

المادة الثالثة والاربعون:

ينفذ هذا القانون أعتباراً من تأريخ صدوره و ينشر في الجريدة الرسمية.

د .روژ نوري شاويس
رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم پرۆژەیەش ئاراستەی لیژنەی کاروباری یاساو لیژنەی خزمەتگوزارییە گشتییەکان و تەندروستی و کاروباری کۆمەڵایەتی دەکەین. فەرموون بۆ خوێندنەوەی یاسایەکی تر.

**بەڕێز شێروان حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی دەیخوێنمەوە خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی یاسای سەندیکای ئابووری ناسانی هەرێمی کوردستانە.

## مشروع قانون نقابة الاقتصاديين لاقليم كوردستان العراق

المادة الاولى:

يقصد بالعبارات التالية المعاني المبنية ازاءها:

الاقليم: اقليم كوردستان العراق.

النقابة: نقابة الاقتصاديين.

المجلس: مجلس النقابة

النقيب: نقيب الاقتصاديين.

الاقتصادي: كل عضو في النقابة حاصل على شهادة لاتقل عن بكالوريوس في العلوم الاقتصادية معترف بها من مجلس التعليم العالي في كوردستان العراق.

ممارسة المهنة: ممارسة المهنة المعنية بموجب احكام مزاولة المهنة.

### الفصل الاول
### «التأسيس والاهداف»
### التأسيس

المادة الثانية:

١- تؤسس بموجب هذا القانون نقابة باسم نقابة الاقتصاديين في الاقليم تتمتع بالشخصية المعنوية ولها استقلال مالي واداري ويكون مقرها في اربيل عاصمة الاقليم ولها ان تفتح فروعاً في مراكز محافظات الاقليم.

٢- تشكل النقابة بناءاً على طلب يقدمه مالايقل عن (١٥) خمسة عشر عضواً مارسوا المهنة مدة لاتقل عن سبع سنوات الى الجهة المختصة وتعتبر هيئة تحضيرية لادارة اعمال النقابة لحين اجراء الانتخابات.

المادة الثالثة:

تهدف النقابة الى تحقيق مايلي:

١- المساهمة في دعم حكومة الاقليم والنظام الديمقراطي واسناد الفدرالية وترسيخها وتطويرها.

٢- رفع المستوى المهني والعلمي والاجتماعي والصحي لاعضائها.

٣- السعي لتيسير سبل العمل المناسب للاعضاء.

٤- تنظيم علاقات الاعضاء مع بعضهم ومع الجهات الحكومية والاهلية في الاقليم والدفاع عن حقوقهم.

٥- التعاون مع الهيئات والمؤسسات والجمعيات والنقابات الاخرى داخل الاقليم التي تتفق اهدافها مع اهداف النقابة.

٦- ضمان مستقبل الاعضاء في حالات المرض والشيخوخة والعجز.

٧- تنشيط البحث العلمي وتشجيعه للمساهمة في التنمية الاقتصادية واعمار كوردستان.

## «الانتماء والعضوية»

المادة الرابعة:

يشترط في العضو ان يكون:

١- من مواطني الاقليم ومقيماً فيه.

٢- غير محكوم عليه بجناية غير سياسية او جنحة مخلة بالشرف.

٣- حاصلاً على شهادة لاتقل عن بكالوريوس في العلوم الاقتصادية او مايعادلها.

المادة الخامسة:

١- يكون الانتماء الى النقابة بطلب تحريري يقدم الى النقيب مرفقاً بالوثائق اللازمة.

٢- يعرض طلب الانتماء على المجلس خلال (١٥) يوماً من تاريخ تسجيله في النقابة وعلى المجلس البت فيه خلال هذه المدة، وعند انقضائها دون البت فيه يعتبر مقبولاً.

٣- للمجلس رفض طلب الانتماء بقرار مسبب ولصاحب الطلب ان يطعن فيه لدى محكمة تمييز الاقليم خلال (٣٠) يوماً من تاريخ التبلغ ويكون قرار محكمة باتاً.

المادة السادسة:

١- يكون بدل الانتماء الى النقابة للعضو (٣٠) ثلاثون ديناراً.

٢- يكون بدل الاشتراك السنوي (٢٠) عشرون ديناراً ويدفع في موعد لايتجاوز شهر شباط من كل سنة واذا تأخر العضو عن الدفع في الموعد المحدد فيغرم(٥٠٪) من بدل الاشتراك واذا تأخر عن الدفع لسنتين متتاليتين دون عذر مشروع فيشطب اسمه من سجل الاعضاء.

٣- يمنع من مزاولة المهنة من لم يسدد الاشتراك السنوي.

المادة السابعة:

١- لايجوز مزاولة المهنة لغير اعضاء النقابة الذين اوفوا بالتزاماتهم بموجب هذا القانون.

٢- على الدوائر الرسمية وشبه الرسمية ارسال صورة من امر التعيين او التشغيل الى النقابة اذا كان منتمياً اليها.

المادة الثامنة:

المشاركون:

يجوز قبول الاشخاص المبينين ادناه بصفة مشاركين للاستفادة من خبرتهم او للافادة من فعاليات النقابة:

١- الاقتصاديين الاجانب المقيمين في كوردستان العراق ممن تتوفر فيهم شروط المادة الرابعة.

٢- حملة الشهادات العالية المشتغلين في الامور الاقتصادية او المالية او التجارية لمدة لاتقل عن خمس سنوات بشهادة حكومية او من شركة مساهمة او ذات مسؤولية محدودة على ان تتوفر فيهم شروط الاهلية.

٣- خريجوا المعاهد التجارية والاقتصادية والمالية والحسابية ممن لاتقل مدة دراستهم عن ثلاث سنوات بعد الاعدادية.

المادة التاسعة:

يجوز بقرار من مجلس النقابة قبول المؤسسات والهيئات والمنشآت الاقتصادية والصناعية والتجارية والزراعية والمالية والادارية اعضاء فخريين (شرف) مقابل بدلات مشاركة رمزية تحدد في كل حالة من قبل مجلس النقابة.

المادة العاشرة:

لايحق للمشاركين والاعضاء الفخريين حضور اجتماعات الهيئة العامة او الترشيح لعضوية مجلس النقابة.

المادة الحادية عشر:

١- يفقد العضو صفة العضوية في حالة وفاته او استقالته او انتفاء احد شروط العضوية عنه او ايقاف عضويته او فصله بقرار من مجلس النقابة حسب احكام هذا القانون.

٢- للهيئة العامة اسقاط العضوية في حالة مخالفة العضو لاحكام هذا القانون او الخروج على اهداف النقابة او ممتلكاتها او اساءة التصرف داخل النقابة.

## الفصل الثاني

## «التشكيلات»

المادة الثانية عشر:

تشكل النقابة من:

١- الهيئة العامة.

٢- مجلس النقابة.

٣- لجنة الانضباط.

٤- فروع النقابة في المحافظات.

المادة الثالثة عشر:

١- تتألف الهيئة العامة من جميع اعضاء النقابة او المندوبين الذين اوفوا بالتزاماتهم بموجب هذا القانون وتعتبر اعلى سلطة فيها وتعقد في مركز النقابة اجتماعاً عاماً اعتيادياً خلال شهر كانون الثاني كل ثلاث سنوات بقرار من المجلس وبدعوة من النقيب لانتخاب النقيب وثمانية اعضاء وعضوين إحتياط لاشغال عضوية المجلس واعضاء لجنة الانضباط ويتم النصاب بحضور اكثرية الاعضاء المسجلين او المندوبين وعند عدم اكتمال النصاب تجرى الانتخابات بعد خمسة عشرة يوماً من الاجتماع الاول في الوقت والمكان المحددين و يعتبر النصاب كاملاً بحضور ثلث الاعضاء او المندوبين وبعكسه يعتبر المجلس السابق مستمراً لدورة اخرى.

٢- في حالة زيادة عدد اعضاء النقابة عن (٥٠٠)خمسمائة عضو يجري الانتخاب عن طريق المندوبين وتحدد نسبة التمثيل من قبل المجلس او من يقوم مقامه وبضمنهم اعضاء مجلس النقابة.

المادة الرابعة عشر:

١- يجوز دعوة الهيئة العامة لاجتماع غير اعتيادي اذا ارتأى ثلث اعضاء الهيئة العامة او ثلث اعضاء المجلس يبين فيها الاسباب الموجبة لعقد الاجتماع وعلى المجلس عندئذ ان يصدر الدعوة حسب الاصول وان يعين موعد الاجتماع خلال مدة شهر من تاريخ تسجيل الطلب.

٢- لايجوز للهيئة العامة البحث في غير القضايا التي عقد الاجتماع من اجلها مالم تكن مرتبطة بها او متفرعة عنها.

المادة الخامسة عشر:

١- لايتم نصاب الهيئة العامة في الاجتماع مالم تحضر الاكثرية المطلقة لاعضاء النقابة واذا لم يتم النصاب تجتمع الهيئة العامة بعد خمسة عشر يوماً من الموعد المقرر في نفس الوقت والمكان المحددين ويعتبر النصاب حاصلاً بحضور ثلث الاعضاء وعندئذ تصدر القرارات باغلبية اصوات الحاضرين وعند تساوي الاصوات يرجح الجانب الذي صوت فيه النقيب.

٢- لايجوز للعضو الاشتراك في اجتماعات الهيئة العامة اذا كان محروماً من مزاولة المهنة.

المادة السادسة عشر:

الهيئة العامة اعلى سلطة في النقابة ولها الصلاحيات التالية:

١ـ انتخاب النقيب وثمانية اعضاء وعضوين للاحتياط لاشغال عضوية المجلس ولجنة الانضباط.

٢ـ تصديق التقرير المالي.

٣ـ مناقشة التقرير الاداري والشؤون الاخرى واتخاذ القرارات حولها.

٤ـ اقرار الاقتراحات بشأن تعديل القانون واقرار لوائح الانظمة وتعديلاتها.

المادة السابعة عشر:

يتألف مجلس النقابة من:

١ـ النقيب: ويشترط فيه ان يكون له ممارسة فعلية لاتقل عن سبع سنوات.

٢ـ اعضاء المجلس: ويشترط فيهم ان يكون لهم ممارسة فعلية لاتقل عن خمس سنوات.

٣ـ ينتخب المجلس بالاقتراع السري من بين اعضائه نائباً للنقيب وسكرتيراً ومسؤولاً للمالية وتحدد صلاحياتهم بالنظام الداخلي.

٤ـ يعقد المجلس جلساته الاعتيادية مرة واحدة في الشهر على الاقل كما يجوز له عقد جلسات غير اعتيادية بدعوة من النقيب او بطلب ثلث اعضائه.

المادة الثامنة عشر:

١ـ يتم النصاب في المجلس بحضور اكثرية الاعضاء وتصدر القرارات بأغلبية اصوات الحاضرين وعند تساويها يرجح الجانب الذي صوت فيه النقيب.

٢ـ اذا شغر مركز النقيب لاي سبب كان يحل محله نائبه او السكرتير في حالة شغور مركز النائب.

٣ـ يحل محل النقيب احد الاعضاء الاصليين بالاقتراع السري في حالة شغور مناصب النقيب ونائبه والسكرتير.

٤ـ على المجلس دعوة الهيئة العامة لاجتماع غير اعتيادي خلال مدة لاتزيد على شهرين لغرض انتخاب النقيب على ان لاتقل المدة المتبقية عن(٦)اشهر.

المادة التاسعة عشر:

يعتبر عضو المجلس مستقيلاً اذا تغيب عن حضور ثلاث جلسات متتالية او خمس جلسات متفرقة خلال السنة بدون عذر مشروع.

المادة العشرون:

لمجلس النقابة الاختصاصات التالية:

١- اعداد وتصديق الميزانية السنوية.
٢- العمل على تحقيق اهداف النقابة حسب ماجاء في المادة الثالثة من هذا القانون.
٣- تقديم المقترحات بشأن تعديل قانون النقابة وانظمتها الى الهيئة العامة.
٤- تنفيذ مقررات الهيئة العامة.
٥- تعيين مستخدمي النقابة وتحديد اجورهم.
٦- النظر في طلبات الانتماء واقرار قبول الاعضاء والمشاركين.
٧- اختيار من يمثل النقابة في اللجان الرسمية وغيرها في حالة عدم تمثيل النقيب لذلك.
٨- تقديم الاقتراحات لتعديل القوانين بالنسبة للمهن الاقتصادية.
٩- احالة القضايا والشكاوي التي ترد اليها الى اللجان المختصة.
١٠- تأسيس فروع للنقابة في المحافظات.
١١- تشكيل لجان فرعية لتحقيق اغراض النقابة.
١٢- البت في استقالة النقيب او اي من اعضاء النقابة ولجانها بشرط ان تعرض على اول اجتماع للهيئة العامة.
١٣- تعيين ممثلي النقابة في المحافظات والاقضية التي ليس لها فروع.
١٤- اختيار مراقب حسابات لاجراء التدقيق السنوي.
١٥- تنظيم الاوراق الانتخابية والوثائق الاخرى والاشراف على عملية الانتخاب.
١٦- اصدار التعليمات الموافقة لهذا القانون والانظمة الصادرة بموجبه لغرض تسهيل تطبيقها.
١٧- اقرار تملك الاموال والعقارات وقبول الهبات والمنح.
١٨- حق الاقراض والاقتراض وتقديم المساعدات المالية.
١٩- تأسيس وادارة نوادي الاقتصاديين وفقاً لقانون الجمعيات والانظمة الخاصة بها.

٢٠ـ تخويل بعض صلاحياته الى لجان الفروع وممثلي النقابة بالمحافظات والاقضية.

المادة الحادية والعشرون:

للنقيب الصلاحيات التالية:

١- يرأس اجتماعات الهيئة العامة ومجلس النقابة.

٢- تمثيل النقابة في كافة المعاملات لدى المراجع القضائية والهيئات الرسمية وشبه الرسمية والاهلية والمصادقة على المعاملات والوثائق الخاصة بالنقابة وله تخويل بعض صلاحياته الى احد اعضاء مجلس النقابة.

٣- تأييد ملائمة منتسبي النقابة لاغراض الكفالات.

المادة الثانية والعشرون:

تؤلف لجنة الانضباط من ثلاثة اعضاء اصليين وعضوين احتياط تنتخبهم الهيئة العامة.

المادة الثالثة والعشرون:

تطبق احكام قانون انضباط موظفي الدولة من قبل لجنة الانضباط.

المادة الرابعة والعشرون:

للجنة الانضباط اصدار اي من العقوبات التالية:

١ـ الفات النظر.

٢ـ الانذار.

٣ـ المنع من مزاولة المهنة لمدة ستة اشهر.

المادة الخامسة والعشرون:

قرارات لجنة الانضباط قابلة للطعن لدى محكمة تمييز الاقليم خلال مدة(١٥)خمسة عشر يوماً من تاريخ التبلغ بالقرار ويكون قرار المحكمة باتاً.

المادة السادسة والعشرون:

١ـ تدار شؤون فروع النقابة من قبل لجنة الفرع في المحافظة.

٢ـ تتألف لجنة الفرع من رئيس واربعة اعضاء منتخبين عن طريق الاقتراع السري وذلك مرة واحدة كل ثلاث سنوات، وتنتخب اللجنة من بين اعضائها نائباً للرئيس وسكرتيراً.

٣ـ تتبع في الاجتماعات العامة لاعضاء الفروع نفس الاجراءات الخاصة باجتماعات الهيئة العامة والمبينة في هذا القانون ولها صلاحية قبول استقالة رئيس لجنة الفرع واعضائها واقالتهم واحلال من يحل محلهم لمدة الدورة وكذلك ملء الشواغر في اللجنة لدى حدوثها.

المادة السابعة والعشرون:

للجنة الفرع الصلاحيات التالية:

١ـ تنفيذ مقررات الهيئة العامة ومجلس النقابة.

٢ـ تعيين مستخدمي الفرع وتحديد اجورهم.

٣ـ اختيار من يمثل الفرع في اللجان الرسمية.
٤ـ تقديم المقترحات والتوصيات الخاصة بامور الفرع الى المجلس لاتخاذ القرار بشأنها.
٥ـ صرف النفقات الضرورية لشؤون الفرع ضمن ميزانيته.
٦ـ تشكيل لجان فرعية لتحقيق اغراض النقابة.
٧ـ ممارسة الصلاحيات التي يخولها اياها مجلس النقابة بموجب هذا القانون.

المادة الثامنة والعشرون:

تتكون مالية النقابة من الموارد التالية:
١ـ بدلات الانتماء والاشتراكات السنوية.
٢ـ المنح المقدمة من الجهات الرسمية وغير الرسمية والتبرعات والهبات المقدمة من الاعضاء او غيرهم.
٣ـ ريع الحفلات المقامة لمنفعة النقابة.
٤ـ ارباح مطبوعات النقابة.
٥ـ ارباح المشاريع التي ترتأي النقابة تأسيسها او اقامتها.
٦ـ اجرة تأييد ملائمة منتسبي النقابة والاستشهادات التي يصدرها المجلس.

المادة التاسعة والعشرون:

على الدوائر الرسمية وشبه الرسمية تزويد النقابة بصورة من امر تعيين الاقتصاديين لديها.

المادة الثلاثون:

لايعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القانون.

المادة الحادية والثلاثون:

ينفذ هذا القانون أعتباراً من تأريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

د .روژ نوري شاويس
رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، ئەم پرۆژەیەش ئاراستەی لیژنەی کاروباری یاساو لیژنەی کاروباری دارایی و ئابووری دەکەین.
یەک پرۆژەمان ماوە تکایە بیخوێننەوە.

**بەڕێز شـــــێـــــروان نـاسح حـــــەیدەری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومـــــەن.**

ئێستا دەقی پرۆژەی ئابوری ناسانتان بۆ دەخوێنمەوە...

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــومـــــەن:**

ببورە ئەو پرۆژەیە خوێندنەوەی سەرەتایی کراوە، یاساکەش زۆر درێژە، بۆیە پێویست ناکات جارێکی تر هەمووی بخوێنیتەوە، تەنها رای لێژنەی خۆتان بخوێننەوە،

**بەڕێز شـــــێـــــروان نـاسح حـــــەیدەری:**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**بأسم الشعب**

**المجلس الوطني لكوردستان العراق**

**رقم القرار:**

**تاريخ القرار:**

**«قرار»**

استناداً الى احكام الفقرة الاولى من المادة السادسة والخمسين من القانون رقم(١)لسنة ١٩٩٢المعدل، وبناءاً على ماعرضه مجلس الوزراء، قرر المجلس الوطني بجلسته المنعقدة بتاريخ / / ٢٠٠٠ اصدار القانون الآتي:

**قانون نقابة الاقتصاديين لاقليم كوردستان العراق**

**المادة الاولى:**

يقصد بالعبارات التالية المعاني المبينة ازاءها:

الاقليم: اقليم كوردستان العراق.

النقابة: نقابة الاقتصاديين.

المجلس: مجلس النقابة

النقيب: نقيب الاقتصاديين.

الاقتصادي:(كل عضو في النقابة حاصل على شهادة لاتقل عن بكالوريوس في العلوم الاقتصادية معترف بها من مجلس التعليم العالي في كوردستان العراق.

ممارسة المهنة: ممارسة المهنة المعنية بموجب احكام مزاولة المهنة.

ئەوەی دەی خوێنمەوە رای لێژنەی یاسایە سەبارەت بە پرۆژەی یاسای سەندیکا:

**رأي وملاحظات ومقترحات اللجنة القانونية**

**على مشروع قانون نقابة الاقتصاديين لاقليم كوردستان العراق**

**الى/ السيد رئيس المجلس الوطني لكوردستان العراق المحترم**

**م/ رأي اللجنة**

كتابكم المرقم(ك١٥)في ١٦/٧/٢٠٠٠
بعد قيام لجنتنا بدراسة ومناقشة المشروع الخاص بنقابة الاقتصاديين لاقليم كوردستان العراق ايدت بالاجماع المشروع المقترح بعد اخذ الملاحظات والمقترحات المرفقة طياً بنظر الاعتبار، راجين التفضل بالاطلاع وعرض المقترحات على المجلس للمناقشة وابداء الرأي.

***مع التقدير***

**المادة الثانية:**

تقترح اللجنة اعادة صياغة الفقرة الثانية من المادة الثانية كالآتي:
تشكل هيئة تحضيرية من عدد لايقل عن(١٥)عضواً وبموافقة الجهات المختصة للاشراف على الانتخابات العامة للنقابة.

**المادة السادسة:**

المقترح جعل شهر شباط شهر كانون الثاني الوارد في الفقرة الثانية من هذه المادة.

**المادة الحادية عشرة:**

تقترح اللجنة اعادة صياغة الفقرة الاولى من هذه المادة والغاء الفقرة الثانية منها.
يفقد العضو صفة العضوية في الحالات التالية:
آ- الوفاة.
ب- الاستقالة.
ج- إنتفاء احد شروط العضوية فيه وبقرار من المجلس.

**المادة الثالثة عشرة:**

تقترح اللجنة اعادة صياغة الفقرة الاولى من هذه المادة وكالآتي:
١- تتألف الهيئة العامة من جميع اعضاء النقابة او المندوبين الذين اوفوا بالتزاماتهم بموجب هذا القانون وتعتبر اعلى سلطة فيها وتعقد في مركز النقابة إجتماعاً عاماً إعتيادياً كل ثلاث سنوات من تاريخ إجراء الانتخابات بقرار من المجلس ودعوة من النقيب لانتخاب النقيب وثمانية اعضاء وعضوين احتياط لاشغال عضوية المجلس ويتم النصاب بحضور اكثرية الاعضاء المسجلين او المندوبين وعند عدم اكتمال النصاب تجري الانتخابات بعد خمسة عشر يوماً من الاجتماع الاول في الوقت والمكان المحددين ويعتبر النصاب كاملاً بحضور ثلث الاعضاء او المندوبين وبعكسه يعتبر المجلس السابق مستمراً لدورة اخرى.

**المادة الرابعة عشرة:**

نقترح اعادة صياغة الفقرة الاولى من هذه المادة وكالآتي:
**١- يجوز دعوة الهيئة العامة لاجتماع غير الاعتيادي اذا إرتأى ثلث اعضاء الهيئة العامة او بقرار من المجلس يبين فيه الاسباب الموجبة لعقد الاجتماع وعلى المجلس عندئذ ان يصدر الدعوة حسب الاصول وان يعين موعد الاجتماع خلال مدة شهر من تاريخ تسجيل الطلب.**

**المادة السادسة عشرة:**

نقترح الغاء عبارة(لجنة الانضباط)الواردة في اخر الفقرة الاولى من المادة.

**المادة السابعة عشرة:**

نقترح رفع مدة الممارسة في الفقرتين الاولى والثانية وكالآتي:

الفقرة الاولى: جعل مدة الممارسة بالنسبة للنقيب(١٠)عشر سنوات بدلاً من(٧)سبع سنوات الواردة في المشروع.

الفقرة الثانية: جعل مدة الممارسة بالنسبة لاعضاء المجلس (٧)سبع سنوات بدلاً من(٥)خمس سنوات الواردة في المشروع.

**المادة الثامنة عشرة:**

تقترح اللجنة اعادة صياغة الفقرة الثانية من هذه المادة وكالآتي:

(٢-اذا شغر مركز النقيب لأي سبب كان يحل محله نائبه او السكرتير اذا كان مركز النائب شاغراً على ان لاتقل المدة المتبقية للدورة عن سنة كاملة).

تقترح اللجنة اعادة صياغة الفقرة الثالثة من هذه المادة وكالآتي:

(٣- اذا شغرت مناصب اكثرية اعضاء المجلس فعلى المجلس دعوة الهيئة العامة للاجتماع لإنتخاب من يملؤها وبنفس الطريقة المبينة في هذا القانون على ان لاتقل المدة المتبقية للدورة عن سنة كاملة.

وبالنسبة للفقرة الرابعة من هذه المادة فتوصي اللجنة بإلغائها.

**المادة العشرون:**

توصي اللجنة بالغاء الفقرة(١٣)الثالثة عشرة من هذه المادة واعادة صياغة الفقرة عشرون من هذه المادة وكالآتي:

( ٢٠- تخويل بعض من صلاحياته الى فروع النقابة في المحافظات).

**المادة الحادية والعشرون:**

في الفقرة الثالثة من هذه المادة- تبديل كلمة(ملائمة)الى(ملاءة).

**المادة الثانية والعشرون:**

تقترح اللجنة اعادة صياغة هذه المادة وكالاتي:

تؤلف لجنة الانضباط من ثلاثة اعضاء اصليين وعضوين احتياط ينتخبهم مجلس النقابة.

**المادة الثالثة والعشرون:**

توصي اللجنة بالغاء هذه المادة لورود العقوبات التي تصدرها لجنة الانضباط في المادة الرابعة والعشرين.

**المادة الخامسة والعشرون:**

**تقترح اللجنة جعل مدة الطعن الواردة في هذه المادة من(١٥)يوماً الى(٣٠)يوماً.**

**المادة السادسة والعشرون:**

تقترح اللجنة اعادة صياغة الفقرة الثانية من هذه المادة وكالآتي:

(٢- تتألف لجنة الفرع من رئيس وعضوين اصليين وعضوين احتياط عن طريق الاقتراع السري وذلك مرة واحدة كل ثلاث سنوات).

تقترح اللجنة وتوصي بالغاء الفقرة(٣)الثالثة من هذه المادة.

**المادة الحادية والثلاثون:**

توصي اللجنة بتغيير(تاريخ الصدور)بتاريخ النشر الوارد في هذه المادة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، تەواو؟ لێژنەی دارایی فەرمون.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

نووسراوتان ژمارە (ک١٥) لە ٢٠٠٠/٧/١٦ لێژنەکەمان لە ڕۆژی یەک شەمە ٢٠٠٠/٩/١٧کۆبۆوە بۆ شروڤە کردنی ئەو پرۆژەیە ئەوەش رایەکانمانە:

١- اخذ رأي رئاسة مجلس الوزراء واقتراحاتهم بشأن هذا المشروع حيث هي الجهة المنفذة حتى يكون مشروع القانون متكاملاً.

٢- المادة الاولى: تعريف(ممارسة المهنة)غير واضح ومن الضروري ان يكون تعريف المهنة محدداً. ونقترح ان يكون كالآتي(في العمل في الاختصاصات الاقتصادية من ممارسة فعلية في مشاريعها ومكاتبها وتطوير الاقتصاد وتنميتها وإبداء الدراسات والمشورة والبحوث في كافة جوانبها او مايتعلق بها).

٣- المادة الثانية: فقرة(٣)وردت (الجهة المختصة)ومن المفروض ان تحدد الجهة المختصة وهي (وزارة المالية والاقتصاد)لذا نجد من الضروري إحلال عبارة (وزارة المالية والاقتصاد)بدلاً من (الجهة المختصة).

٤- المادة السابعة: حذف الفقرة(١)(حيث لاتتفق مع مبادىء التجارة الحرة وسياسة الاقتصاد المفتوح).

٥- المادة السادسة عشرة: فقرة(٢)ان تكون(تصديق الميزانية والحسابات الختامية والتقرير المالي)، بدلاً من (تصديق التقرير المالي).

٦- المادة العشرون: حذف الفقرة(١)(إعداد وتصديق الميزانية السنوية). حيث هي من اختصاصات الهيئة العامة في كافة النقابات).

٧- إضافة مادة جديدة قبل المادة الاخيرة تنص بمايلي(على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القانون)، هذا ولكم الامر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەزیری دارایی هیچ تێبینیتان نییە؟

**بەڕێز سەرکیس ئاغا جان / وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بوونی سەندیکای ئابووری ناسان زۆر بە پێویست دەزانین، ئێمە پشتگیری لە زۆربەی رایەکانی لێژنەی یاسا و لێژنەی دارایی پەرلەمان دەکەین، لە هەر شوێنێک تێبینیمان هەبوو دەیخەینە روو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا با مادده بە مادده بیخوێننەوە، بە ماددەی یەکەم دەست پێبکەن.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الاولى:

يقصد بالعبارات التالية المعاني المبينة ازاءها:

الاقليم: اقليم كوردستان العراق.

النقابة: نقابة الاقتصاديين.

المجلس: مجلس النقابة

النقيب: نقيب الاقتصاديين.

الاقتصادي: كل عضو في النقابة حاصل على شهادة لاتقل عن بكالوريوس في العلوم الاقتصادية معترف بها من مجلس التعليم العالي في كوردستان العراق.

ممارسة المهنة: ممارسة المهنة المعنية بموجب احكام مزاولة المهنة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێژنەی دارایی تێبینیتان هەیە؟.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها تێبینیمان لەسەر (ممارسة المهنة) هەیە، لەبەر ئەوەی روون نییە و پێویستە پێناسە دیار بێت و پێشنیار دەکەین بەم شێوەیە بێت ( العمل في الاختصاصات الاقتصادية من ممارسة فعلية في مشاريعها ومكاتبها وتطوير الاقتصاد وتنميتها وإبداء الدراسات والمشورة والبحوث في كافة جوانبها او مايتعلق بها).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێژنەی یاسایی راتان چیە؟.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێژنەکەمان هیچ تێبینی نییە لەسەر ماددەی یەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە دەستیان بەرز بکەنەوە تاکو ناو نووسیان بکەین، کاک د. ئیدریس هادی.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها تێبینیەکم لەسەر بڕوانامەکە هەیە دەڵێ (لاتقل عن بکالوریوس في العلوم الاقتصادية معترف بها)پێم باشە (او مايعادلها )ی بۆ زیاد بکرێ. چونکە زۆر جار ئەو کەسانەی لە دەرەوەی هەرێم دەخوێنن، پەیمانگا هەیە پێنج ساڵ خوێندنیەتی، دێن لێرە بڕوانامەکەیان تەعادول دەکەن بە بەکالوریوس، بۆیە کە وەریان دەگرین گرفت ڕوودەدات، بۆیە ئەگەر (مايعادلها ) ی تێدابێ باشترە و ئەو ئیشکالاتانەی تێدا نامێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئەمین فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیەکەم لەسەر پێناسەی ئابووری ناسانە، لەپێناسەکەدا دەڵێ(کل عضو في النقابة حاصل على شهادة لاتقل عن بکالوریوس في العلوم الاقتصادية) مانای ئەوەیە ئەوەی ئەندام نەبوو ئابووری ناس نییە؟ لەوانەیە ئەندام نییە و ئابووری ناسە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان تێبینی بەڕێز د. ئیدریسم هەبوو چونکە لە ئەندامیەتیش هاتووە(حاصل على شهادة لاتقل عن بکالوریوس في العلوم الاقتصادية او مايعادلها) بۆیە زیاد کردنی (او مايعادلها) بەلامەوە شتێکی پێویستە ، دووەمیش دەڵێ لە پێناسەی ئابووری ناساندا هاتوە ( فی کوردستان العراق، لەپێشدا ئێمە پێناسەی هەرێم دەکەین ، لەپێشاندا دەڵێین پێناسەکان مەبەستیان ماناکانی بەرامبەریانە ، دەبێ ئێمە بە دەستەواژەکان اکتفا بکەین ، لەبەر ئەوەی بۆ کورت کردنەوەیە، کەچی لەو یاسایە لە زۆر شوێن (مجلس النقابە) هاتووە حەق وابوو ( المجلس) بەکار بێت، یان (نقیب الاقتصادیین) بەکار هاتووە دەکرا( نقیب) بەتەنها بەکار بهاتبا، لە کوێ (کوردستانی عێراق) بەکار بێ هەقە هەرێم بەکار بێت ،لەبەر ئەوەی پێناسەکان بۆ کورت کردنەوەیە، ئەگەر ئەوە ڕەچاو نەکەین واتا ماددەی یەکەم کەڵکی نامێنێ،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس . کاک جەلال فەرموو.

**بەڕێز جەلال سەلیم خۆشناو:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش تێبینیم هەر لەسەر پێناسەی ئابووری ناسانە، هاتوە دەڵێ(كل عضو في النقابة حاصل على شهادة لاتقل عن بكالوريوس في العلوم الاقتصادية معترف بها من مجلس التعليم العالي) ئەنجومەنی خوێندنی بالا بکرێتە لیژنەی تەعادلی بروانامەکان لەبەر ئەوەی لیژنەی تەعادلی شەهادات کە سەر بە ئەنجومەنی خوێندنی بالایە تصدیقی دەکات ، بە رای من لیژنەی تەعادلی بروانامە راست ترە، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سیروان کاکەیی فەرموو.

**بەڕێز سەرتیب حوسێن کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من کاک د. ئیدریس کردنی ، پشگیری لە قسەکانی دەکەم ،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک رەجەب فەرموو.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب :**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆ چونی منیش وەکو بۆچونی کاک د. ئیدریسە ، لەبەر ئەوەی رۆڵەکانمان بۆ گەڵێک شوێنی دونیا ئاوارە بوون، لەوانەیە لە شوێنێک پەیمانگایەک هەبێ بروانامەکەی هاوشێوەی بەکالۆریوسی ئێمە بێت، ئەوە یەک. دووەم ئەگەر وەزارەتی دارایی لە یاساکە هەبێ پێویستە لە پێناسەکانیش هەبێ بەم شێوەیە:(الوزارة : وزارة المالية و الاقتصاد ) ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە دەبێ پێناسەی ئەو وشانە بکەین کە لە مەتنی یاساکەدا هاتووە، نابێ بۆ یاسایەکی هاوشێوە بگەرێین، کە سەیری مەتنی پرۆژەکەم کرد(مزاولة المهنة) هاتووە نەک (ممارسة المهنة) چوار جار (مزاولة المهنة) هاتووە، بۆیە دەبێ پێناسەی (مزاولة المهنة)نەک (ممارسة المهنة) لە پێناسەی یاساکانی تریش هاتووە، چۆن دەبێ پێناسەی شتێ بکرێ کە لە یاساکەدا نەهاتووە لە کاتێ (مزاولة المهنة)چوار جار هاتووە،ئەوە یەک. تێبینی دووەمم لە زنجیرەی یاساکانی تر دەستەی

گشتیشمان له پێناسەکاندا دادەنا نازانم بۆچی لێرە دەستەی گشتی تێدا نییە؟ هەرێمە، دوای ئەو سەندیکایە، دواتر دەستەی گشتی دێ ئینجا ئەنجومەن و ئینجا نەقیبە،دەستەی گشتی لە یاساکەدا هاتووە ،وەکو ئەوانی تر ((كل عضو في النقابة حاصل على شهادة لاتقل عن بكالوريوس في العلوم الاقتصادية معترف بها من مجلس التعليم العالي)) ناوی کلیە هاتووە با لێرەش بڵێین ( من كلية الادارة والاقتصاد)یان ( جامعة معترف بها من قبل مجلس التعليم العالي في الاقليم)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک بورهان جاف فەرموو.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

زۆر سوپاس قسەکانم کاک ئیدریس کردی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک د. رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینی من تەنها لەسەر زیاد کردنی (الهيئة العامة)ە بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێژنەی یاسایی وەڵامتان چییە؟، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە تێبینی بەڕێزان د. ئیدریس و مەلا تاهیر وبرادەران لە بارەی زیاد کردنی (او مايعادلها)ئێمەش لاریمان نییە ئەوە زیاد بکرێ بۆ سەر پێناسەی ئابووری ناس لەبەر ئەوەی (مايعادلها ) لێرە نەهاتووە و ئەگەر زیادیش کرا دەبێ دوای (العلوم الاقتصادية)زیاد بکرێ. سەبارەت بە تێبینیەکانی مامۆستا مەلا تاهیر ئێمە ماددە ماددە پێدا دەرۆین لە هەرشوێنێ کەم وکوڕی تێدابێ چارەی دەکەین، ئەوەی کاک (ئەمین)یش الاقتصادي:(كل عضو في النقابة حاصل على شهادة لاتقل عن بكالوريوس في العلوم الاقتصادية معترف بها من مجلس التعليم العالي في كوردستان العراق.)وابزانم پێناسەکە روونە ئەوەی بەکالوریوسی هەبێ لە زانستی ئابووری ئەوە دەبێتە ئەندام.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**مەبەستتان ئەو ئابووری ناسیە کە لە یاساکەدا هاتووە، واتا تەنها ئەندامی سەندیکا دەگرێتەوە؟ هیچ تێبینی تر هەیە؟ کاک جەمیل فەرموو.**

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو وەڵامانەی کاک شێروان دایەوە زۆر مەعقول بوون کە (مایعادلها) گرفت نییە. بەلام ئەوەی مەعقول نیە ئەوەی کاک ئیبراهیم کە دەڵێ (کلیة الادارة و الاقتصاد)، چونکە لە زۆر جێگا هەیە تەنانەت لە عێراقیش ناوی (ادارة و اقتصاد) نییە ، ناوی (کلیة الاقتصاد)، یان لە زۆر جێگاش هەیە ناوی (کلیة الادارة والعلوم السیاسیة)یە،بۆیە ناوی کلیە پێویست نییە بنووسرێ، تەنها بگوترێ( بکالوریس في العلوم الاقتصادیة او مایعادلها)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من پرسیارێکم هەیە ئەگەر لیژنەی یاسا وڵامم بدەنەوە((کل عضو في النقابة حاصل علی شهادة لاتقل عن بکالوریوس في العلوم الاقتصادیة معترف بها من مجلس التعلیم العالي في کوردستان العراق.)ئەوە مایعادلها نییە؟.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە معادلە دەگرێتەوە، بەڵام ئەگەر زیاد بکرێ هیچ زەرەری نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک د. ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راستە کە راستاندن لەلایەن ئەنجومەنی خوێندنی باڵاوە دەبێ، بەڵام لەبەر ئەوەی لیژنەی تەعادلی بروانامە هەیە هەروەک جەنابیشتان شارەزایتان هەیە لە دنیادا پەیمانگاکان هەندێکی دوو ساڵە و هەندێکی سێ ساڵە،بۆیە ئەوە گرفت دروست دەکات، من خۆم چەند جار توشی ئەو گرفتە بووم لە سەندیکاکان ، دەڵێن ئەوە تعادلی شەهادەکەی نییە، واتا ئەگەر ئەو وشەیەی تێدابێ زۆر ئەشکالات چارە دەکات، بۆیە من دووپاتی دەکەمەوە کە پێویستە هەبێ ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من خۆم لەو ماوەیەی دوایدا تصدیقی بروانامەم کردوە بۆیە ولامت دەدەمەوە،کە بروانامەی زانکۆکانی دەرەوە تەعادل دەکرێ لەگەڵ بەکالوریوس، ماستەر، دکتورا، ئەنجومەنی خوێندنی باڵا بروای پێهێنا لە ولاتی ئێمە ئەوە دەخوا، ئەمە تەعادل دەگرێتەوە، کە وتی بەکالوریوسە واتا بەکالوریوسە، حساباتی تایبەتی خۆی هەیە و دەبڕێتەوە جارێکی تر مایعادلها ناگرێتەوە هەر بەکالوریوسە، بەڵێ فەرمو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمرۆ ئەنجومەنی خوێندنی بالآ هەیە، لە دوا ڕۆژدا دەبێتە وەزارەت، بە ڕای من وشەی خوێندنی بالآی هەر تێدا نەبێت باشترە، ئێمە ئەو یاسایە تەنها بۆ ئێستا دانانێین بۆ مەودایەکی دوور دای دەنێین، ئێستا خوێندنی بالآیە بەیانی بڕیارێک دەرکرا بوو بە وەزارەت ئەو کاتە دیسان دەبێ بێین هەمواری کەینەوە، بۆیە بە ڕای من معادەلەکە دابنێین باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

((کل عضو في النقابة حاصل على شهادة لاتقل عن بکالوریوس في العلوم الاقتصادیة او مایعادلها)بۆ کورت کردنەوە ئەوەی تر لابرێ، کە گوتت او مایعادلها ئەوەی دوایی نامێنێت کورت تر دەبێتەوە،

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕێنمایی ژمارە (١) هەیە لە ساڵی ١٩٧٣ لە وەقائعی عێراقی بلاو کراوەتەوە، کە لە یاسای خوێندنی بالآ و تۆژینەوەی زانستی ژمارە (١٣٢)ی ساڵی ١٩٧٠ بڕگەی ٧ مادە ١٠ لە یەک لە دەسەلآت و ئەرکەکانی ئەنجومەنی خوێندنی بالآدا هەیە (معادلة الدرجات والشهادات العلمیة الصادرة عن المؤسسات الجامعیة او العلمیة العالیة العربیة او الاجنبیة مع ما یماثلها علمیا في الجمهوریة العراقیة وذلك على ضوء وفي حدود الاسس التي اقرها مجلس التعلیم العالي و البحث العلمي) ئەوە بۆ ڕوون کردنەوەیە، کە وشەی او مایعادلها زیاد بکرێ فعلا دەسەلاتیش لە ئەنجومەنی خوێندنی بالآ دیاری کراوە ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر وەکو کاک فەرەنسۆ گوتی(معترف من قبل مجلس ...) لابدرێ ، وەکو سەندیکاکانی تر ، لە سەندیکاکانی تر نییە، بکرێتە مایعادلها، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاك سیروان كاكەیی فەرموو.

**بەڕێز سەرتیب حوسێن كاكەیی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش پێم باشە (او مایعادلها)ی بخرێتە سەر،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسایی هیچ كێشەیەكی تێدا دەبینن؟.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هیچ گرفتی تێدا نییە، تەنانەت ئەگەر معترف بها من قبل مجلس التعليم العالی...)یش لابدرێ ئەوەش هەر گرفتی تێدا نییە، لە زۆربەی سەندیكاكانی تریش وامان كردوە، لەبەر ئەوەی ئەو لایەنەی كە تەعادولی بڕوانامە دەكات ئەوە دیارە كە كێ ئەو كارە دەكات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز وەزیری دارایی فەرموو.

**بەڕێز سەركیس ئاغاجان/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بمێنێ و نەمێنێ گرفتی تێدا نییە، ئەگەر (مایعادلها)بێ ئەوە ئەنجومەن لابدرێ، ئەگەر ئەو نەبوو ئەوە با ئەنجومەنەكە بمێنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دوایین داڕشتنمان بۆ بخوێننەوە؟.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

الاقتصادي:(كل عضو في النقابة حاصل على شهادة لاتقل عن بكالوريوس في العلوم الاقتصادية او مايعادلها)

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكایە ماددەكە هەمووی بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الاولى:

يقصد بالعبارات التالية المعاني المبينة ازاءها:

الاقليم: اقليم كوردستان العراق.

النقابة: نقابة الاقتصاديين.

المجلس: مجلس النقابة

النقيب: نقيب الاقتصاديين.

الاقتصادي:(كل عضو في النقابة حاصل على شهادة لاتقل عن بكالوريوس في العلوم الاقتصادية او مايعادلها

ممارسة المهنة: ممارسة المهنة المعنية بموجب احكام مزاولة المهنة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو ممارەسەیە ناكەن بە مزاولە وەكو یاساكانی تر؟.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هیچ لاریمان نییە؟.. لە هەندێكی وا هاتووە لە هەندێكی تر (مزاولة المهنة) هاتووە، ئەگەر بكرێتە (مزاولة المهنة)ش لاریمان نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وەكو دیارە لە مەتنی یاساكە (مزاولة المهنة) هاتووە، دووبارە سیغەی (مزاولة المهنة) بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

ممارسة المهنة المعنية بموجب احكام مزاولة المهنة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كەواتە ماددەی یەكەم دەخەینە دەنگدانەوە. تكا لەو بەڕێزانە دەكەم كە ماددەی یەكەم پەسند دەكەن بەو شێوەیەی كە خوێندرایەوە دەستیان بەرز بكەنەوە.. سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناكەن تكایە دەستیان بەرز بكەنەوە؟.. بە گشتی دەنگ وەرگیرا.

لیژنەی یاسا فەرموون.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**الفصل الاول**

**«التأسيس والاهداف»**

**التأسيس**

**المادة الثانية:**

١- تؤسس بموجب هذا القانون نقابة باسم نقابة الاقتصاديين في الاقليم تتمتع بالشخصية المعنوية ولها استقلال مالي واداري ويكون مقرها في اربيل عاصمة الاقليم ولها ان تفتح فروعاً في مراكز محافظات الاقليم.

٢- تشكل النقابة بناءاً على طلب يقدمه مالايقل عن (١٥) خمسة عشر عضواً مارسوا المهنة مدة لاتقل عن سبع سنوات الى الجهة المختصة وتعتبر هيئة تحضيرية لادارة اعمال النقابة لحين اجراء الانتخابات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا هیچ تێبینیتان هەیە؟.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیاری لیژنەی یاسا لەسەر مادده (٢) ئەوەیە:

**المادة الثانية:**

تقترح اللجنة اعادة صياغة الفقرة الثانية من المادة الثانية كالآتي:

تشكل هيئة تحضيرية من عدد لايقل عن(١٥)عضواً وبموافقة الجهات المختصة للاشراف على الانتخابات العامة للنقابة.

ئەوە رای لیژنەی یاسایە سەبارەت بە بڕگە (٢)ی ماددەکە چونکە لە زۆربەی زۆری یاسای سەندیکاکان ئەوە هاتووە و پەسندیش کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی تێبینیتان هەیە؟.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی دارایی و ئابووری لایەنی پەیوەندیدار ببێتە (وزارة المالية والاقتصاد)، چونکە ئەو وەزارەتی پەیوەندیدارە بە کاروباری ئابووری لە هەرێمی کوردستان، هەتا لە یاساکانی عێراقی بۆ ئەندازیارانی کشتوکاڵی وەزارەتی کشتوکاڵە، بۆ ئەندازیاران وەزارەتی پلان دانانە (تخطيط)، لەبەرئەوە بەرای ئێمە لایەنی پەیوەندیدار ببێتە وەزارەتی دارایی و ئابووری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک محەمەد حەسەن باڵەتە فەرمو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لایەنی پەیوەندیدار بە گوێرەی یاسای کۆمەڵەکان وەزارەتی ناوخۆیە، ئەو مۆڵەت بە دەستەی ئامادەکار دەدات ئەو سەرپەرشتی لەسەر هەڵبژاردن دەکات وەزارەتی دارایی پەیوەندی بە لیژنەی ئامادەکار نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە بۆئەوەی ناونووس بکرێن.

بەڕێز کاک جەمیل فەرمو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەگەڵ ڕێزم بۆ سەرۆکی لیژنەی یاسا، یاسای کۆمەڵەکان یاسایەکی گشتییە سەندیکای ئابووری ناسان یاسایەکی تایبەتە و، بەپێی مەبدەئی گشتی یاسا (الخاص یقید العام)، ئەو مەبدەئە زۆر جار بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە لەسەر سەکۆ باسی کردووە پابەندیشە پێی، لەبەرئەوە رای ئێمە هەر ئەوەیە کە لایەنی پەیوەندیدار وەزارەتی دارایی و ئابووری بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سەعید یەعقوبی فەرمو.

**بەڕێز محەمەد ئەحمەد سەعید یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لایەنی پەیوەندیدار وەزارەتی ناوخۆیە، چونکە لە مادده (٧)ی یاسای کۆمەڵەکان ژمارە (١٨)ی ساڵی ١٩٩٣ هاتووە: یشترط لتأسیس الجمعیة تقدیم طلب الی وزیر الداخلیة موقع علیه من قبل أعضاء مؤسسین لا یقل عددهم عن (١٥) عضواً ... الخ. لێرە لایەنی پەیوەندیدار دیارە وەزارەتی ناوخۆیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەش ئیشکالێکی تێدایە دوایی گفتوگۆی دەکەین. مامۆستا مەلا هادی فەرمو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەلایەنی پەیوەندیدار کاک سەعید فەرمووی پەیوەندی بە وەزارەتی ناوخۆوە هەیە ماددەی (٢) بڕگەی (٢) کە دەڵێ: تشکل نقابة علی طلب یقدمه ما لا یقل عن (١٥) عضواً مارسوا المهنة مدة لا تقل عن (٧) سنوات.

من پێشنیارەکەی لیژنەی یاسا پەسند دەکەم بە ئیزافەی شتێکی زیاتر: تشکل هیئة تحضیریة من عدد لا یقل عن (١٥) عضواً وبموافقة الجهات المختصة للاشراف علی سیر الانتخابات العامة للنقابة، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئەمین مەلود فەرمو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من تێبینیم لەسەر بڕگەی (٢) هەیە: تشکل النقابة بناءاً علی طلب یقدمه ما لا یقل عن (١٥) عضواً. ئێمە هێشتا سەندیکامان دروست نەکردووە (١٥) ئەندامان لە کوێ بوو؟.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کە یاساکە دەرچوو واتە سەندیکا دروست بوو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵام ئێمە لێرە هێشتا یاساکەمان دەرنەکردووە دەڵێت (ئەندام).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یاسا دروست دەبێت، مامۆستا مەلا تاهیر فەرمو.

**بەڕێز مەلا تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر برگە (١) تێبینیم هەیە (تتمتع بالشخصیە المعنویە ولها استقلال مالی واداری)، ولها استقلال مالی واداری خۆی بەیان و روون کردنەوەیە بۆ شخصیەی معنوی لەبەرئەوە (واو)ی پێویست نییە بکرێتە (لها استقلال مالی واداری)ئەگەر لەگەڵیدا بێت، ئەوە لە برگە (١) لە برگە (٢) خوێندنەوەی لیژنەی یاسام زۆر پێ باشە، بەڵام بۆچی (مارسوا المهنە مدە لا تقل)ی لەگەڵدا نییە؟.هەقە ئەو ئەندامانەی کەوا هەیئەن تشکیل نقابە دەکەن مارسوا المهنەی تێدا بێت ئینجا چەند ساڵ دادەنرێت ئەوە بۆ لیژنەی یاسا و پەرلەمانی بەرێز دەگەرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، واوەکە لابدەن پێویستی بە وەلامدانەوە نابێت، بەرێز ئیبراهیم سەعید فەرمو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە کە یاسایەک تەشریع دەکەین بۆئەوەیە کە ماوەیەکی زووی هەبێت بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێت ئینجا لێرە زۆر پێویستە کە ماوەی دیاریکراو بۆ سازدانی هەڵبژاردنەکان دابنرێت بۆئەوەی ببێتە شتێکی پابەند (ملزم) بۆ ئەو لیژنە تحضیرییە خۆی ئامادە بکات بۆ ماوەیەک و هەڵبژاردن بکات، لە زۆر سەندیکاش هاتووە کە دەڵێت (خلال مدة لا تزید عن بۆ نموونە (٦) مانگ من تاریخ قبول الطلب) ئەوە یەکێکیان. دووەم هەموومان لەگەڵ ئەوەینە کە سەندیکاکان زیاد بکەین چونکە کۆمەڵگای مەدەنی لە رێگای سەندیکاکانەوە دەبێت لێرە ئەو (١٥) کەسەی کە داوا پێشکەش دەکەن وابزانم پێویست ناکات کە (٧) ساڵ خزمەتیان هەبێت ئەوانە تەنیا داواکارییەک پێش دەکەن بەبێ ساڵانی خزمەت بێت، تەنیا ئەوانەی کە داواکارییەکە پێشکەش دەکەن لە زۆر سەندیکای تریش هاتووە کەوا پێویست بەو ماوەیە ناکات ئامانجی ئێمەش سەندیکایە لێرە لیژنەی ئامادەکارە ئەنجومەنی سەندیکا نییە، ئەو ئەندامانەی کە پێشکەشی دەکەن (مدة لا تقل عن سبع سنوات) پێویست ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک فرەنسۆ فەرمو.

**بەڕێز فەرنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ پێشنیارەکەم، بەڵام ئەگەر لیژنەی یاسا پشتگیریم بکات زیادەیەکم هەیە، پێکهێنانی (هیئە تحضیریە) بۆ ئامادەکردن و سەرپەرشتی کردنە نەک هەر سەرپەرشتی کردن (هیئەی تحضیری) بۆئەوەیە بۆ کۆنگرە ئامادەکاری بکات ئینجا ماددەکە بکرێتە (ئامادەو سەرپەرشتی کردن)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی داڕشتنەکەی خۆتان چۆنە؟. ئەگەر زەحمەت نەبێ جارێکی تر بیخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

داڕشتنەکە بەو شێوەیەیە: تشکل هیئة تحضیریة من عدد لا یقل عن (١٥) عضواً وبموافقة الجهات المختصة للاشراف علی الانتخابات العامة للنقابة.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو لیژنە تحضیرییە کە پێک دێت تەنیا ئەرکی ئەوە نییە ئەو رۆژە لەناو هۆڵەکە سەرپەرشتی لەسەر هەڵبژاردن بکات، بەڵکو ئەرکی ئەوەیە ئامادەکاری بکات بۆ کۆبوونەوە رۆژی کۆبوونەوە دیار بکات بانگی ئەندامانی کۆنگرە بکات، باج ئامادە بکات بۆئەوانەی دێنە ژووری و باجیان نییە، تەنیا لەناو هۆڵ سەرپەرشتی ناکات، دەبێت ئەرکی تری هەبێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو مەبەستی سەرپەرشتی کردنی ناو هۆڵ نییە، سەرپەرشتی ناو هۆڵ عادەتەن دەستەی سەرۆکایەتی کۆنگرە دەیکات بەڵام تێبینییەکەی جەنابیشت راستە دەبێت بکرێتە (الاعداد للمؤتر والاشراف علی الانتخابات) هی ناو کۆنگرە نا بەڵکو هی پێش کۆنگرە، ئەگەر ئەم وشەیەی تێدا بێت لەوانەیە باشتر بێت. لیژنەی یاسا فەرموون وەڵامی پرسیارەکان بدەنەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە گوێرەی مادده (٢) و بەپێی ئەم یاسایە ئەو سەندیکایە دادەمەزرێت چونکە دەڵێت (تؤسس بموجب احکام هذا القانون) کەواتە بە گوێرەی بڕگە (١)ی مادده (٢) ئەو سەندیکایە بە حوکمی یاسا دامەزراوە (مؤسس)ە، ئەوەی بڕگە (٢) کە دەڵێت تشکل ئەوە هەندێ ئیجرائاتی

تەمهیدییە بۆئەوەی هەڵبژاردنەکە بکرێت، کە هەڵبژاردن کرا بڕگە (٢) هیچ مەفعولێکی نامێنێت هەتا لە دوارۆژیش، چونکە بڕگەکە دەبێتە شتێکی کاتی.

سەبارەت بە تێبینی مامۆستا مەلا تاهیر کە دەڵێت ٧ ساڵەکە لەغو کرایە و شخصیە مەعنەوییە (لها استقلال مالي واداري). بۆ (٧) ساڵەکە لە هەموو سەندیکاکان لامان بردووە، چونکە ئەوە چ مەرجێکی پێ ناوێت هەر وەکو گوتمان بۆ ئامادەکردنی هەڵبژاردنە مەرج نییە ئەوەندە ساڵە خزمەتی هەبێت یان نا ئێمە بە پەسندمان نەزانی ساڵی بۆ دابنێین. سەبارەت بە (شخصیة معنویة) ئەگەر (استقلال مالي و اداري) دابنرێت یان دانەنرێت چ گرفتی تێدا نییە، چونکە کە گوترا (شخصیة معنویة) مانای وایە (استقلال مالي واداري) خۆی هەیە، ئەوە لە یاساکان بەشێوەیەکی رێکوپێک روونکراوەتەوە.

سەبارەت بە تێبینی کاک ئیبراهیم سەعید کە دەڵێت ماوەیەکی دیاریکراو بۆ هەڵبژاردن دابنرێت، هیچ لاریمان نییە لە حوکمەکانی کۆتایی ماددەیەکی وا دێنینە خوارەوە ماوەیەکی دیاری کراوی بۆ دابنێین، هەروەکو لە سەندیکاکانی تر دامانناوە.

سەبارەت بە تێبینی کاک فرەنسۆ، وشەی (اعداد) ئەگەر بخەینە ناو بڕگە (٢)ی ماددەکە وابزانم هیچ ئیشکالی تێدا نامێنێت و بەو شێوەیە دەبێت: (تشکل هیئة تحضیریة من عدد لا یقل عن ١٥ عضواً بموافقة الجهات المختصة للاعداد والاشراف علی الانتخابات العامة للنقابة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوانەی تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە جارێکی تر ناویان دەنووسین.

لیژنەی یاسا وا چاکە مەسەلەی لایەنی پەیوەندیدار (الجهة المختصة) روون بکەنەوە، چونکە ئەم سەندیکایانە هەموویان بە یاسایەکی تایبەتی دادەمەزرێنین، یاسای کۆمەڵەکان ئەو کۆمەڵانە دەگرێتەوە کە یاسای تایبەتی خۆیان نییە، لەبەرئەوە جائزە لایەنی پەیوەندیدار سەبارەت بە سەندیکای ئابووریناسان وەزارەتی دارایی یان ئەنجومەنی وەزیران بێت، جائزە سەبارەت بە سەندیکای ئەندازیاران وەزارەتی ئەشغال یان ئاوەدان کردنەوە بێت ئەمانە جائزن، چونکە یاسای تایبەتییان هەیە. بەڕێز شێخ جەعفەر فەرمو.

**بەڕێز جەعفەر شێخ عەلی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وای بەباش دەزانم ماددەکە بەم شێوەیە دابڕێژرێت: تشکل النقابة بناءاً علی طلبٍ یقدمه ما لا یقل عن (١٥) اقتصادیاً مارسوا المهنة مدة لا تقل عن (٥) سنوات الی وزارة المالیة والاقتصاد وتعتبر هیئة تحضیریة لادارة اعمال النقابة لحین اجراء الانتخابات علی ان لا تتجاوز المدة ثلاثة اشهر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فرەنسۆ فەرمو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من دوو خاڵم هەیە، یەکەم لایەنی پەیوەندیدار وەزارەتی دارایی و ئابووری یە یاخود ناوخۆیە بۆ هەموو کۆبوونەوەیەک مۆڵەت لە وەزارەتی ناوخۆ وەردەگیرێت هەتا ئەگەر سەر بە هەر وەزارەتێک بێت بۆ ئەوەی حمیایەی بۆ دابین بکات. ئەوە یەک.

دوو، من پێموایە ئەو پێشنیارەی برادەرانی لیژنەی یاسا کردوویانە ئەوە کە چەسپا پێموایە ماددەی دووەم پێویست بە مانەوەی نییە، ئەو پازدە کەسە کە هیئەی تحضیرین دەچن مۆڵەت وەردەگرن پێموایە ماددەی دوو کەواتە زیاد دەبێت، با برادەران دیراسەتی بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک ڕەجەب شەعبان فەرمو.

**بەڕێز ڕەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەروەکو لیژنەی یاسا گوتیان لاعداد، بەڵام من زیادەیەکم هەیە (لاعداد وادارة الاعمال والاشراف علی الانتخابات) بێت واتە (ادارة اعمال النقابة)ش زیاد بکرێت هەتا هەڵبژاردن دەکرێت وابزانم لەرووی یاساییەوە جوانترو ڕێکترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سیروان کاکەیی.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابیشتان ئاماژەتان بۆ کرد کە سەرۆکایەتی کۆنگرە ئەو سەرپەرشتی لەسەر کۆنگرەکە دەکات، لیژنەی تەحضیری ئامادەکارە تاوەکو دەچنە ناو کۆنگرەوە، بەڵام ئێمە لێرە پێناسەی (الانتخابات العامة)مان نییە، لێرە (الانتخابات العامة) بەشێوەیەکی ڕەها هاتووە، لەبەرئەوە من وا دەبینم (الاشراف علی الانتخابات العامة) اشکالێک دروست دەکات بۆیە پێویستی بە ڕوونکردنەوەیە من تکا دەکەم لیژنەی یاسا ئەو بابەتە تۆزێک ڕوون بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک مەلا هادی فەرمو.

**بەڕێز مەلا هادی خضرکوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وابزانم ئەگەر وشەی (اعداد) دابنرێت گرفتەکە چارەسەر دەکات، چونکە ئەرکی لیژنەی تەحضیری ئامادەکارییە بۆ کۆنگرە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز د. رزگار فەرمو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرەدا من تێبینیم هەیە لەسەر وشەی (عضو) شتێک کە دروست نەبووە، چۆن مرۆڤ تیایدا ئەندام دەبێت؟، ماددەکە وا هاتووە (تشكل النقابة بناءاً على طلب يقدمه ما لا يقل عن (١٥) عضواً )، سەندیکا هێشتا دانەنراوە چۆن مرۆڤ ئەندام دەبێت تیایدا، لێرە وشەی (عضو) بە دروست نابینم، لەبەرئەوە هەر وەکو شێخ جەعفەر پێشنیاری کرد وشەی (اقتصادياً) دابنرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سەعید یەعقوبی فەرمو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە برگە یەکی ئەو ماددەیەدا هاتووە: (تؤسس النقابة)، لە برگە (٢) دەڵێت (تشكل النقابة بناءاً على طلب يقدمه ما لا يقل عن (١٥) عضواً)، باشە ئەگەر هەڵبژاردن نەکرێت چۆن سەندیکا دادەمەزرێ و دەست بەکار دەبێت وابزانم بە بۆچوونی من دەبێت ئەو لیژنەیە داواکاری پێشکەش بە وەزارەتی ناوخۆ بکات بەپێی یاسای کۆمەڵەکان، چونکە جارێ سەندیکاو ئەندامەکان دانەمەزراون تاوەکو دەست بەکار بن، هەتا ئەگەر یاساش سەندیکاکەی دانابێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د. ئیدریس هادی فەرمو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەدام ئەو هەیئە تحضيريه لە (٧) ساڵ خزمەتیان کەمتر نەبێت، من تێبینیشم هەیە لەسەر بۆچوونی لیژنەی یاسا، ئەگەر تەماشا بکەیت لە ماددە (١٧) پێشنیاریان کردووە کە نەقیب (١٠) ساڵ کەمتری نەبێت و ئەندامیش(٧) ساڵ کەمتری نەبێت، باشە ئەگەر ئەوانەی هیئەی تحضيری بۆ کۆنگرە لە (٧) ساڵ خزمەتیان کەمتر بێت، پاشان هەر خۆیان نابنە ئەندام، باشە کێ لە سەرەتاوە ئەوەندە خۆی ماندوو دەکات ئەگەر بزانێت لەدواییدا نابێتە ئەندام؟، ئەمە یەک.

دوو، ئەوانەی کە هەڵدەستن بە ئیشی هیئەی تحضيری، دەبێت پسپۆڕییەکی چاکیان هەبێت،

چونکە ناکرێت بۆ شتێکی وا گرنگ کە ئابووری زۆر گرنگە بدرێتە کەسانێک کە هیچ خبرەیان نەبێت و داواکارییەک پێشکەش بکەن و لەوانەیە شتی هەڵەی تێدا بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک ئیبراهیم دۆغرەمەچی فەرمو.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەگوێرەی (تشكيل الهيئة التحضيرية بموافقة الجهات المختصة)، پێشنیار دەکەم ئەوەی تر لادەین (لادارة شؤون النقابة لحين اجراء الانتخابات) زیاد بکرێت.

سەبارەت بە (الهيئة العامة) کە لیژنەی یاسا باسیان کرد، لە مادده (١٢) دا هاتووە لە زمنی تەشکیلات النقابە (الهيئة العامة) باس کراوە.

بۆ هەیئەی تحضیری دەبێت ئەندامان بەلای کەمی (٧)ساڵیان هەبێت، ئینجا ئێمە یان سەهومان کردووە یانیش لە چاپ دانەنراوە، چونکە ئەندامی هیئەی تحضیری بۆی هەیە لە کۆنگرەدا خۆی بپاڵێوێ بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی سەندیکا، کەواتە دەبێت بەلای کەمی خبرەیەکی باشی هەبێت (٧) ساڵی هەبێت و قەیدێکی لەسەر دابنرێت نەک هەر کەسێک بێت و ببێتە لیژنەی تحضیری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا فەرموون.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە وزارەتی ناوخۆ هەروەکو کاک فرەنسۆ ئاماژەی بۆ کرد، مەبەستەکە ئەوەیە کە وەزارەتی ناوخۆ دەبێت ئاگاداری هەبێت لە هەر کۆبوونەوەیەک کە دەکرێت یانیش شتێکی لەو بابەتە بکرێت.

سەبارەت بە (٧) ساڵەکە ئەوە شتێکی (طوعی)یە ئێمە نایچەسپێنین فلان کەس دەبێت (١٠) ساڵی هەبێت، فلان کەس (٧) ساڵی هەبێت، بەڵکو شتێکی طوعییە ئەو برادەرە دەبێتە هیئەی تحضیری لەوانەیە حسابی ئەوە دەکات لە ئاییندە خۆی ناپاڵێوێت (حسب الاصول).

خاڵی سێیەم، ئێمە لێرەدا هەشت، نۆ یاسامان پەسند کردووە هەموویان موراجەعەتی وەزارەتی ناوخۆیان کردووە ئەو ناوانە لەوێ چەسپێنراون مەسەلە مۆڵەت نییە، بەڵکو تەنها ناوەکان لەوێ دەچەسپێنرێت کە ئەوانە (هەیئەی تحضیرین). هەڵدەستن بەو ئیشوکارە کە ئیشوکارێکی کاتییە، لەوێ هەندێ پرسیاریان لێ دەکەن لەگەڵ داواکارییەکە، تەنها بۆ ئاگادارییە نەک مۆڵەتدان، چونکە سەندیکاکە بە حوکمی یاسا دامەزراوە هەروەکو لە برگە یەکدا هاتووە، بۆیە بە تەسەوری

ئێمە دارشتنەکەی ئێمە زۆر باش هاتووە تەنها (لاعداد المؤتمر والاشراف على الانتخابات) ئەگەر زیاد بکرێت وابزانم ئەو مەبەستانە هەمووی دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری دارایی هیچ تێبینیتان هەیە؟.

**بەڕێز سەرکیس ئاغاجان/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من پێشنیارەکەی لیژنەی یاسا لە جێگای خۆیەتی هەر (اعداد)ەکە لەسەر بڕگە (٢) زیاد بکرێت.

ماوەکەش بە (٣) مانگ دیاری بکرێت باشە، چونکە لە زۆربەی سەندیکاکانی تر (٣) مانگ دانراوە کە ئیشەکە هەیئەی تحضیری ئەنجامی بدات.

سەبارەت بە لایەنی پەیوەندیدار، وابزانم لە زۆر سەندیکای تر لایەنی پەیوەندیدار هاتووە، دەتوانین هەروا بەجێی بێلین بێ ئەوەی لایەنی پەیوەندیدار دیاری بکەین، هەرچەند بە قەناعەتی من لایەنی پەیوەندیدار وەزارەتی دارایی و ئابوورییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەتەئکید وەزارەتی دارایی و ئابوورییە، وائەمڕۆ جەنابیشت لێرەی.

جارێ خۆی ئەم سەندیکایە بەپێی ئەم یاسایە دادەمەزرێت بەپێی مادده یەک (تؤسس بموجب هذا القانون نقابە بإسم نقابە الاقتصاديين في الاقليم). لایەنی پەیوەندیدار واتە شەریک بەرامبەر هەموو ئابووریناسان وەزارەتی دارایی و ئابوورییە شەریک لەگەڵ هەموو پارێزەرەکان بە پلەی یەکەم وەزارەتی دادە، شەریک لەگەڵ ئەندازیارەکان ئەو وەزارەتە ئەندازەییانەیە کە ئیشوکاری ئەندازیاری دەکەن لایەنی بەرامبەر کە دانووستاندنی لەگەڵدا دەکات نەک وەزارەتی ناوخۆ کە لە جێی خۆیەتی ناوی ئەندامانی هیئەی مؤسس لە وەزارەتی ناوخۆ تۆمار بکرێت لە جێی خۆیەتی هەر کۆبوونەوەیەک بکرێت وەزارەتی ناوخۆ ئاگادار بکرێت هەتا کە کۆنگرەش بگیرێت دەبێت مۆڵەت لە وەزارەتی ناوخۆ وەربگیرێت لەو ڕۆژە لە فلان شوێن کۆنگرەی تیادا دەچەسپێت دوو شتی جیاوازن، ئەم لایەنی پەیوەندیدارە روونە لە زۆربەی سەندیکاکانەوە.

خاڵی دووەم من تێبینییەکی بچکۆلەم هەیە تا سەندیکا دروست نەبێت چۆن ئەبێت بە ئەندام تۆزێک تەناقوضێکی زمانەوانی تێدایە، لەبەرئەوە ئەگەر بگوترێت (عضو المؤسس) لەوانەیە چارەسەری بابەتەکە بکات، ئەگینا لە زۆر یاسا هاتووە لە یاسای عێراقیدا تەنها (عضو) هاتووە ئینجا بیرێک لەوە بکەنەوە ئەگەر بەباشی بزانن بەو شێوەیە چارەسەری بکەن.

بەڕێز وەزیری دارایی فەرمو.

**بەڕێز سەرکیس ئاغاجان/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێ ئەوەی وشەی (عضو)یش دابنێین دەتوانین وشەی (الاقتصاديين) دابنێین وەکو لە سەندیکای ئەندازیاران هاتووە ئەندام دانەنراوە بەڵکو وشەی (ئەندازیار) هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەش جائزە. کاک فرەنسۆ فەرمو.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی من جیاوازییان نییە لەگەڵ قسەکانی جەنابت دەربارەی ئەوەی کە وەزارەتی پەیوەندیدار وەزارەتی داراییە، بەڵام ئەگەر وەزارەتی داراییش پەیوەندیدار بێت ئەوە ڕێگا لەوە ناگرێت بچن مۆڵەتی کۆبوونەوە لە وەزارەتی ناوخۆ وەربگرن ئەمە دەرئەنجامە.

من پرسیارێکم لە لیژنەی یاسا کرد وەڵامی منیان نەداوە ئایا تەشکیل کردنی ئەو هیئەتە بۆ هەستان بە ئیشوکاری کۆبوونەوە، خاڵی دووەم لەغو ناکات؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ ئەو خاڵە هەڵدەوەشێتەوە.

**بەڕێز فەرنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

واتە پێویست بە مانەوەی ناکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئینجا هەردوو بڕگەی ماددەی دوو بە داڕشتنی کۆتایی بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پاش ئەو گۆڕانکارییە ماددەکە بەو شێوەیە دەبێت ئەگەر هیچ تێبینی تر نەبێت:

المادة الثانية:

تؤسس بموجب هذا القانون نقابة بإسم نقابة الاقتصاديين في الاقليم تتمتع بالشخصية المعنوية، ولها أستقلال مالي وإداري ويكون مقرها في أربيل عاصمة الاقليم ولها ان تفتح فروعاً في مراكز محافظات الاقليم.

٢ـ تشكل هيئة تحضيرية من عدد لا يقل عن « ١٥ »أقتصادياً وبموافقة الجهات المختصة لإعداد المؤتمر العام و للاشراف على الانتخابات العامة للنقابة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

«الجهة المختصة» وەزارەتی دارایی دەسنیشان کەین باشترە، تاوەکو ئیجتیهادی تیادا نەکرێت، کاک جەمیل فەرمووز.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هەموومان لەو باوەڕەداین کە ئەگەر وەزارەتی دارایی و ئابووری بێت باشترە، بەڵام هەمیشە یاساناسەکان دەڵێن «لا إجتهاد في مورد النص»، ئەگەر«الجهة المختصة» بمێنێتەوە زۆر کەس دەگەڕێتەوە بۆ یاسای سەندیکاکان و، کێشەمان بۆ دروست دەبێت، لەبەر ئەوەی بوار بۆ هیچ جۆرە ئیجتیهادێک نەهێڵێن و یاساکە بە دیاری کراوی دانێین باوەزارەتی دارایی و ئابووری دانرێت، ئەو کاتە هیچ کێشە و ئیجتیهادێک دروست نابێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێروان فەرمووز.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای ئێمە کە «الجهة المختصة» دانرا، وەزارەتی داراییش دەگرێتەوە و، وەزارەتی ناوخۆش دەگرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە دەبێت یاسا دیاری کات، کاک فەرەنسۆ فەرمووز.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها ئامادە بوونی وەزیری دارایی و ئابووری بۆ گفتوگۆ کردنی ئەم دانیشتنە ئەوە دەگرێتەوە کەوا لایەنە پەیوەندیدارە کە وەزارەتی دارایی و ئابوورییە، چونکە ئەمە دەرئەنجامە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا بۆ ئەوەی کە بەهەڵواسراوی نەمێنێتەوە دەبێت لە دەقەکەدا بنووسرێت، جا تکایە جارێکی تر خاڵی دووەم بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

٢ـ تشكل هيئة تحضيرية من عدد لا يقل عن « ١٥ »أقتصادياً وبموافقة وزارة المالية والاقتصاد في الاقليم لإعداد المؤتمر العام و للأشراف على الانتخابات العامة للنقابة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینی هەیە؟، کاک فەرەنسۆ فەرمووز.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماوە دانانێن؟ دیاری ناکەن کەوا لە چ ماوەیەکدا ئەبێت کۆنگرەی خۆیان ببەستن؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەتوانن لە «الأحكام الختامية» ماوە دانێن، خۆی لە راستیدا ئەم ماددەیە ماددەیەکی کاتییە تاوەکو کۆنگرەی یەکەم دەبەسترێت، بەدرێژایی سەندیکا و بەدرێژایی یاسا نامێنێت، هەتاوەکو ئەگەر ئەویش لە «الأحكام الختامية» بوایە باشتر بوو، ئێستا چۆن هاتووە با هەر وابێت و نامانەوێت ئەوەندە دەسکاری بکەین، ئەم ماددەیە زۆر گفتوگۆی لەسەر کرا، ئەو بەڕێزانەی کە دەیانەوێت لەم ماددەیەدا گفتوگۆ بکەن با دەستیان بەرز کەنەوە، کاک سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئێمە لەگەڵ ئەو مەنتیقەدا بین کە دەڵێت هەر سەندیکایەک پەیوەستە بە وەزارەتی داراییەوە ئەوە دەبێت سەندیکای پارێزەران داواکارییەکەی پێشکەشی وەزارەتی داد بکات و، سەندیکای ئەندازیارانیش بۆ وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، هەروەها سەبارەت بە سەندیکاکانی تریش، لێرەدا لایەنی پەیوەندیدار لە یاسای سەندیکاکان دیاری کراوە، لەو حاڵەتە تاوەکو هەڵبژاردن دەکرێت و، سەندیکا دادەمەزرێت و دەس بەکار دەبێت، لەو کاتە مەبەست وەزارەتی ناوخۆیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئیبراهیم دۆغرەمەچی فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشتگیری قسەکانی کاک سەعید دەکەم، بەڵام هەندێ تێبینیم هەیە، «لإعداد المؤتمر والاشراف على الانتخابات العامة للنقابة»، بە ماددەی یەکەم سەندیکا دامەزراوە، ئیدارەی سەندیکاش دەستەی ئامادەکاری دەیبەن بەڕێوە، ئیشوکاری دەستەی ئامادەکاری تەنها ئامادە کردنی کۆنگرە نییە و، ئیشوکاری دەستەی ئامادەکاری ئەبێت ورد بن ئەوەی کە ئەو کەسانەی وەردەگیرێن ئەبێت دەرچووی کولێژ بن، ناوی ئەندامان تۆمار بکرێت، هەیکەلی سەندیکاکە دروست دەکەن، بە رای من باشترە بکرێتە «بموافقة الجهات المختصة لإدارة شؤون النقابة لحين إجراء الانتخابات»، واتا ئیدارەی سەندیکاش دەکات و، ئەو ئەندامەی کە ناوی خۆی تۆمار دەکات مەرجەکانی وەرگرتنی دادەنێت و، هەیکەلی سەندیکاش دادەنێت، تاوەکو هەڵبژاردن بەدی دێت، کە هەڵبژاردن کرا دەستەی ئامادەکاری ئوتۆماتیکییەن خۆی نامێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من لەگەڵ پێشنیارەکەی بەڕێزتاندام و، لە جێگای «أقتصادي»یش «عضو

المؤسس»دابنرێت، چونکە ئەگەر بێینەوە سەر پێناسەی «أقتصادي»ئەڵێت:«كل عضو» لە ماددەی یەکەمدا، بەڵام ئەگەر «عضو المؤسس»بێت باشتر دەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک فەرسەت فەرموو.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا/سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە «الجهه المختصه» ڕاستە ئێمە یاسای سەندیکاکانمان هەیە و، دەقێکی ئاشکرا لەم یاسایەدا دەڵێت: ئەو سەندیکا و کۆمەڵانە دەگرێتەوە کە یاسای تایبەتی خۆیان نەبێت، واتا تاوەکو یاسایەکی تایبەتی سەندیکایەک، یا کۆمەڵەیەک دەرنەچێت، ئەوکاتە کار بە یاسای سەندیکاکان ناکرێت، تەنها ئەگەر کێشەیەک ڕوویدات و دەقی لە یاسا تایبەتییەکەی سەندیکاکەدا نەبێت، ئەوکاتە دەگەڕێینەوە سەر یاسای گشتی، کە ئەویش یاسای سەندیکاکانە، بەڵام لێرە هیچ بەرگری کردنێک نییە بەرگری لەوە بکات کە لایەنی پەیوەندیدار دیاری بکرێت، چونکە وەکو کاک جەمیل باسی کرد«لا إجتهاد في مورد النص» ، ئەگەر بێت و دەقەکە ڕوون نەکەینەوە واتا ئەو دەقە بەر ئیجتیهاد دەکەوێت، کەواتە بەر چەند ڕایەک و بۆچوونێکی جیاواز دەبێت، ئەو کاتە تووشی کێشە دەبین، دوور نییە لە هەر سەندیکایەک و کۆمەڵەیەک بە شێوەیەک بابەتەکە چارەسەر بکەن، من لەگەڵ ئەو ڕایەدام کەوا «الجهة المختصة»دیاری بکرێت، بەتایبەتیش ناوی وەزارەتی دارایی و ئابووری دیاری بکرێت، خاڵی دووەم سەبارەت بە دەستەی ئامادەکاری کە ماوەی هەڵبژاردن دیاری بکات، من لەگەڵ ئەو ڕایەدام کە ئەو بڕگەیە بڕگەیەکی کاتییە و، دیاری کردنی ماوەکەش کاتییە، مادام هەر دوو بڕگەکە کاتین، هونەری و یاسایی لە یەک ماددەدا کۆ بکرێنەوە، بۆ زانیاریش زۆر جار لە سەرەتادا گفتوگۆ دەکەین و دەڵێین ئەوە حوکمەکەی کاتییە و بابچێت بۆ «الأحكام الختامية» پاشانیش کەس لەوێ باسی ئەو پێشنیارە ناکات، یاساکە پەسەند دەکرێت و بابەتەکەشمان لە بیر دەچێت و، پاشان چارەسەریش ناکرێت تەنها بە هەموارکردن نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسا تکایە دوایین هەموار کردنی بکەن.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە داڕشتنەکەماندا وەزارەتی داراییمان داناوە، بەڵام ئێمە لەگەڵ ئەوەدا نین کە وەزارەتی دارایی دانرێت، بەڵکو بە ڕای ئێمە «الجهة المختصة» دانرێت باشترە، ئەویش لەبەر ئەو هۆیانەی کە دیارمان کرد، خاڵی دووەم، ئەوەی کە کاک فەرسەت ئاماژەی بۆ کرد، هیچ لاریمان لەوە نییە کە ماوەکەی دیاری بکرێت و، پاش ئەوەی کە ئەوەی دەخەینە سەر ئەگەر بوارمان پێ بدەن

مـاددەکە بەتەواوی دەخوێنینەوە، (تشكل هيئة تحضيرية من عدد لا يقل عن «١٥» أقتصادياً وبموافقة وزارة المالية والاقتصاد لإعداد المؤتمر العام و للاشراف على الانتخابات العامة للنقابة خلال مدة «٣ أو ٦» شهراًمن تاريخ تنفيذ هذا القانون.).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەرای بەڕێز وەزیری دارایی چەند مانگ بێ باشە؟.

**بەڕێز سەرکیس ئاغاجان/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای ئێمە «٣» مانگ بێت، هەرچەندە کەمە بەڵام لەبەر ئەوەی لە سەندیکاکانی تر «٣»مانگ هاتبوو نەمان ویست زۆرتر بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە ماوەکەش بە «٣» مانگ دیاری کرا، تکایە جارێکی تر بخوێنرێتەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

(تشكل هيئة تحضيرية من عدد لا يقل عن «١٥» أقتصادياً وبموافقة وزارة المالية والاقتصاد لإعداد المؤتمر العام و للاشراف على الانتخابات العامة للنقابة خلال مدة لا تزيد عن «٣» أشهر من تاريخ تنفيذ هذا القانون.).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ماددەی «٢» بە هەر دوو بڕگەکانیەوە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی «٢» دایە بەو شێوەی کە خوێنرایەوە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟..کەواتە بە زۆربەی دەنگ ماددەکە پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین. بەڕێزان ئێستا بۆ ماوەی «٣٠» دەقیقە پشوودان هەیە پاشان دێینەوە سەر دانیشتنەکەمان سوپاستان دەکەین.

## دوای پشودان

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دێینەوە سەر کاروباری دانیشتنی ئەمڕۆمان، ماددەی یەک و دوو پەسەند کران، ئێستا دێینە سەر ماددەی «٣»، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الثالثة:

تهدف النقابة الى تحقيق ما يلي:

١ـ المساهمة في دعم حكومة الاقليم والنظام الديمقراطي وإسناد الفدرالية وترسيخها وتطويرها.

٢ـ رفع المستوى المهني والعلمي والاجتماعي والصحي لاعضائها.

٣ـ السعي لتيسير سبل العمل المناسب للاعضاء.

٤ـ تنظيم علاقات الاعضاء مع بعضهم ومع الجهات الحكومية والاهلية في الاقليم والدفاع عن حقوقهم.

٥ـ التعاون مع الهيئات والمؤسسات والجمعيات والنقابات الاخرى داخل الاقليم التي تتفق اهدافها مع اهداف النقابة.

٦ـ ضمان مستقبل الاعضاء في حالات المرض والشيخوخة والعجز.

٧ـ تنشيط البحث العلمي وتشجيعه للمساهمة في التنمية الاقتصادية واعمار كوردستان.

ئێمه وەکو لیژنەی یاساش هیچ تێبینییەکمان نییه، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی ئابووری.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش هیچ تێبینییەکمان نییه، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەو بەڕێزانەی کە تێبینیمان هەیە تکایە دەستیان بەرزکەنەوە تاوەکو ناونووس بکرێن، کاک مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بڕگەی «٣»، پێم باشە کەوا «حسب المقدرة والكفائة»شی بخرێتە سەر، سەبارەت بە بڕگەی «٧»ەم، وشەی «مساهمە» ی بۆ زیاد بکرێت و ببێت بە «المساهمة في تنشيط البحث العلمي» و، بڕگەیەکی تریش زیاد بکرێت، کە ئەویش «فتح دورات تدريبية سنويا للاعضاء لغرض ألمامهم بالخبرات الجديدة في مجال التطوير الاقتصادي في كوردستان» ،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ماموٚستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە بڕگەی «٥» من پێموایە کە داڕشتنەوەکەی وای لێ کرێت «التعاون مع الهيئات والمؤسسات والجمعيات والنقابات التى لا تتعارض أهدافها مع أهداف النقابه داخل الاقليم»، چونکە مەرج نییە ئامانجی هەموو سەندیکاکان وەکو یەک بێت، بەڵکو دژ بەیەکتر دەبن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە تەماشای ئامانجەکان بکەین دەبینین هەموویان تەرکیزیان کردووە لە ناو هەرێمدا و، لەگەڵ مؤسەسەکانی ناو هەرێمە و، لە هەموو سەندیکاکانیش بەم شێوەیە هاتووە، بۆچی ئامانجەکانیان فراوانتر نەکەین، با هەماهەنگی و هاوکاری لەگەڵ مؤسسات و ڕێکخراوەکانی دەرەوەی هەرێم بکات، بە رای من برگەی «٥» بەم شێوەی لێ بکرێت باشترە: (التعاون مع الهيئات والمؤسسات والجمعيات والنقابات المهنية الاخرى في الاقليم وخارجه وتقوية الروابط الثقافية والعلمية معها)و ئەو وشەکانی تر هەمووی هەڵگیرێت، چونکە یاسای هەموو سەندیکاکان لەلای ئێمە دەردەچێت و هەموو ئامانجەکان لەیەکەوە نزیکن و لەلای ئێمە پەسەند کراون، چونکە ئەو سەندیکایەی کە رەسمی نەبێت و بە یاسا نەبێت لە هەرێمی کوردستاندا دانی پیادا نانرێت، ئەبێت بەم یاسایە سەندیکا دامەزرێت، جا لە هەمووشیاندا ئامانج هەیە، سەبارەت بە برگەی «٦» لە هەموویاندا هاتووە پاش «شيخوخه والعجز» دەڵێین «عن ما يصيبهم من كوارث»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د.ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی سالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لەسەر ڕێکخستنی برگەکاندا هەیە، خاڵی یەکەم لە جێگای خۆیەتی، بەڵام خاڵی «٧» بێتە جێگای خاڵی «٢»، چونکە ئامانجی سەرەکی ئەم سەندیکایە پەرەپێدان و پتەوکردنی ئابوورییە لە کوردستاندا و، پاشان خاڵەکانی تر بە زنجیرەی خۆی بێتە خوارەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسای فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەوەی کە بەڕێز مەلا هادی فەرمووی، بۆ ئەوەی خول بکرێتەوە، خۆی ئێمە ئەگەر برگەی «٢» بخوێنینەوە «٢ـ رفع المستوى المهني والعلمي والاجتماعي والصحي لاعضائها.» پێمواية کەوا خولیش دەگرێتەوە، هەروەها سەبارەت بە برگەی «٧»یش، ئەوەی کە مامۆستا مەلا تاهیریش ئاماژەی بۆ کرد، ئێمە پێمان وایە دەقەکە لە جێگای خۆیەتی و هیچ کەموکورتی تێدا نییە، سەبارەت بە تێبینییەکانی کاک ئیبراهیمیش ئامانج کە لە سەندیکاکان دادەنرێت بە پێی پسپۆری ئەو سەندیکایە ئەو ئامانجانە هاتوون و، سەبارەت بەو برگەیەش کە دەڵێت «داخل الاقليم وخارجه» ئەوە سەندیکا خۆی داوای ناوەوەی هەرێمی کردووە و، رایەکەش رای بەڕێزان

ئەندامانی پەرلەمانە و، هەروەها سەبارەت بە برگە«٦»یش کە دەڵێت: «ضمان مستقبل الاعضاء في حالات المرض والشيخوخة والعجز» پێموایە ئەو دەقە دەقێکی گشتگیریە و لە زۆربەی زۆری یاسای سەندیکاکانی تریش هاتووە و حاڵەتی «کوارث»ی تیادا نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەی زنجیرەی برگەکان هیچ کاریگەرییەکی نییە بەسەر ماددەکەدا.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر هیچ کاریگەرییەکی نییە بەسەر ماددەکەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، هیچ تێبینییەکی تر هەیە؟، نییە، کەواتە ماددەکە دەخەینە دەنگدانەوە، بەڵام پێش ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە تکایە جارێکی تر بیخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الثالثة:

تهدف النقابة الى تحقيق ما يلي:

١ـ المساهمة في دعم حكومة الاقليم والنظام الديمقراطي وإسناد الفدرالية وترسيخها وتطويرها.

٢ـ رفع المستوى المهني والعلمي والاجتماعي والصحي لاعضائها.

٣ـ السعي لتيسير سبل العمل المناسب للاعضاء.

٤ـ تنظيم علاقات الاعضاء مع بعضهم ومع الجهات الحكومية والاهلية في الاقليم والدفاع عن حقوقهم.

٥ـ التعاون مع الهيئات والمؤسسات والجمعيات والنقابات الاخرى داخل الاقليم التي تتفق اهدافها مع اهداف النقابة.

٦ـ ضمان مستقبل الاعضاء في حالات المرض والشيخوخة والعجز.

٧ـ تنشيط البحث العلمي وتشجيعه للمساهمة في التنمية الاقتصادية واعمار كوردستان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لە گەڵ ماددەی «٣»دایە بەم شێوەیە کە خوێنرایەوە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە گشتی دەنگ ماددەی «٣» پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، دێینە سەر ماددەی «٤» فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

الانتماء والعضوية

المادة الرابعة:

يشترط في العضو ان يكون:

١ـ من مواطني الاقليم ومقيما فيه.
٢ـ غير محكوم عليه بجناية غير سياسية أو جنحة مخلة بالشرف.
٣ـ حاصلا على شهادة لا تقل عن بكالوريوس في العلوم الاقتصادية أو ما يعادلها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، تێبینی لیژنەی یاسایی لەسەر ئەم ماددەیە چییە تکایە؟.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسا هیچ تێبینییەکمان لەسەر ئەو ماددەیە نییە و، ماددەکەش لە جێگای خۆی هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی ئابووری فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش وەکو لیژنەی ئابووری هیچ تێبینییەکمان نییە لەسەر ئەم ماددەیە و لە جێگای خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەو بەڕێزانەی کە تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرزکەنەوە، بەڕێز کاک بورهان فەرموو.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینییەکی بچووکم لەسەر «الانتماء والعضوية» هەیە، کە ئەویش پاش و پێشێک بکرێت، ماددەی پێنج بچێتە جێگای ماددەی چوار و ماددەی چواریش بچێتە جێگای ماددەی پێنج، چونکە لە ناونیشانەکەشدا هاتووە «الانتماء والعضوية»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک رەجەب فەرموو.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من برگەی «١» بکرێتە «من مواطني الاقليم أو مقيما فيه» باشترە، بۆ نموونە یەکێک هاوولاتی ئێرە نەبێت و لە تورکیا، یا لە ئێرانەوە هاتبێت و بکرێت بە ئەندامی سەندیکا، جا ئەمە وەکو پرسیارێکیش لە لیژنەی یاسای دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک فەرەنسۆ هەریری فەرموو.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی «٣» دووپاتی ئەوە دەکاتەوە کەوا ئەبێت بڕوانامەی بکالۆریۆسی لە زانستی ئابووری هەبێت، باوەڕکەم ئەمە جارێکی تر باس کراوە، بە رای من خاڵی «٣» دووبارەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خاڵی «٣» مەرجێکە لە مەرجەکانی بە ئەندام بوون لە سەندیکادا، بەڵام ئەوەی لە پێشەوە هاتووە ئەوە پێناسەیە، پرسیارێکی تریش هەیە، «من مواطني الاقليم و مقيما فيه» کەواتە ئەو کوردانە ناگرێتەوە کە ئێستا لە دەرەوەی هەرێمن، ئەوانەی کەرکووک، لیژنەی یاسا وەڵام بدەنەوە، فەرموون.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە هەموو یاسای سەندیکاکانی تریشدا بەم شێوەیە هاتووە و، وەڵامی پرسیارەکەی تریش جەنابت داتەوە، سەبارەت بە «الانتماء والعضویە»ش لە جێگای خۆیەتی و، مەرجەکانی بوون بە ئەندام دیارە و ئینتیماش دیارە و بەرای ئێمە لە جێگای خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوانەی تێبینییان هەیە بۆ جاری دووەم با دەستیان بەرزکەنەوە، بەڕێز وەزیری دارایی فەرموو.

**بەڕێز سەرکیش ئاغا جان/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە پێشنیارەکەی کاک بورهان، دەبێت ئەندام پێشتر مەرجەکانی بە ئەندام بوون بزانێت، ئایا دەتوانێ ببێت بە ئەندام، یا نە؟، کە زانی ئەوکاتە داوا دەکات کەوا بیکەن بە ئەندام، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د.ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی سالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەدا نیم کە دەبێت ئەندامی سەندیکا تەنها نیشتەجێی هەرێم بێت، ئێمە ئەندامان هەیە بە ئەرکێک لە دەرەوەی هەرێمە کەچی نیشتەجێی هەرێم نییە، هەروەها ئێمە کوردێکی زۆرمان هەیە لە دەرەوەی هەرێمن و رەنگە حەزیش بکەن ببن بە ئەندامی سەندیکا، پرسیارەکە لە رووی یاساییەوەیە کە ئایا پێویستە ئەو مەرجەی تیادا هەبێت، یا نە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک بورهان جاف فەرموو.

**بەڕێز بورهان عەلی جاف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارەکەم وڵام درایەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەسەر وشەی «لا تقل» لە بڕگەی «٣»دا تێبینیم هەیە، یەکێک لە مەرجەکانی ئەوەی کە ببێت بە ئەندام لە سەندیکادا دەبێت بڕوانامەی بکالۆریۆسی هەبێت، باشە وشەی «لاتقل »مانای چییە؟،من پێشنیار دەکەم کەوا ئەم وشەیە لێرە هەڵگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مانای وایە کە لە بکالۆریۆس بەرزتر پەسەندە، بەڵام لەو نزمتر پەسەند نییە، خاڵی یەکەم کە دەڵێت:«من مواطني الاقليم و مقيما فيه»، واتا دەبێت خەڵکی کوردستان بێت و، نیشتەجێی کوردستانیش بێت، بەڵام ئەگەر بکرێتە «من مواطني الاقليم أو مقيما فيه» ئەوە هەردوو حاڵەتەکە دەگرێتەوە، خەڵکی کوردستانە و لێرەیە، یا خەڵکی کوردستانە و لە دەرەوەی هەرێمە، جا رای بەڕێزتان چییە؟.

**بەڕێز سەرکیس ئاغا جان/ وەزیری دارای:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ لارییەکمان نییە، ئەوەی کە جەنابت دەیفەرموویت، هەرچەندە لە تەواوی سەندیکاکان بەو شێوەیە هاتووە، واتا یاخود هاوولاتی هەرێم بێت، یا دانیشتووی هەرێم بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسا هیچ تێبینییەکتان نییە؟.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ لارییەکمان نییە، رایش رای پەرلەمانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی ئابووری هیچ تێبینییەکتان نییە؟.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش هیچ لارییەکمان نییە، بەڵام وەکو جەنابتان فەرمووتان مەرجەکانی نەقیب دەبێت ئەوکاتە

دەسکاری بکەن، بەڵام ئەوەی کە ئێستا جەنابتان فەرمووتان زۆر لە جێگای خۆیەتی بۆ سەندیکا و هەرێمیش، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکایە جارێکی تر ماددەی «٤» بخوێنرێتەوە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

الانتماء والعضوية

المادة الرابعة:

يشترط في العضو ان يكون:

١ـ من مواطني الاقليم أومقيماً فيه.

٢ـ غير محكوم عليه بجناية غير سياسية أو جنحة مخلة بالشرف.

٣ـ حاصلا على شهادة لا تقل عن بكالوريوس في العلوم الاقتصادية أو ما يعادلها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ماددەی «٤» دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی «٤»دایە بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە ماددەی «٤» بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، دێینە سەر ماددەی «٥» فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الخامسة:

١ـ يكون الانتماء الى النقابة بطلب تحريري يقدم الى النقيب مرفقاً بالوثائق اللازمة.

٢ـ يعرض طلب الانتماء على المجلس خلال خمسة عشر يوما من تأريخ تسجيله في النقابة وعلى المجلس البت فيه خلال هذه المدة وعند انقضائها دون البت فيه يعتبر مقبولا.

٣ـ للمجلس رفض طلب الانتماء بقرار مسبب ولصاحب الطلب ان يطعن فيه لدى محكمة تمييز الاقليم خلال ثلاثين يوما من تأريخ التبلغ ويكون قرار المحكمة باتا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسا تکایە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسا هیچ تێبینییەکمان نییە لەسەر ماددەی «٥»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی داراییش هیچ تێبینییەکی نییە و، دەقەکەش لە جێگای خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەو بەڕێزانەی کە تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز کەنەوە، کاک فەرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە خاڵی یەکەم نەقیب نییە، کە دەست بە ئینتما کردن دەکەن و خەڵک دادەنێن هێشتا نەقیب هەڵنەبژێردراوە، لێرە دەڵێت دەبێت داواکاری پێشکەش بە نەقیب بکرێت، ئایا پێش کۆنگرە چۆن ئینتما دەکەن و؟، پێش ئەوەی بچنە کۆنگرە ئەبێت ئینتما بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس ، کاک ئەحمەد سالار فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە خاڵی یەکەم رای منیش لەگەڵ رای کاک فەرەنسۆدایە، چونکە لەوێدا ئەو دەستەی ئامادەکارە لە بری نەقیبە بۆ وەرگرتن، زۆربەی ئەندامانیش وەردەگیرێن لەلایانەوە، چونکە کە دەبن بە ئەندامی کۆنگرە لە هەمان کاتدا ئەندامی سەندیکان، سەرنجم لەسەر بڕگەی «٢» کە لە ماوەی «١٥» رۆژدا دەبێت ئەو داواکارییە تەماشا بکرێت لەلایەن ئەنجومەنی سەندیکاوە، ئەو ماوەیە لەلایەنی کارپێکردنەوە ماوەیەکی کەمە، چونکە لە ماددە «١٧» بڕگە «٤»یشدا لە هەمان پرۆژەی یاسادا هاتووە کە بۆیان هەیە بەلایەنی کەمەوە لە مانگی جارێکدا کۆببنەوە، کەواتا مەرج نییە هەموو هەفتەیەکیش کۆببێتەوە، مەگەر بۆ کارێکی کوتوپڕی، یا گەلێک پێویست بێت، لەبەر ئەوە لەبری «١٥» رۆژ بکرێت بە مانگێک، چونکە زۆر رووداوی وا رووی داوە لە کاتی کارپێکردن دا و لە زۆر ئەزموونندا دیومانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسا وڵامتان تکایە، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە رایەکەی کاک ئەحمەد سالار دەگرم، ئەوە رای خۆمە، چونکە دەڵێت: ئەبێت بۆ ماوەی «١٥» رۆژ تەماشای داواکارییەکە بکرێت، باشە ئەگەر رۆژی «١٥»یەم پێشکەشی کرد، باشە چۆن تەماشای ئەو داواکارییە دەکرێت، دەبێت لە ماوەی «١٥» رۆژ داواکاریی پێشکەش بکات و، پاش «١٥»رۆژەکە ئەنجومەن لە ماوەی «١٥» رۆژ، یا مانگێک تەماشای داواکارییەکە بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەرچەندە ئەم خاڵە گفتوگۆی لەسەر نەکراوە، بەڵام من پێموایە دەقەکە لە جێگای خۆیەتی و بەرواری تۆمارکردنەکە، لە ماوەی «١٥» ڕۆژەکە دەچەسپێنرێت و، لەو ڕۆژەوە دەست پێدەکات کە داواکارییەکەی تۆمار کراوە، لەو ڕۆژەوە «١٥» ڕۆژەکە دەست پێدەکات، ئەوە ڕوونکردنەوەیەکە بۆ قسەکانی بەڕێز کاک محەمەد حەسەن باڵەتە، سەبارەت بە بڕگەی «١»یش کە دەڵێت: «یکون الانتماء الی النقابة بطلب تحریري یقدم الی النقیب» ئەو ئینتمائە بەردەوامە، تەنها کاتی کۆنگرە نییە، واتا دەستەی ئامادەکاری کە ئەو ئیشوکارە دەکات، ئەوە پێشی کۆنگرەیە، بەڵام ئینتماء بەردەوامە و، لەوانەش نییە کە بڕیارەکانی دەستەی ئامادەکاریش کە لە ژێر ڕکێفی دادگای تەمییز بێت و، لەژێر ڕکێفی تانە«طعن» لێ دان بێت، بۆیە ئێمە پێمانوایە کە دەقەکە لە جێگای خۆیەتی، ئیشوکاری لیژنەی ئامادە کاری کاتییە و، لەوانەشە بۆ چەند مانگێک بێت، پاش ئەوە دەگەڕێتەوە سەر باری خۆی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، تێبینی تر هەیە؟، نییە، تکایە ماددەکە جارێکی تر بخوێنرێتەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدانەوە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الخامسة:

١ـ یکون الانتماء الی النقابة بطلب تحریري یقدم الی النقیب مرفقاً بالوثائق اللازمة.

٢ـ یعرض طلب الانتماء علی المجلس خلال خمسة عشر یوما من تأریخ تسجیله في النقابة وعلی المجلس البت فیه خلال هذه المدة وعند انقضائها دون البت فیه یعتبر مقبولا.

٣ـ للمجلس رفض طلب الانتماء بقرار مسبب ولصاحب الطلب ان یطعن فیه لدی محکمة تمییز الاقلیم خلال ثلاثین یوما من تأریخ التبلغ ویکون قرار المحکمة باتا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئێستا ماددەی «٥» دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ئەم ماددەیەدایە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، دێینە سەر ماددەی «٦» فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة السادسة:

١ـ یکون بدل الانتماء الی النقابة للعضو «٣٠» ثلاثین دینارا.

٢ـ یکون بدل الاشتراك السنوي «٢٠» عشرین دینارا ویدفع في موعد لا یتجاوز شهر شباط

من كل سنة وإذا تأخر العضو عن الدفع في الموعد فيغرم ٥٠٪ من بدل الاشتراك وإذا تأخر عن الدفع لسنتين متتاليتين دون عذر مشروع فيشطب إسمه من سجل الاعضاء.

٣ـ يمنع من مزاولة المهنة من لم يسدد الاشتراك السنوي.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسا تکایە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسا مانگی «شباط» لابردرێت و لە جیاتی مانگی «کانون الثاني» دابنرێت، ئەوەش لەبەر پشتگیری کردن بۆ سەندیکا تاوەکو بتوانێت زوو ئابوونەکانی خۆی لە ئەندامانی کۆ بکاتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی دارایی، فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی دارایی لەگەڵ دەقی ماددەکەیە کەوا وەکو خۆی بمێنێتەوە، ئەویش لەبەر ئەوەی مانگێک بەتەنها زۆر کەمە ماوەکەی، زۆربەی سەندیکاکان مانگی شوبات و ئادارن بۆ وەرگرتنی ئابوونە، زۆر ئاساییە کە ساڵی تازەیە وەسڵی فەرمانگەیەکی بۆ بچێت، چونکە وەسڵەکە خۆی هەر ماوەی چەند رۆژێک دوادەکەوێت، چونکە زۆربەی جار هی هەر فەرمانگەیەک ئەیکەن بە خشتەیەک و بە چەکێک ئەروات، لەبەر ئەوە تاوەکو بوارێکی هەبێت بۆ دواکەوتنی لە فەرمانگەکاندا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کێ تێبینیی هەیە تکایە دەستی بەرزکاتەوە تاوەکو ناونووس بکرێت، کاک مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ماددەی «٦» بڕگەی «٣»کە دەڵێت:(يمنع من مزاولة المهنة من لم يسدد الاشتراك السنوي)، بە رەهایی هاتووە پێم باشە کەوا دیاری بکرێت کە چەند بێت، داوا لە لیژنەی یاساش دەکەم کە ئەم خاڵە روون بکەنەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێخ یەحیا فەرموو.

**بەڕێز یەحیا عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕای منیش هەر وەکو ڕای بەڕێز مەلا هادییە، ئەگەر خاڵی سێیەم هەر هەڵگیرێت، بەڵام لە کۆتایی خاڵی دووەمدا بنووسرێت «ويمنع من مزاولة المهنة»، کەواتە برگەی «٢» بکرێتە: (٢ـ يكون بدل الاشتراك السنوي « ٢٠ » عشرين ديناراً ويدفع في موعد لا يتجاوز شهر شباط من كل سنة وإذا تأخر العضو عن الدفع في الموعد فيغرم ٥٠٪ من بدل الاشتراك وإذا تأخر عن الدفع لسنتين متتاليتين دون عذر مشروع فيشطب إسمه من سجل الاعضاء ويمنع من مزاولة المهنة.)، هەروەها پرسیارێکیشم هەبوو سەبارەت بەوانەی کە ئەگەر هاتوو ئەو ئەندامە هاووڵاتییەکی کوردستانی بوو، بەڵام لە دەرەوەی کوردستان دەژیا، ئایا بڕی ئابوونەکەی هەر وەکو ئەوانی ترە کە لە هەرێمدا دەژین؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم سەندیکایە ڕەنگە تایبەتمەندی خۆی هەبێت، دەبینین لەبەر پێویستی سەندیکا بەوانەی کە لە دەرەوەن و کۆلێژیان تەواو کردووە، سێ جۆرە ئەندامیان لەم پرۆژەیەدا دیاری کردووە، یەکەم ئەندامی کاریگەر کە دەرچووی کۆلێژن و، ئەندامی بەشداریشمان هەیە و، ئەندامی فەخریشمان هەیە، ئەندامی فەخری لە ماددەی «٩»دا هاتووە، دەڵێت: ئەوە لە مافی ئەنجومەنە کەوا ئابوونەکانیان دیاری بکات بەشێوەیەکی ڕەمزی، بەڵام ئەندامە بەشداربووەکان دیاری نەکراوە، لێرە دەبێت لە ئینتماء و تازە کردنەوەدا بڕێک بۆ بەشدار بووان دانرێت، بەشداربووان بڕوانامەکانیان نزم ترە لە ئەندامە کاریگەرەکان، لەبەر ئەوە دەبێت ئینتمائیشیان و بەدەلی ساڵانەشیان لە ئەندامە کاریگەرەکان کەمتر بێت، جا من پێشنیار دەکەم بۆ بەشدار بووان ببێت بە «٢٠» دینار و، بەدەلی ساڵانەش «١٥» دینار دانرێت، ئەمە لە سەندیکایەکی تریشدا بەم شێوەیە هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئەحمەد سالار فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من جەخت لەسەر ئەو ڕایە دەکەم کە ئەوەی لە برگە «٣»دا هاتووە هەر بەو پێیەی کە لە برگەی «٢»دا هاتووە، کە ئەگەر هاتوو بۆ «٢» ساڵ ئابوونەی نەدا ئەوە ناوی لە ناو ناواندا دەسڕێتەوە و، بەپێی مەرجەکانی تر و برگەکانی تریش کە هاتووە ئەو پیشەیە کەسێک دەیکات کە ئەندام

بێت لەم سەندیکایەدا، واتا خۆی لە خۆیدا ناتوانێت ئەو پیشەیە بکات و، ئەو مەرجەش پێویست ناکات لێرەدا وەکو خاڵێک بێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک فەرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێموایە ئێستاش نە من ونە وەزیری داراییش نازانین کێ ئەم پرۆژەیەی ئامادە کردووە؟، ئەوانەی کە ئەم پرۆژەیەیان ئامادە کردووە بۆ خۆیان ئامادەیان کردووە، کە مانگی شوباتیان داناوە، لەوەدا من پشتگیری لە رایەکەی کاک جەمیل دەکەم بۆ مانەوەی مانگی شوبات، هەروەها من ١٠٠٪ پشتگیری لە رایەکەی کاک ئەحمەد سالار و کاک شێخ یەحیا دەکەم، خاڵی «٣» پێویست نییە، پاش خاڵی «٢» ئەم دەستەواژەیەی بخرێتە سەر: «ويمنع من مزاولة المهنة»، ئەگەر «منع» بکرێت، کەواتە هەر لەگەڵ خاڵی «٢» ئەو بەشەی بخرێتە سەر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، من وای بۆ دەچم خاڵی «٣» بۆ ئەوکەسانەیە کە ئابوونەی ساڵانە نادەن، ئەو ئەندامەی کە ئابوونەی ساڵانەی نەدا سەندیکا بۆی هەیە نەهێڵێت ئیش بکات، بەڵام ئەگەر بوو بە «٢» ساڵ لە ئەندامیەتی سەندیکا دوور دەخرێتەوە، تاوەکو ئیجرائێکی تر وەردەگیرێت، راستە منیش لەگەڵتاندام کەوا زۆر روون نییە، بەڵام ئەگەر خرایە سەر خاڵی «٢»ئەوە مانای وایە پاش دوو ساڵ وای لێ دەکرێت، بەڵام پێش ناو سرینەوەکە ئەتوانێ کاری خۆی بکات، لیژنەی یاساش ئەگەر روون کردنەوەیەکی تریشتان هەبێت، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر وەکو جەنابتان ئاماژەتان پێی دا، بڕگەی «٢» (ترقين قيد)ە واتا ناوی وەکو ئەندام لە سەندیکا نامێنێت، بڕگەی «٣» بۆ ئەوەی کە لە کار دوور خرێتەوە، ئەوەیش بۆ ئەوەی کەوا ئابوونە زوو بدرێت، ئەویش پشتگیرییەکە بۆ سەندیکاکە، جا بۆیە پێموانوایە کە هەردوو بڕگەکان لە جێگای خۆیانن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک فەرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پرسیارێکم هەیە ئایا ئەوەی کە «يمنع من مزاولة المهنة» بۆی هەیە بە ئەندامی سەندیکا بمێنێتەوە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەپێی یاسا تاوەکو دوو ساڵ دەمێنێت، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەپێی ئەو بڕگانەی کە دایان ناوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئابوونەی ساڵانەی ساڵێکی نەداوە، کەواتە دەکرێت ئەندامی سەندیکا بێت و ناهێڵرێت ئیشی خۆی بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من کە خۆم ئەندامم لە لیژنەی یاسا، دووپاتی دەکەمەوە کەوا بکرێتە «کانونی دووەم»، چونکە ئابوونەکە تەنها «٢٠» دینارە، باشە مانای چییە کەوا ئەندامەکە راوەستێ و پارەی ئابوونە نەدات، جا لەبەر ئەوەی یەکخرێت لەگەڵ هەموو سەندیکاکانی تر بکرێتە «کانونی دووەم»، ئەوەش هەر بۆ ئاسانکاری ئیشی چاودێرەکان«الرقابة» و، بۆ پشکنین و ئیشی تریش، جا بە رای من یەکخرێت لەگەڵ هەموو سەندیکاکانی تر و بکرێت بە مانگی «کانونی دووەم»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەو رایەدام: (إذا تأخر عن الدفع لمدة سنتين متتاليتين بدون عذر مشروع فيشطب اسمه من سجل الاعضاء و يمنع من مزاولة المهنة)، ئەگەر بەم شێوەیە بێت روون دەبێتەوە، پاش دوو ساڵەکە ئەگەر دواکەوت لە دانی ئابوونە، ئەوکاتە دەبێ لە کار لابرێت، هەرچەندە ئەگەر بچینە سەر ماددەی «٧» پێمولیە کێشەکە زیاتر چارەسەر دەکرێت، بڕگەی «٣»ش هەر زیادە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابت ئاماژەت بە ماددەی «٧»دا، ماددەی «٧» زۆر روونە، چونکە ئەڵێت ئەوەی ئیلتیزامی نەکردبێت و ساڵێک ئابوونەی نەدابێت نابێت ئیشەکە بکات، بەڵام ئەگەر «٢» ساڵ ئابوونەی نەدابێت ئەوە ناوی ئەسرێتەوە، کەواتە سزاکە بە پلە هاتووە، کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشتگیری لە قسەکانی کاک سەعید دەگرم، «کانونی دووەم» سەرەتای ساڵی داراییە، نەوەک

شوبات، هەتاوەکو بۆ حکومەتیش، کاتی خۆی مانگی ئادار بوو، بەڵام ئێستا کانونی دووەم سەرەتای ساڵی داراییە، لەبەر ئەوە کانونی دووەم بمێنێتەوە و لە جێی خۆیەتی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری فەرموو.

**بەڕێز سەرکیس ئاغا جان/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای ئێمەش هیچ لارییەکمان نییە کەوا بیێتە کانونی دووەم، بۆ ئەوەی هەر سەرەتای ساڵیشە، بەڵام لە یاسای سەندیکاکانی تر هەمووی مانگی شوبات دانراوە، ئێمەش لەگەڵ ئەوەداین کەوا ئەم ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە و، تەنها مانگی شوبات بکرێت بە مانگی کانونی دووەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ئەگەر سەندیکاکانی تر مانگی شوبات بێت، بۆ تەنها ئەم سەندیکایە بکرێت بە مانگی کانونی دووەم.

**بەڕێز سەرکیس ئاغاجان/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە یاسای هەموو سەندیکاکانی تر مانگی شوبات دانراوە، بەڵام ئەگەر یەکخرێن شتێکی باشە، بەڵام ئێمە کە دەڵێین کانونی دووەم دەبێت ئەو ئەندامە لەم مانگەدا ئابوونەکەی بدات، چونکە ئێمە دەیچەسپێنین بە یاسا و، کە دەڵێین مانگی شوبات ئەوە بوارێک بەو ئەندامە دەدرێت بۆ دانی ئابوونەکە، جا مانگی شوبات بۆ ئاسانکارییە بۆ ئەندامانی سەندیکاکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک حسێن فەرموو.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قسەکانی بەڕێز وەزیری دارایی هەمووی راستە، لە یاسای سەندیکاکاندا هەمووی هاتووە کە مانگی شوبات دانراوە، بەڵام کە گەیشتووەتە لیژنەی یاسایی بەپێی ئەو یاسایانە هەمووی خراونەتە مانگی کانونی دووەم و، لە کۆبوونەوەی لیژنە لەگەڵ نوێنەرانی وەزارەتی دارایی و ئابووری لەسەر ئەوە رێککەوتین کەوا بخرێنە مانگی کانونی دووەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە یاساکان هەمووی چی دانراوە؟.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یاساکان هەمووی کانونی دووەم دانراوە، بەڵام لەو پرۆژانەی کە لە ئەنجومەنی وەزیرانەوە هاتووە شوبات دانراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک فەرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕەسمی بەشدار بوونی ساڵانەی هەموو ساڵێک لە کاتێکدا دەدرێت کە لە مانگی شوبات تێ نەپەڕێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاستە ئەو سەندیکایانەی کەوا پارساڵ ئێمە یاساکانمان پەسند کرد، لە هەندێکیان بەو شێوەیە هاتبوو، بەڵام پاش ئەوەی کە کۆبوونەوەمان کرد هاتینەسەر ئەو بڕوایەی کەوا کانونی دووەم بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕێزم بۆ قسەکانی کاک حسێن عەلی کەماڵە کە فەرمووی لە پرۆژەکاندا دێت مانگی شوباتە، بەڵام ئێمە دیکەینە کانونی دووەم، ئەوەی کە ئێستا لە دەستی ئێمە و بەڕێز وەزیری داراییە ئەوە پەسەند کراوە لە پەرلەمان کە لە زۆربەیان لە مانگی شوباتدا هاتووە و، هەندێکیشیان لە مانگی ئاداردا هاتووە، لەبەر ئەوەی کە بواری هەبێت، چونکە هەندێ جار پێویستی بە ماوە هەیە، جا لێرەدا هیچ زیانێکی نابێت، چونکە ئەگەر مانگی شوبات بێت بواری باشتر ئەبێت بۆ ئامادە کردنی، هەروەها بەڕێز کاک محەمەدیش فەرمووی کە مانگی ئادار سەرەتای ساڵی دارایی بوو، هەرچەندە ئەو لە من کۆنترە، بەڵام وا نییە بەڵکو مانگی نیسان بوو، ڕاستە پێشان کاتی عەهدی مەلەکی بوو کە مانگی نیسان سەری ساڵی دارایی بوو، پاشان کرایە ١/١، بەڵام «٣»مانگ بواریان ئەدا بۆ «حسابات الختامیە»و زۆر شتی تریش، لەبەر ئەوە ئەگەر مانگی شوبات بمێنێت زۆر چاکترە، سەبارەت بە برگەی «٣»یەمیش وەکو کاک فەرەنسۆ فەرمووی زۆر لەجێگای خۆیەتی کەوا ئەو برگەیە نەمێنێت، ئێمە لە لیژنەی ئابووری داوای هەڵگرتنی برگەی «١»ی ماددەی «٧»مان کردووە، ئەو کاتە هەماهەنگییەکە تەواو دەبێت و، ئەم برگەیە هەڵوەشێتەوە زۆر چاکترە،

سەبارەت بە قسەکانی کاک ئیبراهیم سەعیدیش کە دەڵێت:«ئەندامی فەخری» و ئابوونەکانیان، ئەم ئەندامە فەخریە بۆ دەزگا و موئەسسات و لایەنەکانە نەوەک بۆ کەسان، کەواتە دەزگا و موئەسساتەکان ئەبن بە ئەندامی فەخری لە سەندیکاکەدا، ئەو کاتە ئەنجومەنی سەندیکا بریار ئەدات کەوا توانای ئەم دەزگا و موئەسساتانە چەندە و، بەگوێرەی پێویستی سەندیکا بۆیان دیاری دەکات کەوا چەند ئابوونە دەدەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، تکایە ماددەی «٦» بەو شێوەیە بخوێنرێتەوە کەوا حکومەت پێشکەشی کردووە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة السادسة:

١ـ يكون بدل الانتماء الى النقابة للعضو « ٣٠ » ثلاثين ديناراً.

٢ـ يكون بدل الاشتراك السنوي « ٢٠ » عشرين ديناراً ويدفع في موعد لا يتجاوز شهر شباط من كل سنة وإذا تأخر العضو عن الدفع في الموعد المحدد فيغرم ٥٠٪ من بدل الاشتراك وإذا تأخر عن الدفع لسنتين متتاليتين دون عذر مشروع فيشطب إسمه من سجل الاعضاء.

٣ـ يمنع من مزاولة المهنة من لم يسدد الاشتراك السنوي.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ماددەی«٦» بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی «٦»دایە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا، تکایە ماددەی «٧» بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة السابعة:

١ـ لا يجوز مزاولة المهنة لغير اعضاء النقابة الذين اوفوا بالتزاماتهم بموجب هذا القانون.

٢ـ على الدوائر الرسمية وشبه الرسمية ارسال صورة من امر تعيين او تشغيل الى النقابة إذا كان منتمياً اليها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسا هیچ تێبینیمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس،رای لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی دارایی ئەوەیە کەوا بڕگەی «١» هەڵگیرێت «حیث لا تتفق مع مبادئ التجارة الحرة وسیاسة الاقتصاد المفتوح»، ئەوەی کە ئەبێت بە ئەندام لە سەندیکادا زۆر شتی بۆ دەکرێت ئەویش وەکو یانەی وەزشی و یانەی تەرفیهی و شتی تر، ئەویشی کە لە کوردستاندا کار دەکات دەتوانێت ببێت بە ئەندامی ئەم سەندیکایە، نەوەک ئێمە وەکو ئابووری ناسێک فەرزی کەینە سەری، جا بۆیە بە رای ئێمە بڕگەی «١» هەڵگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەو بەڕێزانەی کە تێبینییان هەیە دەستیان بەرزکەنەوە، بەڕێز د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بڕگەی «١»دا هاتووە کە دەڵێت:(لا یجوز مزاولة المهنة لغیر اعضاء النقابة) ئەمە هەمووی دژی ئەوەن کە دەڵێت(إذا کان منتمیاً الیها)، ئەمە لەگەڵ کارو پیشەی ئابووری ناسێک ناگونجێ، چونکە کارەکەی ئەو وەکو دەرمانسازێک نییە، لەوانەیە لە نووسینگەیەکی تایبەتیدا کار بکات، جا دەستەواژەی(إذا کان منتمیاً الیها) دژایەتییەک دروست بکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش هەمان تێبینیم هەبوو، بەڵام لێرەدا سەبارەت بە بڕگەی «١» کە دەڵێت:«لا یجوز مزاولة المهنة» دیاری نەکردووە کەوا پیشەکە چییە، بڕگەی «٢»ش دەڵێت:«علی الدوائر الرسمیة وشبه الرسمیة» مافی خۆیەتی کەوا داوای فەرمانی دامەزراندنی بکات، تاوەکو ئەو کەسەی کە ئەندامی سەندیکا نەبێت تەئیدی نەدەنێ، بەڵام پێم باشە لێرەدا کە ماددەی «٨» بچێتە شوێنی ماددەی «٧»و ماددەی «٧»یش بێتە جێگای ماددەی «٨»، چونکە لێرە دیاری کردووە بەشداربووان کێن، تاوەکو پیشەی ئابووریناسەکان دیاری بکرێت کەوا چییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێمانوایە کەوا دەقەکە لە جێگای خۆیەتی، بەڵام ئەگەر لە بڕگەی «٢» «إذا کان منتمیاً الیها» لابردرێت، هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێ، چونکە بڕگەی «١» روون و دیارە کە پیشەکەی

دەکات، یا نە، بە بۆچوونی ئێمە ئەگەر «إذا كان منتمياأاليها» نەمێنێت هیچ لە بابەتەکە ناگۆڕێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بڕگە «٢» ئەبێت بکرێتە :(٢ــ علی الدوائر الرسمیة وشبه الرسمیة ارسال صورة من امر تعیین او تشغیل الی النقابة)، کاک فەرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئێستا وەزارەتی مافی مرۆڤمان داناوە، ئایا ئەمە ئێستا پێشێل کردنی مافی مرۆڤ نییە کە «منع مزوالة» بکرێت؟ هەتاوەکو ئەگەر بە یاساش بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بنەماو ئوسوڵی سەندیکاکان لە هەموو دنیادا بەو شێوەیەیە، ئەبێت بچنە ئەو سەندیکایەوە تاوەکو بەرگری لە مافەکانیان بکەن و، سەندیکاش لە هەمان کاتدا ئەبێت چاودێری مەرجەکانی بە ئەندام بوون بکات، لەبەر ئەوە ئەمە دژی مافی مرۆڤ نییە، ئەندام تەنها بەدەڵێکی زۆر کەم دەدات و، بەرامبەر بەو بەدەلە ئەندامی سەندیکاکەیە و ئیشی خۆی دەکات، تەنها رەسمی پیشەکەیە، ساڵی «٢٠»دینار دەدات بەرامبەر بەوە ئمتیازاتی ئەبێت و مافەکانیشی ئەپارێزرێت، ئەمە یەکێکە لە مەرجەکانی مافی مرۆڤ، کە بووش بە ئەندامی سەندیکا تۆ لایەنێکت بۆی دانا کەوا بەرگری لێ بکات بەرامبەر بە دەزگاکانی قەمعی و، هەر هەڵسووکەوتێکی نا یاسایی هەبێت، کە لایەنێکی شارستانی هەڵبژێردراوە و بەپێی یاسا دانراوە و دێت بەرگری لێ دەکات، جا ئەمە بنەرەتی بابەتەکەیە، کاک فەرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کەواتا ئەگەر بەشداری نەکرد لە سەندیکادا پێشێلی مافی مرۆڤ دەکات، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڵێ کەواتا مافی مرۆڤ پێشێل دەکات، وەزیری دارایی فەرموو.

**بەڕێز سەرکیس ئاغاجان/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم ماددەی «٨» و ماددەی «٩» ئەو بۆشاییەیان پڕ کردووەتەوە، بواریشیان داوە بە دەزگا و موئەسسات و دەستە پیشەیی و بازرگانی و ئابووریەکان کە وەکو ئەندامی فەخری بەشداری بکەن لە سەندیکادا، ئەگەر بێت و ئەم ماددەیە وەکو خۆی بمێنێتەوە ئەوە رێگا لەوان ناگرێت کە ئیشی خۆیان بکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، هیچ تێبینی تر هەیە؟، نییە، تکایە ماددەی «٧» جارێکی تر بخوێنرێتەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة السابعة:

١ـ لا يجوز مزاولة المهنة لغير اعضاء النقابة الذين اوفوا بالتزاماتهم بموجب هذا القانون.

٢ـ على الدوائر الرسمية وشبه الرسمية ارسال صورة من امر تعيين او تشغيل الى النقابة.

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:

ئێستا ئەم ماددەیە بەم شێوەیە دەخەینە دەنگدانەوە کە خوێنرایەوە، کێ لەگەڵ ماددەی «٧»دایە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە گشتی دەنگ ماددەی «٧» وەرگیرا، سوپاستان دەکەین،دێینە سەر ماددەی «٨» فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الثامنة:**

المشاركون:

يجوز قبول الاشخاص المبينين ادناه بصفة مشاركين للاستفادة من خبرتهم او للافادة من فعاليات النقابة:

١- الاقتصاديين الاجانب المقيمين في كوردستان العراق ممن تتوفر فيهم شروط المادة الرابعة.

٢- حملة الشهادات العالية المشتغلين في الامور الاقتصادية او المالية او التجارية لمدة لاتقل عن خمس سنوات بشهادة حكومية او من شركة مساهمة او ذات مسؤولية محدودة على ان تتوفر فيهم شروط الاهلية.

٣- خريجوا المعاهد التجارية والاقتصادية والمالية والحسابية ممن لاتقل مدة دراستهم عن ثلاث سنوات بعد الاعدادية.

سەبارەت بە لیژنەی یاسا ئێمە هیچ تێبینیەکمان لەسەر ئەو ماددەیە نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش هیچ تێبینیمان لەسەر ئەو ماددەیە نییە ،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە با دەستیان بەرز بکەنەوە تاکو ناو نووسیان بکەین، کاک حەمید میران فەرموو.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من ئەو برگەیەی کە بۆ بیانی هاتووە کە ماوەی ٥ساڵی لێرە بە تەئییدی دەزگاکانی خۆمانی بۆ داندراوە، ئەو ٥ ساڵە لابدرێ، بیانیەک لێرەیە حەز دەکات بەشداری بکات ، سودیش لە شارەزاییەکەی دەکرێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە بۆ بیانی نییە، خاڵی دووەم (حملة الشهادات العالية المشتغلين في الامور الاقتصادية...) مەرج نییە بروانامەکەی ئابووری بێت، بروانامەیەکی بەرزی هەیە لە ئەندازە لە شتێکی تر بۆی هەیە ئەندامێکی بەشدار بوو بێت بە مەرجێ لە پیشەی ئابووری کاری کردبێ ، بۆ روون کردنەوە.کاک د.ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی ساڵح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ خاڵی سێیەمدا نیم کە هاتووە دەرچوانی پەیمانگاکان، لەبەر ئەوەی هاودژە لەگەڵ خاڵی چوارەم ، کە تیایدا هاتووە کە لە بەکالۆریۆسی کەمتر نەبێ ، واتا شتێ داخل دەکەی کە لە بەکالۆریۆس کەمتری هەیە، ئەوە فەرقی هەیە لەگەڵ خاڵەکانی تر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەشدار بوو لەگەڵ ئەندام جیاوازیەکی زۆری هەیە.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی ساڵح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەزانم جیاوازی هەیە، بۆ نمونە ئابووری ناسانی بیانی لە برگە یەک دەڵێ مەرجی ماددەی چواری تێدا بێت، ئەدی ئەوە بۆ ئەو مەرجەی تێدا نەبێ؟لێرە جۆرە هاودژیەک هەیە، لەلایەک شتێ قەبوڵ دەکەی کە لە ماددەی چوارەم کەمترە، لە لایەکی تر ئەو مەرجە دایدەنێی لە هەمان برگە هاتووە،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەڵامەکەی بۆ لیژنەکان بەجێ دێڵین، مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێزمەلا تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من برگە یەکی ئەو ماددەیە بە زیاد دەزانم، چونکە لە برگە یەکی ماددە چواردا لە مەرجەکانی ئەندامیەتی (مقیماً فیە) جێگیر کراوە، بۆیە ئەو برگەیە زیادە، ئەوە یەکەم . دووەم،کە مادام بەشدار بوو هەبێ لەو سەندیکایە دەبوو لە پێناسەکاندا لە ماددەی یەکەمدا هەبوایە، ئەمە دوو، سێیەم، لەو ماددەیە حەق بوو بەدەلاتی چونە ریز و بەدەلی بەشدار بوون تەقدیر بکرێ بۆ بەشدار بوو ، چونکە ئەوەی پێشو بەدەلاتی ئەندامیەتیە نەک هی بەشدار بوو، ماددەی ٨ تەنها بۆ

هەردوو برگەی دوو و سێ هەیە ، وەکو استثنا وایە وەکو جەنابی د. ئیدریس فەرمووی دەرچوانی پەیمانگای بازرگانی و ئابووری و حسابی کە ماوەی خوێندنیان لە سێ ساڵ کەمتر نییە وەر بگیرێن ئەوە وەکو استثنا وایە، حەقە وەکو بەشدار بوو برگە دوو و سێ بمێنێتەوە بەلام برگەی یەک زیادە ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئەحمەد سالار فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو زاراوە یاساییانە لە رووی یاساییەوە هەر یەکە چەمک و واتای خۆی هەیە، ئەندام چ بەشدار بوو بێت یان کارا بێت چ شاناز بێت ، هەر یەکە تایبەتمەندی خۆی هەیە لە رووی یاساییەوە کە دەڵێین ئەندامی بەشدار بوو، بەپێی یاسا پاش ماوەیەک هەر لە بەشدار بوو نامێنێتەوە، دەگۆرێت دەبێتە ئەندامی کارا ، ئەم خاڵە کە لە ماددەی ٩ش هاتووە بەناوی ئەندامی شاناز ، دەتواندرێ ٨ و ٩ کۆ بکرێتەوە، چونکە کارەکەیان وەکو پێویست ، پێویستی پێیەتی ، وەکو پسپۆرێ لە وێ بەکاری دێنن، ئەگەر لە جیاتی ئەندامی هاوبەش زاراوەیەکی گونجاوی باشتر هەبێ ، یان ئەگەر نەبێ ئەوە شانازەکە لە بار و گونجاو تر بێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی ٦١دا کە بۆ بەدەلاتی ئینتماء و اشتراک ئەو بابەتەم خستە روو،لە راستیدا مەبەستم لە بەشدار بوو وەلامی لێژنە چوو بۆ ئەندامی شاناز، من شانازم راڤە کرد کە لە یاساکە هاتووە دەڵێ بەدەلات مشارەکە رەمزیە، من باسی رەمزیم نەکرد من باسی بەشدار بووم کرد، و امتیازی بەشداربوو لە سەندیکا کەمترە لە امتیازی ئەندامی کارا بە پێی ماددەی ١٠ کە دەڵێ ئەوانە بۆیان نییە کەواتە چ ئەندامی کاراو چ شاناز بێت ئامادە بن لە کۆبوونەوەی دەستەی گشتی ئامادەبن و خۆیان بپاڵێون بۆ ئەندامیەتی ئەنجومەنی سەندیکا، لەبەر ئەوە بە رای من دەبێ بەدەلاتی انتماء و اشتراکیشیان کەمتر بێت لە ئەندامی کارا، و ئەگەر ئەندامانی پەرلەمان بیانەوێ وەکو خۆی بمێنێت، قەیدی ناکات ، بەلام ئەگەر نا لێرەدا ئەتوانین برگەیەک زیاد بکەین بڵێین ( تحدد بدلات الانتماء و بدلات الاشتراك السنوي للاعضاء المشاركين في النظام الداخلي) لەو گرفتە خۆمان نەجات دەین ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک رەجەب فەرموو.

**بەڕێز ڕەجـــەب شــــەعـــــبـــــان تـەیب:**

**بـەڕێز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــومــــــەن.**

قسەکانی من کران، سوپاس.

**بـەڕێز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــومــــــەن:**

سوپاس، کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێز محـەمـەد سـەعـیـد ئەحـمـەد یعـقـوبی:**

**بـەڕێز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــومــــــەن.**

لە بڕگە سێ هاتووە دەڵێ دەرچوانی پەیمانگاکان ئەوەی ماوەی خوێندنیان سێ ساڵە، وابزانم لە کوردستان پەیمانگە نییە ماوەی خوێندنی سێ ساڵ بێت، پەیمانگاکان خوێندنیان تیادا دوو ساڵە، بۆئەوەی ئەوانیش بێ بەش نەبن لە پێشکەش کردنی خزمەتیان بۆ ئەزمونەکەمان من داوا دەکەم سێ ساڵەکە بکرێتە دوو ساڵ، لە کوردستان بڕوانامەیەک نییە سێ ساڵ بێت یان بە دوو ساڵە یان بە چوار ساڵە کە کۆلیژە، سوپاس.

**بـەڕێز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــومــــــەن:**

پەیمانگای فەنی چەند ساڵە، ئەوە خاص بۆ ئەوان کراوە، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بـەڕێز فـــــەرەنـســــۆ تـۆمـــــا هـەریری:**

**بـەڕێز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــومــــــەن.**

من هەمان تێبینی مەلا تاهیرم هەبوو، ئێمە(من مواطني اقليم كوردستان و مقيماً فيه)مان هەموار کرد، لەبەر ئەوەی مقیما فیە ئێمە زیادمان کرد،پێم وایە ئەوە هاو دژە، ناکۆکە لەگەڵ ئەوەی تر ، دەبێ کۆکیان کەن لەگەڵ ئەوەی تر،جا نازانم لیژنەی یاسایی چۆن کۆکی دەکات؟ بیانی کێیە ؟ مقیمە؟، ئێمە گوتمان کە هەر کەسێ مقیم بێت مافی هەیە، ئێستا دەبێ تەفسیرێک بکرێ،سوپاس.

**بـەڕێز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــومــــــەن:**

لیژنەی یاسایی فەرموون.

**بـەڕێز شــــێـــــروان نـاسح حــــەیدەری:**

**بـەڕێز ســــــەرۆکـی ئـەنجــــومــــــەن.**

ئێمە پێمان وایە ئەوە ماددەیەکی بەدەر(استثناء)یيە و تایبەتمەندی خۆی هەیە،ئەوەی مامۆستا مەلا تاهیر و کاک فرەنسۆ ئاماژەیان بۆ کرد ئەگەر ئێمە مقیمین لێرە بخوێنینەوە، بیانیەکانیش دەگرێتەوە، ئەوانەی کە مەرجەکانی ماددەی ٤ یان تێدایە، مەرجەکانی ماددە ٤ سەبارەت بە ٢ و ٣ نەهاتووە، مانای وایە تەنها سەبارەت بە بڕگە یەک هاتووە ئێمە باش دەزانین پێویستیمان بەئابووری هەیە پێویستیمان بە بازرگانی هەیە، بۆیە بە بۆچونی ئێمە ئەو سێ بڕگەیەی کە هاتووە بۆئەوەیە کە سود لەو تایبەتمەندیانە بکەین ، بۆیە ئێمە پێمان وایە ماددەکە لە جێگای خۆیەتی و هیچ کەم و کوڕی تێدا نیە،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خالی سێیەم ، ماوەکە لە سێ ساڵ بکرێتە دوو ساڵ،چونکە پەیمانگاکانی ئێمە کە ئابووری ناس تێیدا دەردەچێ دووساڵە،دەبێ ئەوانە بگرێتەوە چونکە بۆ ئەوان کراوە .

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕاستە پەیمانگاکان هەموویان ماوەکانیان دوو ساڵە، ئێمە لاریمان نییە بۆ ئەو بڕگەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەزیری دارایی تێبینیتان نییە؟.

**بەڕێز سەرکیس ئاغا جان/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی «٨»زیاتر بۆ ئەوەیە کە سەندیکا سوود لەو خەڵکە وەرگرێ، یەکێ کە دەبێتە ئەندامی سەندیکا، خۆی هەندێ امتیازاتی هەیە، برادەران تێکەلاویەکیان کرد، لێرە مشارەکە دەکا سەندیکا زۆرتر سود لە شارەزایی ئەوانە وەردەگرێ، سەبارەت بە دوو ساڵەکە ئێمەش لەگەڵ ئەوەین بکرێ بە دوو ساڵ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی تێبینیتان نییە؟.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە قسەکانی د. ئیدریس ، لێرە ئەو مەرجانە بۆ بەشدار بوو داندراوە گەلێک سوکترن لە مەرجەکانی ئەندامی بەردەوام ، لە بڕگەی ٣ بۆ دەرچوانی پەیمانگا ئابووری و بازرگانی ، تاکو بواری زیاتری بدرێتێ ئەوانەی لە هەرێمدان تاکو سودیان لێ وەربگیرێ ، نەوەک هەمان مەرجی ئەندامی هەمیشەیی، گەر لەسەرەتای ماددەی یەکەم تەماشاکەین هاتووە،(یجوز قبول اشخاص) واتا بە زۆر نییە سەندیکا بەکەیفی خۆبەتی دەڵێ(یجوز قبول الاشخاص المبينين ادناه بصفة مشاركين للاستفادة من خبرتهم او للافادة من فعاليات النقابة)واتا ئەگەر سودی لە چالاکی ئەو وەرگرت ئەوە دەیکاتە ئەندامی بەشدار بوو، ئەگەر سودی نەبێ وەری ناگرن، واتا بەشدار بوو بەزۆر نییە وەکو ئەندامانی تر ، بەڕێز ابراهیم سەعیدیش فەرموی لە بەشدار بوو کە باسی مەبلەغی (انتماء)ی نەکردوە سەندیکا وەریان دەگرێ تاکو سودیان لێ وربگرێ بۆیە هیچ مەبلەغمان دیاری نەکردوە،کەچی بۆ ئەندامی شاناز و ئەندامی کارا دامان ناوە لەبەر ئەوەی دەستەی سەندیکا دای دەنێ، بەڕێز سەعید یعقوبی فەرموی پەیمانگاکانمان خوێندن تیایاندا دوو ساڵە سێ ساڵ نییە، هەرچەندە بەڕێز سەعید یعقوبی لە من کۆنترە خۆی دەزانێ کە پەیمانگای

ئەندازیاری بەغدا سێ ساڵ بوو، بە سێ ساڵ دەردەچون ساڵەک کاریان دەکر ئینجا دەبوون بە ئەندازیار وەکو بەکالوریوس و ل موصلیش پەیمانگای ژمێریاری بەرز هەبوو کە خوێندنیان سێ ساڵ بوو دەرچووی ئەوانەش ئێستا لە هەرێم زۆرن، سێ ساڵیان خوێندوە. وە ئەوەش رێگا لە زانکۆکانی هەرێم ناگرێ کە ماوەیەکی تر پەیمانگایەک بکاتەوە خوێندنی سێ ساڵ بێت، هەروەها لە زۆر لە زانکۆکانی ئەوروپاش لە تورکیاش هەیە خوێندن هەیە ناوی (المعهد العالي) ـە کە خوێندنی سێ ساڵە ،نە دووساڵە و نە چوار ساڵە، لەبەر ئەوە ئەگەر بکەینە دوو ساڵ زۆر کەمە ،سەندیکای ئابووری ناسان چی لە برادەرێک دەکات کە دوو ساڵی خوێندبێ، ئەوەی لەو پەیمانگایانە وەردەگیرێن ئەوانەن کە زۆر نمرەکانیان کەمە توانایان کەمە، بۆیە ئێمە وای بەباش دەزانین ماددەکە وەکو چۆن هاتووە وا بمێنێتەوە وراش رای سەرۆک و ئەندامانی پەرلەمانە ،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی تر هەیە؟ مامۆستا مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە کوردستان هیچ پەیمانگایەکمان نییە کە سێ ساڵ بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم کاک فرەنسۆش ئاماژەی بۆ کرد برگەی ١ لەو ماددەیە وابزانم دەبێ لابدرێ بەحوکمی ئەو گۆڕانکاریانەی کرا لەو بڕگەیە دەبێ ئەندامی ئەصلی بێت ، ئەگەر راڤەیەکی تر هەیە با بزانین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوو جۆرە مقیم هەنە، مقیمێک هەیە کوردە بۆنمونە بلێین خەڵکی باقوبەیە خەڵکی سنجارە خەڵکی شوێنێکی ترە هەرچەند ئێمە داوای هەموو کوردستان دەکەین، سوریشین لەسەری ، ئەوەی مقیمە لێرە ئەوە مافی خۆیەتی ببێ بە ئەندامی سەندیکا. مقیمێکی تر هەیە هاولاتیەکی عێراقییە یان نەتەوەیەکی ترە نفوسی عێراقیە و هاولاتیەکی عێراقییە ئێمەش بەشێکین لە عێراق، ئەویش لە هەرێم مقیمە ئەویش مافی خۆیەتی ببێ بە ئەندام ، ئەوە مقیمی بیانییە واتا عێراقی نییە، مقیمەو بیانییە دەبێ بە ئەندام وابزانم وا شی دەکرێتەوە،کاک سەعید فەرموو.

**بەڕێزمحەمەد سەعید ئەحمەد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک جەمیل فەرمووی کە لە بەغدا کاتی خۆی پەیمانگایەک هەبووە خوێندنی تیایدا سێ ساڵ بووە، یان لە موصل بە سێ ساڵ بروانامەی دەدا، ئەوەی مەبەستی بریار دانەرە لە دانانی ئەو سەندیکایە، خزمەتی هەزارەها دەرچواتی ئەو پەیمانگایەیە کە دەبێ ئێمە خزمەتیان بکەین، من مەبەستم ئەوە نییە کە لە بەغدا بە سێ ساڵ بروانامەیەکیان داوەتێ ، لەوانەیە ئێستا لەوێش گۆرابێ ئێمە ئاگامان لێ نیە ، ئەوە ١٠ ساڵە ئەندامێکی تازەمان بۆ نەهاتووە، ئەگەر بە هەمووی ١٠ یان ١٥ یان ٢٠ کەسی هەبن، کە ئێمە خزمەتی هەزارەها کەس بکەین کە دەرچووی ئەو پەیمانگایەن یاساکە نەگۆرین بۆ بەرژەوەندی ١٥ کەسێ هەن بە سێ ساڵ ئەوپەیمانگایەیان تەواو کردووە ، لەبەر ئەوەی مەبەستی بریار دانەر روونە کە دەیەوێ خزمەتی ئەو توێژەیە بکات ، بۆ ئەوەی بەشدار بن لە خزمەتی ئەو ئەزمونە ،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د.ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە برگەی ٣ راستە کە پێشان پەیمانگا هەبوو سێ ساڵ بوو لە بەغدا و موصل ،ئەوانەی کۆنن و شارەزاییان هەیە دەزانن کە خەڵکێ هەیە سێ ساڵی خوێندبێ، پەیمانگاکانی ئێمە دوای راپەرین هەموویان دوو ساڵن، ئەگەر بمانەوێ سود لەوانیش وەربگرین ئەوانیش بێ بەش نەبن دەتوانین داخیلیان بکەین ، بیکەینە دوو ساڵ، سێ ساڵەکە دەی گرێتەوە واتا ئەوەی سێ ساڵیشی خوێندووە دەیگرێتەوە بەلام ئەگەر سێ ساڵەکە بمێنێتەوە ئەوە دوو ساڵەکە نایان گرێتەوە،ئەگەر بە مەرجێ بێت ئەوانە هیچ امتیازاتێک و مافێکیان نەبێ وەکو ئەندامی ئەصلی، ئەوانە(ئەندامانی بەشدار بوو) لە داهاتوو داوای امتیازات و مافی خۆیان ناکەن ؟ یان مافیان نییە داوا بکەن؟،یان هەر ئاوەها خبرە پێشکەش دەکەن و داوای هیچ ناکەن؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(یجوز قبول الاشخاص المبینین ادناه بصفة مشارکین للاستفادة من خبرتهم او للافادة من فعالیات النقابة) واتا ئەوانیش سوود وەرگرن لە هەمان کاتدا نەی گوتوە ئەندام گوتویەتی بەشداران ، بەشدار بوو مافی ئەوەی نییە لە کۆنگرەی گشتی ئامادە بێت و مافی ئەوەی نییە خۆی بپاڵێوێ، لەبەر ئەوەی مەرجی تێدا دەستەبەر نابێ، بەکالوریوسەکەی نییە ، کەمترە سەبارەت بە پەیمانگاکانی ئێمەوە،منیش وای بۆ دەچم کە چینێکی گەورە دەگرێتەوە کە، ئێمە پەیمانگەیان بۆ دەکەینەوە، خزمەتیان دەکەین پارەیان لێ سەرف دەکەین خۆ دەبێ لە شوێنێ جێگایان بۆ بکەینەوە،کە دایان دەمەزرێنین بە ئابووری ناس دایان دەمەزرێنن ، لە کاروباری ئابووری کار دەکەن ، کاک فرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فـــــەرەنســـــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

ئەوەی ئەو پرۆژەی داناوە زۆر چاک دەزانێ کە خوێندنی پەیمانگا لە هەولێر دوو ساڵە ،ئەنجومەنی وەزیران کە ئەو پرۆژەی ناردووە ئەویش دەزانێ کە دوو ساڵە، کەواتە ئەوان ئەو حسابەیان کردووە، بۆیە پرۆژەی حکومەت چۆن هاتووە وای قبوڵ کەین ،ئەگەر ویستیان ئەوانەی ئێرەش سوود وەرگرن دەتوانن پێشنیارێک پێشکەش کەن بۆ هەموار کردنی،ئەوەی ئەوەی داناوە بەڵکو نایانەوێ ئەوانە بەشداری بکەن ،ئەو واقیعەی ئێمە باسی دەکەین ئەویش ئەو واقیعە باش دەزانێ ، بەڵام بۆ داوای نەکردووە نازانم، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن:**

ئایا جەنابت پشت راستی کەوا ئەوە پرۆژەی حکومەتە؟.

**بەڕێز فـــــەرەنســـــۆ تۆمـــــا هەریری:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

من گوتم من و وەزیریش نازانین کە کێ دای ناوە ، جەنابت گوتت کە هی حکومەتە

من ئێستاش نازانم ئەوە کێ دای ناوە، قەیدی ناکات ١٠ کەس ئێوە نین پەرلەمان نییە هەندێ خەڵک هاتوون داویانە بە پەرلەمان ١٠ کەسی پەرلەمان ئیمزایان کردوە و ناردیتیان ، بەڵام من نازانم ئەو ١٠ کەسانە کێ بوون، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن:**

ئەو ١٠ کەسە ئابووری ناسن، داویانە بە ئەندامانی پەرلەمان ١٠ ئاندامی پەرلەمان ئامادەیان کردووە، بە ئامادەبوونی وەزیری تایبەتمەند کە وەزیری دارایی و ئابوورییە، ئێمە وەکو ئەندامانی پەرلەمان کە مافی خۆمانە بەرژەوەندی گشتی رەچاو بکەین و گفتوگۆی بکەین ، ئینجا چی بەرژەوەندی گشتی تێدا بێت بڕیاری لەسەر بدەین، بڕیارەکەش بۆ ئەندامانی بەڕێزی پەرلەمان دەگەڕێتەوە، فەوزیە خان فەرموو.

**بەڕێز فـــــەوزیە عـــــیـــــزەدین ڕەشـــــیـــــد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن.**

ئێمە لێرە یاسایەک دادەنێین بۆ هەرێمی کوردستان ئەگەر دوو ساڵەکە بێ ئەوە ئەو پەیمانگایانەی لە هەرێمن دەیان گرێتەوە،ئەوانەش کە کەمینەن سێ ساڵ پەیمانگایان خوێندووە ئەوانەش هەر دەگرێتەوە ،با لەسەر دوو ساڵەکە بێ، سوپاس .

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئەنجـــــومـــــەن:**

سوپاس، کاک رەجەب شەعبان فەرموو.

**بەڕێز رەجەب شەعبان تەیب:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر سێ ساڵ بنوسین ، بۆچی ئێمە قوتابیانی خۆمان دەستخەرۆ بکەین؟ بەڵکو ئەوانیش سودی لێ وەرگرن و ئەوانیش خۆیان پێبگەیەنن بۆ دوا رۆژیان ،لەوانەیە دواتر سەندیکا ئەگەر بەپێویستی زانی هەموارێک داوا بکات،مەبەستمان تەنها ئەوەیە کە ئەوان رەنج بە خەسار نەبن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شێخ یەحیا فەرموو.

**بەڕێز یەحیا عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەک دوو تێبینیم هەبوو پێشتریش دەستم هەڵ بڕی، لەبارەی ئەو بەشدار بووانە حەز دەکەم سێ ساڵەکە بمێنێت ، بەباشی نازانم دەرچوانی پەیمانگاکانی ئێمە لە سەندیکا وەربگیرێن بە بەشدار بوو بۆچی ببن بەمشارک؟ بۆ نەتوانن ببن بە ئەندام لێژنە بۆ خۆیان دروست کەن یان صفەتی ئەندامیەتیان بۆ نەبێ؟ جابۆیە من بە باشی دەزانم سێ ساڵەکە وەکو خۆی بمێنێتەوە بۆ ئەوەی نەیان گرێتەوە تاکو بۆ خۆیان وەکو دەڵێ شتێ دروست دەکەن ،واتا شەرەفی ئەوەیان هەبێ کە ئەندام بن لە سەندیکایەکدا نەک بەشدار بن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سیروان کەکەیی فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ حوسێن کاکەیی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێموایە لێرە کە ماددەی ٨ هاتووە بۆ سوود وەرگرتنە لە شارەزایی، واتا ئەو کەسە دەبێ شارەزایی هەبێ واتا شارەزا بێ ، بۆ ئەوە نەهاتووە کە دەرچووی پەیمانگا لێرە داخل بکەین،ئێمە لەو پەرلەمانە بۆ دەرچوانی پەیمانگاکان لە اختصاصاتی تردا سەندیکامان دامەزراندووە،بۆیە پێویستە بابەتەکە دیراسەت بکرێ ئەگەر ئەوانە توێژێکی زۆرن لەو اختصاصەدا دەبێ بیر لە چارەسەرێکی تایبەتمەند بکرێتەوە بۆیان،هەر وەک کاک شێخ یەحیا گوتی شەرەفی ئەوەیان پێ بدرێ کە ئەندامی سەرەکی بن لە سەندیکایەکەدا کە مافیان دەستەبەر بێت ، من پێم وایە ئەوە بۆ ئەوە هاتووە کە شارەزاییەکیان هەیە تاکو سوودێک پێشکەش بە سەندیکاکە بکەن، بۆیە ئەندامیەتی بەشداریان پێ دراوە، لەبەر ئەوە من دەبینم کە دوو بابەتی زۆر جیاوازن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک سەفەر فەرموو.

**بەڕێز سەفەر محەمەد حوسێن:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وەكو من ئاگادارم هەرچەندە خوێندنی پەیمانگا دوو ساڵە بە سێ ساڵ حسابە لە بەر ئەوەی لە ماوەی پشوودا مەشق دەكەن ، هەروەها بۆ خزمەت و دامەزراندنیش بە سێ ساڵ حسابە ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاك سەعید فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید ئەحمەد یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بۆ ئەوەی سێ ساڵەكە بكرێتە دوو ساڵ من پێشنیار دەكەم كە پێشنیارەكەم بخرێتە دەنگ دانەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، كاك د.ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە رای من ئەوەی ئەو برگەیەی داناوە خۆی دەرچووی پەیمانگای سێ ساڵیە ، رای ئەوانەیان وەرنەگرتووە كە دوو ساڵەن، بۆیە ئەگەر بمانەوێ دەرچووانی دووساڵە داخل بكەین بیكەینە دوو ساڵ ، ئەگەر نا ئەو برگەیە زیادە حەق نییە داخل بكرێ،یان داخلی نەكەین یانیش بیكەینە دوو ساڵ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكایە ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە دەستیان بەرز بكەنەوە ئەوە دواجارە كە ناونووس دەكەین، دواتر اكتفا بە گفتوگۆی ئەو ماددەیە دەكەین وبەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری فەرموو.

**بەڕێز سەركیس ئاغاجان/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەگەر دوو ساڵەكە لێرە دانێین ساڵەكانی خزمەت زیاد بكەین ، ئەو كاتە هەم مراعاتی خیبرەی دەرچوانی پەیمانگاكانمان كردووە، بۆ نمونە دەرچووی پەیمانگابێ دووساڵی خوێندوە لە هەمان كاتدا شارەزاییەكی ٥ساڵەی هەبێ، شتێكی وا لەسەر ماددەكە زیاد كەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

كاك جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو سەندیكایە تایبەتمەندە بە ئابووری ناسان، ئێمە لەم بابەتەدا لەكاك فرەنسۆ ئاگادارمان پترە كە پەیمانگای بەرزی مامۆستایان سێ ساڵیان دەخوێند دەبوونە مدرس، دوو ساڵ جیاوازە سێ

ساڵ جیاوازە، بەڕێز کاک سەعید گوتی مەبەستی مشرع، لەڕاستیدا مەبەستی بریار دانەر تەواوە کە سێ ساڵی داناوە، نەی نووسیوە دوو ساڵ، کاک سەعید و ئەوانەی دەیانەوێ لە دوای مەبەستی بریار دانەر بچن، ئەوانە بۆ چی سێ ساڵیان داناوە؟: گەر ئێمە لێرە سەیری بکەین نووسراوە(خريجي المعاهد التجارية والمالية و الحسابية) پرسیار لە بەڕێز کاک سەعید و برادەران دەکەم ،ئایا یەک پەیمانگا هەیە لە هەرێم بە ناوی پەیمانگای بازرگانی ، یان پەیمانگای ئابووری ،یان پەیمانگای دارایی ، یان پەیمانگای ژمێریاری؟ یەک لەو پەیمانگایانە لە هەرێم نییە، ئەوەی لە هەرێم هەیە خوێندنیان دوو ساڵە کە پەیمانگای هونەریە، نابێ ئێمە یەکێ بێنین غەیری ئابوری لە سەندیکا سوودی لێ وەرگرین بڵێین با ئەوەش ئەندام بێت جا چ ئەندامی کارا یان شاناز ئەوە لە جێگای خۆیدا نییە، سەندیکای پزیشکان هەیە هەموویان دکتۆرن و بەکالۆریۆسیان هەیە بۆ دەرچوانی پەیمانگای پزیشکی سەندیکای تایبەتیان هەیە کە سەندیکای خاوەن پیشە پزیشکییەکانە، ناکرێ من بێم دەرچووی پەیمانگای پزیشکی لەگەڵ پزیشک لە یەک سەندیکا دایان بنێم، نە بە شاناز و نە بە کارا نە بە هیچ شێوەیەک، سەندیکای ئەندازیاران دەبێ هەموو بەکالۆریۆسیان لە ئەندازە هەبێ او مایعادلها، لەبەر ئەوەی دەقەکە چۆن هاتووە زۆر بە چاکی دەبینین، لەبەر ئەوەی مەرج نییە پەیمانگا لێرە هەبێ لەوانەیە پەیمانگا لە تورکیا هەبێ لە نەمسا هەبێت یان لە هەر ولاتێکی ئەوروپی بێت ،دووریش نییە پەیمانگای بەرز لە زانکۆکانی خۆمان ، لە زانکۆی سەلاحەدین یان دهۆک یان سلێمانی بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە رای من ئەو بابەتە تایبەتە بەو کوردانە کە لە دەرەوەی ولات دەخوێنن ، ئەوانەی لە ئەنستیتیۆتی تەکنەلۆجی لە ئەوروپا دەخوێنن کە HND , OND هەموویان سێ ساڵ دەخوێنن دوای ئامادەیی بە بۆچونی من ، مەبەست لەوانەیە نەک دەرچوانی پەیمانگاکانی هەرێم ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک فەرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێ برادەر دەڵێن وشەی(يجوز) هەیە، ئەوە ناخوا ، یەک وەرگیرا دەبێ هەموو وەر بگیرێن، ناکرێ هەندێ وەربگیرێن و هەندێ وەرنەگیرێن، دوو من داوا لەو بەڕێزانە دەکەم کە بەرگری لەوە دەکەن کە دوو ساڵ بێت ناوی یەک لەو پەیمانگایانە کە پەیوەندی بە ئابوورییەوە هەیە، بڵێ فلان پەیمانگا لێرە پەیوەندی پێیە تاکو ئەوان وەربگیرێن ، تاکو ئێمەش بڵێین (صدقت)، کێ یە دەرچووی ئەو پەیمانگایە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پەیمانگای هونەری بەشی ئیدارەو محاسەبە، د. ئیدریس هادی فەرمو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە کوردستان کە پەیمانگامان هەیە راستە ناوەکەی پەیمانگای تەکنیکییە، بەڵام لە ساڵی یەکەم تەخسوس دەکات لە ئیدارە، لە محاسبە، کە هیچ جیاوازی نییە ناوی پەیمانگای ئیدارە بێت کە بڕوانامەکەشی پێ دەدرێت بەو ئیختیساسە وەریدەگرێت راستە ناوەکەی پەیمانگای تەکنیکییە بەڵام تخسوساتی هەیە پەیمانگای تەکنیکیمان هەیە بەشی پزیشکی یان ئەندازەی میکانیکمان هەیە لە ساڵی یەکەمەوە دەچێتە ئەوێ، ئەوەی تر دەچێتە بەشی ئیدارە، یان بەشی ژمێریاری تەخەسوسێکی تایبەتە یەکەمەکانیان لە کۆلێژی ئیدارەو اقتصاد وەردەگیرێن، ئەگەر بەرامبەری کۆلێژی بەڕێوەبردن و ئابووری نەبن چۆن لەوێ وەردەگیرێن، ئینجا ساڵێکی خوێندن هیچ جیاوازی لە خبرە ناکات، ئەوەی بەڕێز وەزیری دارایی فەرمووی راستە ئەگەر یەکێک دەساڵ خبرەی هەبێت دەرچووی دوو ساڵ یان سێ ساڵ بێت هیچ جیاوازییەکی وای نییە، لێرەدا خبرەکە گرنگە، بەرای من ئەو بڕگەیە هەر نەمێنێت و پێویست ناکات بخرێتە ناو یاساکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک فەرنسۆ فەرمو.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پرسیارێکی ترم هاتە پێش، راستە ئەو برادەرانە هەندێ نموونەیان هێنایەوە باشە کام دەرچووی پەیمانگای تەکنیکی کە لە بەشی پزیشکی دەرچووە ئەندامە لە سەندیکای پزیشکان؟، یان دەرچووی بەشی تەکنەلۆجی بەشدارە لە سەندیکای ئەندازیاران؟، ئێوە نموونە بێنن، کە لەوێ وا کراوە بۆئەوەی لێرەش وا بکرێت، خۆ دەبێت هەموو ئیشەکانی ئێمە وەکو یەک بن، ئەگەر لە سەندیکاکانی تر دەرچووانی پەیمانگای تەکنیکی بەشی تەکنەلۆجۆی بەشدارن لە سەندیکای ئەندازیاران با دەرچووانی ئیدارەش لەم یاسایە بەشدار بن، دەرچووانی بەشی پزیشکی ئەگەر لە سەندیکای پزیشکان بەشدارن با دەرچووانی بەشی ئیدارەش لێرە بەشدار بن بەڵام ئەگەر ئەوانی تر بەشدار نین، بۆچی تەنیا ئەمانە لێرە بەشدار بن؟، بەراستی ئەمە شتێکی تازەیەو ئاسایی نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د.رزگار فەرمو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە لەسەر داواکاری سەندیکاکە خۆی کراوە وشەی (یجوز) بەکار هاتووە لەوانەیە (١٠)

سوودی لێ وەردەگرێت کەچی (١٠٠) کەس سوودی لێ وەرناگرێت، هەر سەندیکایەکیش تایبەتمەندێتی خۆی هەیە ئەندازیارانە یان کشتوکاڵییەکانە، یان پزیشکانە، ئەو برگە لەم یاسایانەدا نەبوو، بەڵام سەندیکای ئابووریناسان داوای ئەوەیان کردووە، بۆئەوەی سوودی لێ وەربگرن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان فەرمو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە سێ ساڵەکەمان تەئیید کردووە، بەڵام ئێستا یەک خاڵ هاتە پێشم من وەکو ئەندامێکی پەرلەمان پشتگیری لە رای وەزیری دارایی دەکەم کە خزمەتەکە دیاری بکرێت و دەقێکیشمان ئامادە کردووە ئەگەر پێتان باش بێت دەیخوێنینەوە، وابزانم ئەگەر خزمەتەکە رەچاو بکرێت زۆر باشترە پەیمانگاکەش ئەو کاتە دوو ساڵیش بێت هیچ گرفتی تێدا نابێت، ئەگەر ماوەش هەبێت دەقەکە دەخوێنمەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرمو دەقەکە بخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

پێشنیارەکە بەو شێوەیەیە:

ثالثاً: خريجو المعاهد التجارية والاقتصادية والمالية والحسابية، ممن لا تقل مدة دراستهم عن سنتين بعد الاعدادية وممن امضوا في مزاولة المهنة مدة لا تقل عن... كذا سنة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شەفیقە خان فەرمو.

**بەڕێز شەفیقە فەقێ عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە سەندیکا خۆی ئازادە ئەو کەسانەی کە وەریدەگرێت ئەگەر تەئکید نەبێت لەوەی کە خبرەیەکی تەواوی هەیە بەکەلۆریۆسیشی هەبێت وەریناگرێت، ئەو دەیەوێت سوود لە خبرەکەیان وەربگرێت، سوود لە راو پلانەکانیان وەربگرێت لەلایەنی ئابوورییەوە چی دەکەن و چی ناکەن، ئیتر پێویست ناکات بگوترێت دەرچووی پەیمانگایە یان نا، من پێشان دەرچووی پەیمانگا بووم سێ و چواری کۆلێژیشم تەواو کرد لە یەکەمەکانیش بووم، بەڵام ئایا کە کۆلیژم تەواو کرد وەکو ئەوە بوو کە لە پەیمانگا بووم؟، نەخێر. مەبەستی من لێرە سەندیکا ئازادە ئەو کەسانە وەردەگرێت کە خاوەن خبرەیەکی تەواون ئێمە راوێژکارمان هەیە لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران هیچ لەوانە دەرچووی پەیمانگایان وەرگرت بڵێین ئەوانە خبرەیان زۆرە، با ئێمە بەراوردێک بکەین، ئەو کە ئازادە

دەیەوێت سوود ببینێت سوودەکەش لە هەردوو لایەنە، هەزار ئەندازیاری تر هەیە چەند راوێژکارمان هەیە لە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران کەواتە دەبێت هەموو ئەندازیارەکان ببەینە ئەوێ بڵێین ئەوانە یان خەبیرن یان راوێژکارن، لەبەرئەوە خبرەکە لێرە رۆڵی خۆی دەبینێ، نەک دووساڵ خزمەت بەرای من سێ ساڵەکە لە شوێنی خۆیەتی و زۆر بە پری هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. کاک فرەنسۆ فەرمو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابی وەزیری دارایی ویستی اخراجێک بکات چونکە دیتی خەڵکەکە سوورن لەسەر ئەوەی دوو ساڵ وەربگیرێت ئەو پێشنیارەی کرد، ئەو لەگەڵ لیژنەی یاسا رێک کەوت من پشتگیریان دەکەم، بەڵام ئێمە دەبێت دووربین بین ئێستا ئێمە بۆ ئەوانەمان کرد کە ببنە ئەندامی سەندیکای ئابووریناسان، سبەی دەرچووانی بەشی پزیشکی لە پەیمانگای تەکنیکی دێن داوا دەکەن دەڵێن: بۆ ئەوانتان کردووە بۆ ئێمەشی بکەن، دوای دوو ساڵ ببنە ئەندامی سەندیکای پزیشکان، دەرچووی بەشی تەکنەلۆجی ئەوانیش دێن داوا دەکەن کە یاسایەک بۆیان دەربچێت دوای دوو ساڵ ئەوانیش ببنە ئەندامی سەندیکای ئەندازیاران، من پێموایە گرفتێک بۆ خۆمان دروست دەکەین، ئارەزووی خۆشتانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک جەمیل فەرمو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باسی تەخەسوسی کرد لە پەیمانگای تەکنیکی لە هیچ پەیمانگاکانی تەکنیکی لە کوردستان نە لە هی هەولێر نە لە هی دهۆک نە لە هی سلێمانی بەشی ئابووری نییە.

دووەم: ئەو دەقەی لیژنەی یاسا کە ناچار بوون دایبنێن من لەگەڵ ئەو دەقەدا نیم چونکە خزمەت ئاستی زانستی و رۆشنبیری مرۆڤ بەرز ناکاتەوە ئاستی زانستی بە بروانامەیە نەک بە خزمەت، دەرچووی پەیمانگای پزیشکی (٢٠) ساڵیش خزمەتی هەبێت هەر ئاستی خۆی دەبێت و ناچێتە سەندیکای پزیشکان، لەبەرئەوە دەقەکە چۆن هاتووە وەکو خۆی زۆر چاکترە هەروەها هەموو ئابووریناسانیش بەو شێوەیە داوایان کردووە کە من یەکێکم لەو ئابووریناسانە کە بەو شێوەیە داوایان کردووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

د. ئیدریس هادی فەرمو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی سالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

روونە لێرە بەشی ژمێریاری هاتووە دیارە کاک جەمیل باش دەقەکەی نەخوێندۆتەوە، دەرچووانی بەشەکانی( بازرگانی، ئابووری، دارایی، ژمێریاری) دەگرێتەوە من باسی بەشی ژمێریاریم کرد ئەوە یەک.

دوو، من پشتگیری قسەکەی کاک فرەنسۆ دەکەم ئەو بڕگەیە ئیلغا بکرێت چونکە بەراستی رێگا دەکاتەوە بۆ ئەوانی تر سەبارەت بە پزیشکان، دەرچووانی برین پێچی هەن کە چوار ساڵ خوێندوویانە، بۆ ئەندازیاران دەرچووی پەیمانگاکان هەنە، یانی ئەوە هەر پێویست ناکات داخل بکرێت، چونکە لە مەرجەکان دەڵێت لە بەکەلۆریۆس کەمتر نەبێت بۆچی ئێمە خەڵکێک بێنین کە دوو ساڵ و سێ ساڵیان هەبێت، جا من پێشنیار دەکەم ئەوە بخرێتە دەنگدانەوە ئایا ئەو بڕگەیە داخل بێت یان نا؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی یەک دوو جیاوازی هەیە زۆر باسی دکتۆر و ئەندازیار کرا لەگەڵ ئابوورییەکان، ئەوەی دەرچووی ئابووری یە یان بازرگانییە، یان داراییە، یان ژمێریارییە، بەو پیشەیە هەڵدەستێت، دەرچووی پەیمانگا دوای ئامادەیی کە دوو ساڵ خوێندنی تەواو کرد دەتوانێت بچێت بازرگانی بکات، دەتوانێت بچێت بە وردکار یان ژمێریار لە شوێنێک کار بکات، کەس رێی لێ ناگرێت، بەڵام یەکێک کە دەرچووی پەیمانگای تەکنیکی بۆ نموونە بەشی پزیشکی بێت هەرگیز نابێت بە دکتۆر و هەرگیز نابێت بە نوژدار، ئەو جیاوازییە هەیە لە نێوانیان دا، ئابووریناس مافی ئەوەی هەیە بە کارەکەی خۆی هەستێت دەبێت ئەو لایەنە لێک بدرێتەوە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا دەبێت ئێمە سوورنەبین لەسەرئەوەی ئەم ماددەیە هەر دەبێت زیاد بکرێت، ئێمە تەنیا بابەتەکەمان زۆر خستە بەر گفتوگۆ بۆئەوەی مافی خۆی بدەینێ، ئێستاش دەرگا کراوەیە بۆ دواجار ئەو بەڕێزانەی دەیانەوێ لەسەر ئەم بابەتە قسە بکەن تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە.

لەوانەیە کەسێک هەبێت هەر خوێندەواری نەبێت بەڵام بازرگانی دەکات پێی دەگوترێ (بازرگان).

بەڕێز کاک فەرحان فەرموو.

**بەڕێز فەرحان عەبدوڵلا شەرەفانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بریتانیا کانگای رۆشنبیرییە من دوو برادەرم هەبوون یەکێکیان دەرچووی زانکۆ بوو، ئەوەی تریان دکتۆرای هەبوو هەردووکیان داوایان پێشکەش کرد بۆ ئیش ئەوەی کە دەرچووی زانکۆ بوو لەبەرئەوەی خبرەی زۆر بوو وەرگیرا، بەڵام خاوەن بڕوانامەی دکتۆراکە وەرنەگیرا، مەسەلە بڕوانامە نییە، بەڵکو مەسەلە خبرەیە.

برادەرێکی ترم هەبوو سەرۆکی ئەندازیاران بوو، بەڵام خۆی دەرچووی کۆلیژی ئەندازە نەبوو، هیچ بڕوانامەیکیشی نەبوو، بەڵام تەنها لە دەریاوانی بریتانی هەر لە منداڵیەوە تا گەورە بوو کاری

کردووبوو تا ببووە سەرۆکی ئەندازیاران لە فرۆکەخانەی ئیسکۆتلەندا. مەسەلە بڕوانامە نییە، بەڵکو خبرەیە. ئێستا لێرە زۆر کەسمان هەنە بڕوانامەیان هەیە، بەڵام هیچ نازانن، ئێستا دەرچووانی وڵاتە ئیشتراکییەکان بچنە ئەوروپا دەبێت دووبارە تاقی کردنەوە بکەن، بڕوانامەی تورکیا لە ئەوروپا وەرناگیرێت هەرچەندە نزیکترە لە عێراق، بەڵام بڕوانامەی عێراقی لە ئەوروپا باشترە لە هی تورکی، ئینجا لەبەرئەوە بڕوانامە مەرج نییە، بەڵکو خبرە مەرجە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە بازاری ئازاددا بۆ ئیشی ئازاد خیبرە لە پێشەوەیە خاڵی زۆری لەسەرە، بەڕێز شەفیقە خان فەرمو.

**بەڕێز شەفیقە عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

باسی دەرچووی پەیمانگای تەکنیکی بەشی ژمێریاری کرا بەشی ژمێریاری لە پەیمانگای تەکنیکی هەیە بەو پێیەی کە ئیختیساسە، بەڵام ئایا سەندیکای ژمێریاری و وردکاری دەیەڵێ ببن بە ئەندام تیایدا. ئێمە لێرە جەخت لەسەر خیبرەکە دەکەینەوە چەندەها کەس هەن کە تاقمی ددان دەکەن جەنابت ڕەنگە نەختێکیان بناسی لە سلێمانی هیچیان بڕوانامەیان نییە، بەڵام خیبرەیان هەیە دکتۆرەکان دەچن رایان وەردەگرن، خۆیان دەکتۆرەکان راوێژیان لێ وەردەگرن و خەڵک دەنێرن بۆ لایان دەڵێن ئەمە تاقمەکەی جوانە، لەبەرئەوە ئێمە لێرە بەرگریمان لەسەر خبرەکەیە سەندیکای ئابووریناسان خۆی دەزانێت سوود لەوانە وەردەگرێت بۆ خبرەکەیە خۆ بۆ زۆری بانگیان ناکات بۆ ژمارە نییە لێرەدا، بەلکو مەبەست بەهێز کردنی ئابووری وڵاتەکەمانە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

شێخ ڕەقیب فەرمو.

**بەڕێز ڕەقیب حسێن مەلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ پڕۆژەکەداین کە وەکو خۆی بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابتان بە سیغەی (ئێمە) قسەت کرد. کاک فرەنسۆ فەرمو.

**بەڕێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابت قسەی منت کرد (یەک و دوو و سێ و چوار) ئەسڵەن نایەوێت، (یجوز قبول الاشخاص الاقتصادیین)، کابرایەک بازرگانە هیچ خوێندەواریش نییە وەڵلاهی لە هەموو ئابووریناسان شارەزاترە ئەگەر بۆ سوود بێت لەناو بازار خەڵک هەن، یان دەبێت مەرجی بڕوانامەی بەکەلۆریۆس نەمێنێت بۆئەوەی خەڵکانی ترو بازرگان و شارەزا بێن، بەڵام کە مەرجەکە ماوە ڕێگا بەوانە نادرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان فەرمو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر سەیری سەرەتای ماددەکە بکەین ماددەکە جەوازییە وجوبی نییە یانی واجب نییە تەنیا ئەوانە وەربگیرێن، ئەوە یەک.

دوو مەسەلەی خبرە لە مەتنی ماددەکە هاتووە دەڵێت للاستفادە من خبرتهم واتە خبرەکە مەرجە، بۆیە بەرای ئێمە خبرەکە لە بڕگە (٣)دا بچەسپێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری فەرمو.

**بەڕێز سەرکیس ئاغاجان/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بڕگە (٢) (شهادەی عالی) هەیە بەڵام (٥) ساڵ مەرجی داناوە کە پێویستە لە بواری بازرگانی و دارایی و ئابووری کاری کردبێت.

ماددەی (٣) دەرچووی پەیمانگاکانی بازرگانی و ئابووری و دارایی و ژمێریاری بێت، سێ ساڵ چۆن هەندێ پێودانگی بۆ دانەنرێت کە هەندێ ساڵ لە بواری خۆیدا خزمەتی کردبێت؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە ماددە (٨) سبەی سەعات (١٠) تەواوی دەکەین، دوای ئەوە مداوەلەیەک لەگەڵ لیژنەی دارایی و یاساو کوتلە و بەڕێز وەزیری دارایی دەکەین.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**د. ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**

**هەرێمی کوردستانی عێراق**
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ـ عێراق**

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٢٥

**٢٠٠٠ ـ بەرگی بیست و پێنجەم**

---

چاپی یەکەم ٢٠٠١

# پێڕست:

پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژمارە هەژدە ل٥
پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژمارە نۆزدە ل٤٥
پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژمارە بیست ل٧٣
پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژمارە بیست و یەک ل١٢٧
پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژمارە بیست و دوو ل١٥٥
پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژمارە بیست و سێ ل١٩٩
پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژمارە بیست و چوار ل٢٣٥
پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژمارە بیست و پێنج ل٢٥٣
پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژمارە بیست و شەش ل٣٣٣
پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژمارە بیست و حەوت ل٣٤١
پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژمارە بیست و هەشت ل٣٥٥
پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژمارە یەکی نائاسایی ل٣٦٧
پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژمارە دووی نائاسایی ل٤٣٧
پرۆتۆكۆڵی دانیشتنی ژمارە سێی نائاسایی ل٥١٣

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٨)

## سێ شەممە ڕێکەوتی ٢١/١١/٢٠٠٠

***کات (١٠)ی سەر لەبەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ١٢١/١١/٢٠٠٠ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەڕێز د.ڕۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی ژمارە (هەژدەی)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (٢٠٠٠)ی خۆی بەست.***

***بەرنامەی کار:***

***بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەمووارکراو، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە(١٨)ی ئاسایی خۆی لە کات(١٠)ی سەر لە بەیانی ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ٢١/١١/٢٠٠٠دا بەم شێوەیە بێت:***

***١- بەردەوامبوون لەسەر خستنەڕوو گفتوگۆکردنی پرۆژەی یاسای سەندیکای ئابووری ناسانی هەرێمی کوردستان.***

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بە ناوی گەلی کوردستان دانیشتنی ئەمڕۆمان دەست پێ دەکەین، بەڕێزان لە دانیشتنی ئەمڕۆ بەردەوام دەبین لەسەرخستنەروو گفتوگۆ کردنی پرۆژەی سەندیکای ئابووری ناسانی هەرێمی کوردستان، تکایە دوو ئەندامی لیژنەی یاسا لەگەڵ ئەندامێکی لیژنەی ئابووری بفەرموونە سەر سەکۆ.

بەڕێزان دوێنێ دووایەمین خاڵمان گفتۆگۆ کردنی ماددەی هەشتەم بوو لەسەر خاڵی سێیەم گفتۆگۆیەکی زۆر کرا پاشان بەدانشتنی هەردوو لیژنە لیژنەی یاسا و ئابووری لەگەڵ بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری و سەرۆکی کوتلەی زەرد و سەرۆکایەتی پەرلەمان گەیشتنە ئەنجامێک کە پێشنیارێک لەم بارەیەوە پێشکەش بکەن، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

برگەی سێییەم بخوێنمەوە وەیان ئەسڵی مادەکەش بخوێنمەوە؟.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەسڵی ماددەکەش بخوێنەوە ئینجا پێشنیارەکە.

**بەڕێز شێروان حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة :

المشاركون :

يجوز قبول الاشخاص المبينين ادناه بصفة مشاركين للاستفادة من خبرتهم او للافادة من فعاليات النقابة :

١- الاقتصاديين الاجانب المقيمين في كوردستان العراق ممن تتوفر فيهم شروط المادة الرابعة.

٢- حملة الشهادات العالية المشتغلين في الامور الاقتصادية او المالية او التجارية لمدة لا تقل عن خمس سنوات بشهادة حكومية او من شركة مساهمة او ذات مسؤولية محدودة على ان تتوفر فيهم شروط الاهلية.

٣- خريجو المعاهد التجارية والاقتصادية والمالية والحسابية ممن لا تقل مدة دراستهم عن ثلاث سنوات بعد الاعدادية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی کە لەسەری ڕێککەوتون بڕگەی سێ لە ماددەکە لەغو بکرێتن واتە نەمێنێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە تێبینیان هەیە دەستیان بەرز بکەنەوە بۆ ئەوەی ناو نووس بکرێن، دیارە کەس تێبینی نییە، فەرموو مامۆستا.

**بەڕێز مەلا محەمەد تاهیر زەینەلعابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەم بڕگەیە هەر زیادە چونکە بموجب الفقرة الاولى من المادة الرابعة كل اقتصادي مقيما في الاقليم له حق العضوية في النقابة سواء كان كوردياً او عربيا او اجنبيا ئەگەر ئەو(و) بکرێ بە(أو) ئەم بڕگەیەی ناوێ بەڵام ئەگەر بکرێ بە(و) هەر سێ بڕگەکەی دەوێ ئەوەش ڕای جەنابتانە لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا وەڵامتان هەیە بۆ ئەوە؟

**بەڕێز شێروان حەیدەری:**

بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.دوێنێ ئەم بابەتە بە درێژی باسی لێکرا ئێمە ئەو(مقيما) زیادمان کرد لە ماددەی چوار مقيما نییە کە (مقيمين)یش بێ ئەجانب و غەیری ئەجانبیش دەگرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو کاک فرەنسۆ فەرمو.

**بەڕێز فەرەنسۆ هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە جیاوازە لەگەڵ ئەوەی جەنابی مامۆستا فەرمووی ئەمانە ئەندام نین ئەمانە موشارکینن، بە موشارک قبول دەکرێن بە ئەندام قبول ناکرێن واتە (المقیمین) ئەم ماددەیە ناگرێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەمە تایبەتە بە ئەجنەبی کە خەڵکی عێراق نەبێ یان کورد نەبێ باشە ئێستا ماددەی هەشت ئەیخەینە دەنگدانەوە دوو بڕگەی ماوە تکایە جارێکی تر بیخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثامنة:

المشاركون:

يجوز قبول الاشخاص المبينين ادناه بصفة مشاركين للاستفادة من خبرتهم او للافادة من فعاليات النقابة:

١- الاقتصاديين الاجانب المقيمين في كوردستان العراق ممن تتوفر فيهم شروط المادة الرابعة.

٢- حملة الشهادات العالية المشتغلين في الامور الاقتصادية او المالية او التجارية لمدة لا تقل عن خمس سنوات بشهادة حكومية او من شركة مساهمة او ذات مسؤولية محدودة على ان تتوفر فيهم شروط الاهلية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، تکا لەو بەڕێزانە ئەکەم کە ماددەی هەشت بەوشێوەی کە خوێندرایەوە پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە... زۆر سوپاس. ئەو بەڕێزانەی کە پەسندی ناکەن تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە... بە گشتێ دەنگ وەرگیرا. واتە ماددەی هەشت تەنها بڕگەی سێیەم لێی لەغو کرا، فەرموو ماددەی نۆییەم بخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة:

يجوز بقرار من مجلس النقابة قبول المؤسسات والهيئات والمنشآت الاقتصادية والصناعية والتجارية والزراعية والمالية والادارية اعضاء فخريين(شرف) مقابل بدلات مشاركة رمزية تحدد في كل حالة من قبل مجلس النقابة.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسا هیچ تێبینیمان لەسەر ماددەکە نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی هیچ تێبینیان لەسەر ئەم ماددەیە نییە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەینە زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە بۆ ئەوەی ناونووسیان بکەین، فەرموو مامۆستا مەلا هادی.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کویخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە نسبەت ماددەکە وەکو هاتووە عەیبی نییە بەڵام تەنها لایەنی دارشتنەکەی پێم باشە نەک(یجوز بقرار من مجلس) چونکە ماناکەی هەندێک دەگۆڕی(یجوز قبول المؤسسات والهیئات والمنشآت الاقتصادیة والصناعیة والتجاریة والزراعیة والمالیة والاداریة اعضاء فخریین بقرار من مجلس النقابة) واتە مجلس النقابة بێتە ئەوێ ئەگەر نا ماناکەی دەگۆڕێ لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو بەڕێز د. رزگار.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

راکێشانی دەزگای ئابووری و تجاری و صناعی بۆ هاریکاری سەندیکا بە شتێکی زۆر پیرۆز دەزانم لێرە تێبینی من هەر چەندە دەقەکە زیاتر روونکردنەوە وتەئویل و ئیجتهادات دەبینم لێرە لە دیاهیکێ کەلیمە(المالیة والاداریة فی الاقلیم) زیاد بکرێ ووشەی رەمزیە شەطب بکرێ چونکە ئەمە دەزگایە ئەگەر هاتوو هاریکاریێ سەندیکا هاتنە کرنێ مجلس النقابة تەحدید بکات چەند بێتە موئەسەسەکە شتێکی باشە هاریکاری بێت بۆ سەندیکا ولە دوماهیکێ وشەی(والاداریة في الاقلیم) هەر چەندە لەوانەیە دەقەکە روون بێت زیاتر بۆ ئەوەی تەئویل و ئیجتهادات نەمینێت چونکە لەوانەیە ئەگەر یەکێکی تر بخوێنێتەوە لەوانەیە وا تەفسیری بکات کەوا موئەسەساتی ئەجنەبیش دەگرێتەوە. بەڵام کە گووترا فی الاقلیم ئەوا حەسمت کرد،زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەرموو لیژنەی یاسا وەڵامیان بدەنەوە.

**بەڕێزکاکە رەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ووشەی اقلیم زیاد بکرێ یان نەکرێ هەر هەمان شتە، چونکە سەندیکای ئابووری ناسان

خۆی سەندیکای هەرێمە، دووەم ووشەی رمزی تەنها دانراوە بۆ هاندانی ئەو موئەسەساتانەیە بۆ ئەوەی شتێکی ئیجباری نەبێ ئەگەر شتێک دابنێی لەوانەیە هەر لە سەرەتاوە ئەو موئەسەسەیە وا بزانی شتێکی قورسە لەسەری لەوانەیە ئەو موشارەکەیە نەکا بۆچی بچێ لە سەندیکای ئابووری ناسان؟، ئیش و کاری بە ئاسایی دەڕوا بۆیە ووشەی رمزی زۆر گرنگە بۆ هاندانی ئەو موئەسەسانە بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەو سەندکایەیە بۆ ئەوەی بتوانن بە ئەرکەکانی خۆیان بە شێوەیەکی رێک وپێک ئابوورییانە هەڵبستن وە مانەوەی هیچ زەرەرێکی نیەو زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس، هیچ تێبینی تر هەیە؟، دیارە نیە زۆر سوپاس، ماددەی(نۆ) ئەخەینە دەنگدانەوە تکایە جارێکی تر بخوێندرێتەوە فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة التاسعة:

يجوز بقرار من مجلس النقابة قبول المؤسسات والهيئات والمنشات الاقتصادية والصناعية والتجارية والزراعية والمالية والادارية اعضاء فخريين(شرف) مقابل بدلات مشاركة رمزية تحدد في كل حالة من قبل مجلس النقابة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی ماددەی نۆیەم پەسندی دەکەن تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە...، زۆر سوپاس، ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە...، زۆر سوپاس بە زۆربەی دەنگ وەرگیرا تەنها یەک کەس لەگەڵ نەبوو، فەرموو ماددەی دە بخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة العاشرة:

لا يحق للمشاركين والاعضاء الفخريين حضور اجتماعات الهيئة العامة او الترشيح لعضوية مجلس النقابة.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسا هیچ لاریمان لەسەر ماددەکە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی ئابووری و دارایی هیچ تێبینیان لەسەر ماددەکە نیە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەینە و زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی لەسەر ماددەی(دە) هەیە؟، ماددەیەکی روونە کەواتە ئەیخەینە دەنگدانەوە، ئەو بەڕێزانەی ماددەی دەیەم پەسند دەکەن تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە...، زۆر سوپاس، ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە...، زۆر سوپاس بە گشتی دەنگ وەرگیرا. فەرموو ماددەی یانزە بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الحادية عشرة

١ـ يفقد العضو صفة العضوية في حالة وفاته او استقالته او انتفاء احد شروط العضوية عنه او ايقاف عضويته او فصله بقرار من مجلس النقابة حسب احكام هذا القانون.

٢ـ للهيئة العامة اسقاط العضوية في حالة مخالفة العضو لاحكام هذا القانون او الخروج على اهداف النقابة او ممتلكاتها او اساءة التصرف داخل النقابة.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسا پێمان وایە برگەی یەک بەو شێوەیە دابرێژرێ تقترح اللجنه اعادة صياغة الفقرة الاولى من هذه المادة والغاء الفقرة الثانية منها.

يفقد العضو صفة العضوية في الحالات التالية:

آـ الوفاة.

ب ـ الاستقالة.

ج ـ إنتفاء احد شروط العضوية فيه وبقرار من المجلس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

أ و ب داتان ناوە.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ أ و ب و ج برگە دووش پێویست نیە هەر بمێنێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

خۆی هەردوو ماددە نییە؟ دەتوانن هەر یەک و دوو دابنێن.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ دەتوانین هەر یەک و دوو سێ وە برگەی دووەم لامان زیادە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی هیچ تێبینیتان نییە؟

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیمان نییە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێز جەنابی وەزیر تێبینیتان لەسەر پێشنیاری لیژنەی یاسا.

**بەڕێز سەركیس ئاغاجان مامەندۆ/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پشتگیری لە رای لیژنەی یاسایی دەكەین.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا جارێكی تر پێشنیاری لیژنەكەتان بخوێننەوە بۆ ئەوەی گفتۆگۆی لەسەر بكرێت.

**بەڕێز كاكەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تقترح اللجنه اعادة صياغة الفقرة الاولى من هذه المادة والغاء الفقرة الثانية منها.

يفقد العضو صفة العضوية في الحالات التالية:

١- الوفاة.

٢ - الاستقالة.

٣ - إنتفاء احد شروط العضوية فيه وبقرار من المجلس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی كە تێبینیان هەیە لەسەر ماددەكە تكایە دەستیان بەرز بكەنەوە بۆ ئەوە ناو نووس بكرێن، فەرموو كاك محەمەد حەسەن باڵەتە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەگەڵ رای لیژنەی یاسامە بەڵام داڕشتنەكەی دەبێ بڵێین يفقد العضو صفه العضويه بقرار من المجلس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە حالەتی وەفاتی تێدایە، مردن(قرار المجلس) نایگرێتەوە، فەرموو كاك فەرەنسۆ.

**بەڕێز فەرەنسۆ هەریری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە خاڵەكانی پێشوو هاتووە ئەگەر ساڵێك ئیشتراكانەی خۆی نەدا تەقریبەن مەنع دەكرێ لە

مزاوەلەی مهنە کە ئیستقالەی دا دەڵێ حالەتی ئەندامێتی نامێنێ ئەبێ مەنعی مزاوەلەی مهنەی لێ بکرێتن. چونکە کە دەرچوو ئیتر بەدەلات نادا موشارەکە ناکا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کە ئیستقالەی دا مانای وایە ئەندامێتی لە سەندیکا نەما کە ئەندامێتی نەما مانای وایە هەر ئیمتیازەک سەندیکا هەیبێ بۆ ئەو ئەندامە ئەو ئیمتیازەی نامێنێ چونکە وا اعتیبار دەکرێ لە ئەندامێتی نەماوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتە مەنع کراوە لە ممارسە المهنە فەرموو کاک فەرەنسۆ.

**بەڕێز فەرەنسۆ هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

یەکێک ئیشتراکی ساڵێک نادا منعی مزاولە المهنە دەکرێ ئەو ئەچی ئیستقالە دەدا یان هەر ناداو نادا منعی مزاولە ناکرێ قەیدی ناکا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەنع دەکرێ دەقی ناوێ ئەوی عضویەتی نەبێ مەنع دەکرێ هێچ تێبینی تر هەیە، فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

اقتراحی لیژنەی یاسای تەنها حالەتی فەصڵ جێ ناگرێتن ئەگەر فصل زیاد بکرێتن انتفاء شروط العضوية أو فصله حالەتی فەسڵ ئەوان یان لەبیریان کردیە یان ئیهمالیان کردیە هەر وەکو لە برگە یەک هاتووە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حالەتی فەصل حالەتێکی زۆر روون و ئاشکرایە فصل بکرێ لە سەندیکا موحتاج نابێ نەصەکی هەبێت چونکە ئەوە اعتیادی وەک مەبدەئێکی عامە صیفەتی نامێنێت لە سەندیکا نە ئەندام و نە غەیر ئەندام، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی تر هەیە؟نییە؟ ماددەی یانزە بەو پێشنیارەی لیژنەی یاساوە ئەیخەینە دەنگدانەوە، ئەو بەڕێزانەی ماددەی یانزە پەسند دەکەن تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە...، زۆر سوپاس، ئەو

بەڕێزانەی پەسندی ناکەن تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە...، زۆر سوپاس ماددەی یانزە بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسند کرا، ماددەی دوانزە تکایە.

**بەڕێز شێروان حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفصل الثاني

التشكيلات

المادة الثانية عشر:

تشكل النقابة من:

١- الهيئة العامة.

٢- مجلس النقابة.

٣- لجنة الانضباط.

٤- فروع النقابة في المحافظات.

**بەڕێز کاکەڕەش نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسا هیچ لاریمان لەسەر ماددەکە نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تشکل یاخود تتشکل، فەرموولیژنەی دارایی راتان.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینیمان لەسەر ماددەکە نییە، بەڵام جەنابت فەرمووی ئەو تتشکل ئەو تەواوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە، بەڕێز کاک مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەکە وەکو هاتووە باشە بەڵام تشکیل نییە بە رای من تتألف باشترە تتألف النقابە من :

١- الهيئة العامة.

٢- مجلس النقابة.

٣- لجنة الانضباط.

٤- فروع النقابة في المحافظات.

لەگەڵ ڕێزو سوپاسمدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینی تر هەیە... دیارە نییە، تکایە ماددەکە جارێکی تر بخوێندرێتەوە.یاخود وەڵامتان هەیە بۆ تێبینیەکەی کاک مەلا هادی. ؟

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تشکل النقابە یان تتألف النقابە ئەمە مەسئەلەکی لۆغەویە واتە سەندیکا لەم چوار شتە پێک دێ الهیئة العامة.مجلس النقابة.لجنة الانضباط. ئینجا تشکل بێ یان تتألف بێ ئەمە لایەنی لوغەوییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نەخێر جیاوازی هەیە با من جیاوازییەکەتان بۆ باس بکەم تألیف بۆ کتابە بەدەرەجەی یەکەم بۆ کتابە، ئەمە یەک، دووەم(تشكل النقابة) واتە نقابە دروست دەکرێ بەڵام (تتشكل) واتە پێک دێ تشکیلاتە ئینجا بۆیە تتشكل بنووسن و بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

الفصل الثاني

التشكيلات

المادة الثانية عشرة:

تتشكل النقابة من:

١- الهيئة العامة.

٢- مجلس النقابة.

٣- لجنة الانضباط.

٤- فروع النقابة في المحافظات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی ماددەی دوانزە پەسند دەکەن تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە...، زۆر سوپاس، ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە...، زۆر سوپاس بە گشتی دەنگ وەرگیرا.فەرموو ماددەی سیانزە.

**بەڕێز شێروان حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

المادة الثالثة عشرة:

١- تتألف الهيئة العامة من جميع اعضاء النقابة او المندوبين الذين اوفوا بالتزاماتهم بموجب هذا القانون وتعتبر اعلى سلطة فيها وتعقد في مركز النقابة اجتماعاً عاماً اعتيادياً خلال شهر

كانون الثاني كل ثلاث سنوات بقرار من المجلس وبدعوة من النقيب لانتخاب النقيب وثمانية اعضاء وعضوين للاحتياط لاشغال عضوية المجلس واعضاء لجنة الانضباط ويتم النصاب بحضور اكثرية الاعضاء المسجلين او المندوبين وعند عدم اكتمال النصاب تجرى الانتخابات بعد خمسة عشرة يوماً من الاجتماع الاول في الوقت والمكان المحددين ويعتبر النصاب كاملاً بحضور ثلث الاعضاء او المندوبين وبعكسه يعتبر المجلس السابق مستمراً لدورة اخرى.

٢- في حالة زيادة عدد اعضاء النقابة عن (٥٠٠)خمسمائة عضو يجري الانتخاب عن طريق المندوبين وتحدد نسبة التمثيل من قبل المجلس او من يقوم مقامه وبضمنهم اعضاء مجلس النقابة.

**بەڕێز كاكەڕەش نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی یاسا لەسەر ئەم برگەیە بەم شێوەی خوارەوەیە:

تقترح اللجنة اعادة صياغة الفقرة الاولى من هذه المادةوكالاتي:

١ـ تتألف الهيئة العامة من جميع اعضاء النقابة او المندوبين الذين اوفوا بالتزاماتهم بموجب هذا القانون وتعتبر اعلى سلطة فيها وتعقد في مركز النقابة إجتماعا عاما إعتياديا كل ثلاث سنوات من تأريخ إجراء الانتخابات بقرار من المجلس ودعوة من النقيب لانتخاب النقيب وثمانية اعضاء وعضوين احتياط لاشغال عضوية المجلس ويتم النصاب بحضور اكثرية الاعضاء.

وەكو سەندیكاكانی تر كە زۆربەیان وایان لێكراوە سێ ساڵ لە ڕۆژی هەڵبژاردنی نەک كانون الثانی بإعتبار اشكالەک دروست دەكات جار جار سێ كامل نابی (سێ ساڵەكە) وە لەوانەیە جار جار سێ ساڵ زیاتر بێ ئەگەر لەسەر كانون الثانی بمێنێیتەوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

فەرموو لیژنەی دارایی راتان.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی :**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە بەخۆمان هیچ تێبینیمان لەسەر ماددەكە نییە، بەڵام لیژنەی یاسا دەڵێت مانگی كانوونی دووەم نەمێنێیت لە جێگای خۆی دایە، بەڵام ئێمە دەبینین ئەندامی لیژنەی انضباط هەر هیئەی عامە انتخاب بكرێت چاكترە بمێنێتن بۆ مجلس. چونكە دەقی ماددەكە اعضائی لیژنەی انضباط هیئە العامە اختیار دەكاتن بە قەناعەتی من هەر دیسان هیئەی عامە اختیار بكاتن چاكترە و پاشان صلاحیەتی مجلسی نقابەیە بە كەیفی خۆی اعضاء لیژنەی انضباط دابنێت و، لەگەڵ ڕێزو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوبەڕێزانەی كە تێبینیان هەیە تكایە دەستی خۆیان بەرز بكەنەوە.

**بەڕێز د. قـــاسم مـــحـــمـــەد قـــاسم**

**بـەڕێز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بەستنی(الهیئة العامة) واتە کۆنگرەیە، واتە تەقریبەن تەمسیلی نەقابەی ئەو هیئە عامە دەکاتن واتە زۆر گرنگە بەستنی ئەو تەمسیلی نقابەی هەموو ئەوت کردن لەوێدا (بحضور اکثریە الاعضاء )من بە پێویستی نازانم پێویستە دوو لەسەر سێ ئامادە بن چونکە کۆنگرەیەکی گشتی نەقابەیە مموکنە قراراتی ئەو هەمی انعکاسە بۆ نهجی نقابەی خۆ ئەگەر دوو لەسەر سێی ئەندامیێت وی ئامادە نەبوون ئەز کەم دەبینم کو حضور اکثریە اعضاء واتە پێنج زائد یەک هەمی مجموعی وێ پێنج زائد یەک ئەڤە اکثریەیە ئەگەر ئل ڤێرێ دوو لەسەر سێ بێتن تحدید کەن کە مەزن ترین ژمارە بەشداری کۆنگرە بکەن بۆ هەندێ قراراتی وان و رەسمیە سیاسەتێ ئد گەل نەهجێ سەندیکا دەبێت ئەڤە یەک.

دووەم لە سەندیکا پزیشکان هەر پرسیارێ مە کرد برادەران وەلامیان داوە من دیسان پرسیار بوو ئل ڤێرێ کێ هەیە مقامە مجلسێت بێ؟ واتە چ هیئە تر هەیە یقوم بمقام المجلس؟ ئل ڤێرێ وەکو دیار کر من قبل المجلس او من یقوم مقامە واتە لەم سەندیکایەدا کارگێڕی سەندیکایێ مجلسێ نەقابەیە، مجلسێ نقابە کێ هەیە من یقوم مقامە؟ لیژنە تەحضیری نەمایە هیئە عامەیە، ئەمە لیژنە تەحضیری تەنها بۆ پێکهێنانی نقابەیە، ئل ڤێرێ تەحدیدا تەمسیلێ بۆ کۆنگێردائان بۆ هیئە؟ من پیشنیار دەکەم اعضاء المجلس النقابە هەموو ئامادە بن، چونکە هیئە کارگێڕییە فەنە نسبە بۆ نابێتن ڤێری وەسطێت کەن وبضمنهم اعضاء المجلس النقابە کە تەمسیلێ نسبە بۆ ئەوانیش ژ دانەنێن باشترە هەر ئامادە بن چونکە ئەوان شول و کاری سەندیکا بەڕێوەدەبەن لە نێوان دووکۆنگرەدا، زۆر سوپاس.

**بـەڕێز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن:**

فەرموو مامۆستا مەلا هادی.

**بەڕێز مـامـۆسـتـا مـەلا هادی خـضـر کـوێـخـا:**

**بـەڕێز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن.**

من لەگەڵ دەقەکەی لیژنەی یاسام کە سێ ساڵیان بۆ زیاد کردیە، بەلام دوو لەسەر سێ تەئیدی رای د. رزگار دەکەن کە دوو لەسەر سێ پێویستە بە نسبەت مەندوبین ئامادە بن، خاڵی سێیەم بە نسبەت لیژنەی انضباط، لیژنەی انضباط اشکالەکی دروست کردیە لە هەندێک سەندیکا هەیە لە هەنێکیان نییە بە رای من لیژنەی انضباط هەر بمێنێ باشە لەگەڵ، ریزو سوپاسم.

**بـەڕێز ســـــەرۆکـی ئـەنجـــــومـــــەن:**

فەرموو لیژنەی یاسا.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە نسبەت فەرموودەی کاک دکتۆر رزگار داوای دوو لەسەر سێ دەکا عەجەبا دەبێ ئەو سەندیکایە لە پەرلەمان گرنگتر بێ کە یاساکان دەردەکا؟، پەنجا زائد یەک واتە لە نیوەی زیاتر هەر مەجموعەیەک ئامادە بێ حەقی ئەو شتانەی هەیە، دووەم لە کۆتایی ماددەکە دەڵێن، ئەگەر ئەو ژمارەیە ئامادە نەبوو هەر چەند ئامادە بوو ئەوە اعتبار دەکەین نصاب تەواوە، بۆیە ئێمە لە سەرەتاوە دوو لەسەر سێ فەرز کەین دەبێ بۆ کۆتاییەکەش شتێکی تر فەرز کەین مەعقول نییە ئەگەر چل پەنجا کەسێ ئامادە بوون ڕێگایان بدەین کۆنگرەکە بکەن، سەبارەت بە (مایقوم مقامه) لە برگە دووی ماددە دوو چارە کراوە و بڕیاری لەسەر دراوە کە لیژنەی ئامادەکاری لە جیاتی ئەو لە سەرەتای هەموو کۆنگرەیەک کارەکە ئەنجام دەدات، لەبەر ئەوەی لە سەرەتادا ئەنجومەن نییە ،لیژنەیەکی ئامادەکاری دروست دەکرێ تاکو کۆنگرەکە دێتە وجود، کە کۆنگرەکە هاتە کایەوە ئەوە ئەنجومەنەکە بەو کارە هەڵدەستێ ،ئێمە ئامانجەکەمان ئەوەیە ئێستا سەندیکاکە دروست کەین.

سەبارەت بە قسەی مەلا هادی کە دەڵێ لیژنەی بەر زەفتی ، ئەو لیژنەیە لە هەموو سەندیکاکاندا هاتووە، هەموو سەندیکاکان ئەو لیژنەیەیان هەیە و یەک لە ئەندامانی سەرۆکایەتیەکەی ئەندامی ئەنجومەنە و دوو ئەندامی تریش دیاری دەکرێ ،وئەگەر کۆنگرە بڕیاری لەسەر دا واتا تاکو کۆنگرەیەکی تر ئەو لیژنەی بەرزەفتیە هەر چی بکات هیچیان لەگەڵیدا پێ ناکرێ، خراپ چاک ناتوانین هیچی لەگەڵ بکەین تاکو کۆنگرەیەکی تر، واتا ئیش و کارەکان هەمووی ڕادەوەستێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک مەلا هادی فەرمو.

**بەڕێز مەلا هادی کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بابەتەکە پێک هێنانی لیژنەیە ئەوەی کە دەمانەوێ، کێ دەیکات؟ دەستەی گشتی دەیکات یان ئەنجومەن؟ مەبەستەکە ئەوەیە کە دیاری نەکراوە ،سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەنجومەن دەی کات.روون کردنەوەیەکیش لەبارەی زۆرینەوە،پێشنیاری (ثلثین) بنەمایەکی گشتییە شەرعیەت لە زۆرینەوە دێت زۆرینەش ٥٠+١کە لە هەموو بنەمایەکی یاسایی ئەو شەرعیەتەیە، بگرە تاکو لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی جمهوری ئەوەی٥٠+١ی بەدەست هێنا ئەوە سەرۆک کۆمارە،هەر بۆ زانیاریش ئەگەر حاڵاتی تایبەتی لە هەندێ یاسادا دێت کە دوو لەسەر سێیە ئەوە حالاتی تایبەتین خاصن ئەوانە بە استثناء اعتبار دەکرێت، بەڵام بۆ نصاب لە هەموو پەرلەماناتی دونیا بە زۆرینەیە، هەموو کەسێ بە زۆرینەیەکی کەم هەڵدەبژێردرێ، بەڵام بنەما گشتیەکە زۆرینەکەیە،سوپاس ماددەی ١٣ جارێکی تر بخوێننەوە وەکو پێشنیارتان کردوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**المادة الثالثة عشرة:**

١- تتألف الهيئة العامة من جميع اعضاء النقابة او المندوبين الذين اوفوا بالتزاماتهم بموجب هذا القانون وتعتبر اعلى سلطة فيها وتعقد في مركز النقابة إجتماعاً عاماً إعتيادياً كل ثلاث سنوات من تاريخ إجراء الانتخابات بقرار من المجلس ودعوة من النقيب لانتخاب النقيب وثمانية اعضاء وعضوين احتياط لاشغال عضوية المجلس ويتم النصاب بحضور اكثرية الاعضاء المسجلين او المندوبين وعند عدم اكتمال النصاب تجري الانتخابات بعد خمسة عشر يوماً من الاجتماع الاول في الوقت والمكان المحددين ويعتبر النصاب كاملاً بحضور ثلث الاعضاء او المندوبين وبعكسه يعتبر المجلس السابق مستمراً لدورة اخرى.

٢- في حالة زيادة عدد اعضاء النقابة عن (٥٠٠)خمسمائة عضو يجري الانتخاب عن طريق المندوبين وتحدد نسبة التمثيل من قبل المجلس او من يقوم مقامه وبضمنهم اعضاء مجلس النقابة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی کە ماددەی ١٣بەو شێوەیەی کە خوێندارایەوە پەسەند دەکەن با دەستیان بەرز بکەنەوە. کێ پەسەندی ناکات؟ بە تێکرای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

١- يجوز دعوة الهيئة العامة لاجتماع غير اعتيادي اذا ارتأى ثلث اعضاء الهيئة العامة او ثلث اعضاء المجلس يبين فيها الاسباب الموجبة لعقد الاجتماع وعلى المجلس عندئذ ان يصدر الدعوة حسب الاصول وان يعين موعد الاجتماع خلال مدة شهر من تاريخ تسجيل الطلب.

٢- لايجوز للهيئة العامة البحث في غير القضايا التي عقد الاجتماع من اجلها مالم تكن مرتبطة بها او متفرغة عنها.

**بەڕێز کاکەڕەش نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن**

پێشنیاری لیژنەی یاسا لەسەر برگەی یەکە و بەم شێوەیە

نقترح اعادة صياغة الفقرة الاولى من هذه المادة وكالآتي:

١- يجوز دعوة الهيئة العامة لاجتماع غير إعتيادي اذا إرتأى ثلث اعضاء الهيئة العامة او بقرار من المجلس يبين فيه الاسباب الموجبة لعقد الاجتماع وعلى المجلس عندئذ ان يصدر الدعوة حسب الاصول وان يعين موعد الاجتماع خلال مدة شهر من تاريخ تسجيل الطلب

جیاوازیەکە لەگەڵ ماددەکە ئەوەیە کە (ثلثي) ئەندامانی ئەنجومەنمان لابردوە بە اعتبار زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەن ئەو بریارە بدەن نەک (ثلثي) ئەندامان، بەرامبەر (ثلثي) دەستەی گشتی، یان بە بریاری زۆرینەی ئەنجومەن بریار درا ئەوجا کۆبونەوەکە بکرێ ،سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێژنەی دارایی ڕاتان تکایە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە لەگەڵ ڕای لێژنەی یاسایی لەبارەی ئەو ماددەیە کۆکین.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر چ تێبینی هەیە؟ نییە؟ کێ تێبینی لەسەر ئەو ماددەیە هەیە با دەستی بەرز بکاتەوە، مامۆستا مەلا هادی فەرمو.

**بەڕێز مەلا هادی کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پشگیری ڕای لێژنەی یاسا دەکەم ،لەبەر ئەوەی لە ئەنجومەن بڕیاری لەسەر بدرێ نەک (ثلثي) ئەندامان، سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێکی تر بیخوێننەوە تاکو بیخەینە دەنگ دانەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**المادة الرابع عشرة:**

١- يجوز دعوة الهيئة العامة لاجتماع غير اعتيادي اذا ارتأى ثلث اعضاء الهيئة العامة او ثلث اعضاء المجلس يبين فيها الاسباب الموجبة لعقد الاجتماع وعلى المجلس عندئذ ان يصدر الدعوة حسب الاصول وان يعين موعد الاجتماع خلال مدة شهر من تاريخ تسجيل الطلب.

٢- لايجوز للهيئة العامة البحث في غير القضايا التي عقد الاجتماع من اجلها مالم تكن مرتبطة بها او متفرعة عنها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی ماددەی ١٤ پەسەند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە ،کێ پەسەندی ناکات؟ بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**المادة الخامسة عشر:**

١- لايتم نصاب الهيئة العامة في الاجتماع مالم تحضر الاكثرية المطلقة لاعضاء مجلس النقابة واذا لم يتم النصاب تجتمع الهيئة العامة بعد خمسة عشر يوماً من الموعد المقرر في نفس الوقت والمكان المحددين ويعتبر النصاب حاصلاً بحضور ثلث الاعضاء وعندئذ تصدر القرارات باغلبية اصوات الحاضرين وعند تساوي الاصوات يرجح الجانب الذي صوت فيه النقيب.

٢- لايجوز للعضو الاشتراك في اجتماعات الهيئة العامة اذا كان محروماً من مزاولة المهنة.

**بەڕێز کاکەڕەش نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی تێبینیمان لەسەر ماددەکە نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی فەرمون.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش هیچ تێبینیمان لەسەر نییە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە دەستیان بەرز بکەنەوە، مامۆستا مەلا تاهیر

**بەڕێز مەلا تاهیر زین العادین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگەی یەکەم لەمادده پازده تاکو (عندئذ)هاتووە لە ماددەی ١٣ هەمووی هاتووە

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ابراهیم سەعید فەرمو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بێ گومان مەبەستی کۆبونەوەی نائاساییە، دەبێ ئەوە زیاد بکرێ ،لەبەر ئەوەی ئەگەر ئاسایی بێت پێشتر لە پێناسەی دەستەی گشتی هاتووە، ئەو ماددەیە تایبەتە بە کۆبوونەوەی نائاسایی چونکە دوای ئەو بڕگەیە هاتووە با ئاماژەیەکی پێ بدەین بنووسین (لایتم نصاب الهیئة العامة في اجتماع غیر اعتیادي) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د. رزگار

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەکو مامۆستا مەلا تاهیر ئاماژەی بۆ کرد لە ماددەی ١٣ و ١٨ چارەسەری ئەو بڕگەیەی کردووە، هەردوو ماددەش هەن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لە ماددەی ١٥ من پشگیری کاک ابراهیم سەعید دەکەم، ماددەکە بۆ کۆبوونەوەی نائاسایی هاتووە، هیچ تێبینی تر هەیە؟ نییە؟ ماددەی ١٥ش دەخەینە دەنگ دانەوە کێ ئەو ماددەیە پەسەند دەکات ؟ کێ پەسەندی ناکات؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شـــــێـــــروان نـاصح حـــــەیدەری:**

المادة السادسة عشرة:

الهيئة العامة اعلى سلطة في النقابة ولها الصلاحيات التالية:

**١- انتخاب النقيب وثمانية اعضاء وعضوين للاحتياط لاشغال عضوية المجلس ولجنة الانضباط.**

٢- تصديق التقرير المالي.

٣- مناقشة التقرير الاداري والشؤون الاخرى واتخاذ القرارات حولها.

٤- اقرار الاقتراحات بشأن تعديل القانون واقرار لوائح الانظمة وتعديلاتها.

**بەڕێز کـــاکـــە ڕەش نەقـــشـــبـــەندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسا تەنها رامان وایە لیژنەی بەرزەفتی لە کۆتایی برگەی یەکەم لابدرێ ،سوپاس

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

راپۆرتی ساڵانەیە یان هەر سێ ساڵ جارێکە؟ ، ئەوەش ئەگەر راڤەیەکی بکەن خراپ نییە، لیژنەی دارایی راتان.

**بەڕێز جـــەمـــیـل عـــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

تێبینی ئێمە لەسەر برگەی دووەمە وەکو جەنابتان فەرموتان لە جیاتی (تصديق التقرير المالي.) بکرێتە (تصديق الميزانية و الحسابات الختامية و التقرير المالي) میزانیەش دەبێتە سێ بەش هەر ساڵەو بەشی خۆی هەیە حساباتی مالیش بەم جۆرە و تقریری مالیش گشتیگر دەبێ بۆ هەر سێ ساڵ ، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە، مامۆستا مەلا هادی فەرمو

**بەڕێز مـــــەلا هـادی کـــــوێـخـــــا:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

بە رای من پرۆژەکە چۆن هاتووە وابێ لیژنەی بەرزەفتی بمێنێ، دووەمین بۆ دووەمیش وابێ (مناقشة وتقرير المالي الدوري)، سوپاس.

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن:**

کاک ابراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئیـــبـــراهیم ســـەعـــیـــد مـــحـــەمـــەد:**

**بەڕێز ســـــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــەن.**

لە سەندیکای پزیشکان گفتوگۆ زۆر لەسەر ئەمە کرا، لەوێ کۆکبووین کەوا بکرێت بە دوو بەشەوە یەکەم (تعقد الهيئة العامة اجتماعا اعتياديا لغرض ) سێ ساڵە، دووەم (يعقد مجلس النقابة

سنويا بالاشتراك مع الهيئة العامة) سێ خاڵی تر هەیە، بە رای من ئەگەر وەکو سەندیکای پزیشکانی لێ بێت روون تر دەبێت ، دەقەکەشی لای منە ئەگەر بوارم بدەن بیخوێنمەوە ، یان ئەگەر لایان بێت بچنە سەر ئەو دەقە بە بۆچونی من باشتر دەبێ و زۆر گفتوگۆشی لەسەر کراوە ،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مامۆستا مەلا تاهیر فەرمووو

**بەڕێز مەلا تاهیر زین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر کەسێ لێرە ئازادە کە رای خۆی دەر برێ، ناوەرۆکی ئەو ماددەیە کە دەڵێ دەستەی گشتی بەرز ترین دەسەلاتە لە ماددەی ١٣ دا هاتووە ، هەڵبژاردنی نەقیب و هەشت ئەندام دوو ئەندامی یەدەک بۆ جێگا گرتنەوەی دوو ئەندامی ئەنجومەن لەماددە ١٣ هاتووە ئایە ئەمە دووبارە نییە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان فەرمووو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو تێبینیەی مامۆستا مەلا تاهیر ئاماژەی بۆ کرد، لە ماددەی ١٢ پێکهاتەی سەندیکامان ژماردنی دەستەی گشتی وئەنجومەنی سەندیکا و لیژنەی بەرزەفتی و لقەکانی سەندیکایە پاش ئەوە لە ماددەی ١٣ بە شەرحی یەکە یەکەیان دەست پێ دەکات بەدرێژی ئاماژە بە پێکهاتەیان دەکات، دەستەی گشتی ئەوەیە، ئەنجومەن ئەوەیە، لیژنەی بەرزەفتی ئەوەیە...دەسەلاتیان ئەوەیە،بۆیە دووبارە بۆتەوە، دووبارە بوونەوەکە شەرح و تەفصیلە ،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وەلامی پرسیارەکانتان دایەوە؟.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڵێ،بەلام زیادیەکیشمان هەیە، لە ماددە ١٢ دەسەلاتی دەستەی گشتی نەهاتووە دەسەلاتی ئەنجومەنی سەندیکا نەهاتووە دەسەلاتی لیژنەی بەرزەفتی نەهاتووە ، هی فروعی سەندیکا لەپارێزگاکان نەهاتووە تەنها بۆ ژماردنیانە ئەوەیتر بۆ دیاری کردنی دەسەلات و پێکهاتەکانیانە ،سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک د.ئیدریس فەرمو.

**بەڕێز د. ئیدریس هادی صالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە بڕگەی چوارەم هاتووە دەڵێ(٤ـ اقرار الاقتراحات بشأن تعديل القانون واقرار لوائح الانظمة وتعديلاتها .) مرۆڤ وای لێ تێدەگا کە ئەوان بڕیاری هەمواری یاساکە دەدەن ،لەگەڵ ئەوەی لە کۆنگرەکە بڕیار لەسەر ئەو پێشنیارانە دەکرێ لەبارەی هەموار کردنی یاساکە بەلام دەبێ بەرز بکرێتەوە بۆ پەرلەمان تاکو بڕیار لەسەر هەمواری یاساکە بدرێ،ئایا لە دەسەڵاتی سەندیکایە بڕیار لەسەر هەمواری یاساکە بدات؟ پێم باشە زیاتر ڕوون بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕوونە، ئەوان بڕیار لەسەر پێشنیارەکان دەدەن ،بڕیار لەسەر یاساکە نادەن ، جائەو پێشنیارە دەچێ بۆ حکومەت ، یان لە ڕێگای ئەندامانی پەرلەمانەوە دێت بۆ پەرلەمان، لەبەر ئەوەی پەرلەمان یاسا هەموار دەکات، هیچ تێبینی تر هەیە لەسەر ئەو ماددەیە؟، کاک جەمیل فەرمو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر سەبارەت بە پێشنیارەکەمان لەسەر بڕگەی دووەم بوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای بەڕێز وەزیری دارایی.

**بەڕێز سەرکیس ئاغاجان مامەندۆ/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بوودجە وەکو باوە لە ئەنجومەن گفتوگۆی لەسەر دەکرێ ،بەلام دەستەی گشتی تەسدیقی بوودجە و حسابکاری دوماهی و ڕاپۆرتی دارایی دەکات، بۆیە ڕای لیژنەی داراییمان لا پەسەندە،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جا ئەو هەموارەشی بخەنە سەر تاکو ڕوون بێت.

**بەڕێز کاکەرەش نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەقی ماددە شازدە بەم شێوەیە دەبێ :

الهيئة العامة اعلى سلطة في النقابة ولها الصلاحيات التالية:

١ـ انتخاب النقيب وثمانية اعضاء وعضوين للاحتياط لاشغال عضوية المجلس ولجنة الانضباط.

٢ـ تصديق الميزانية و الحسابات الختامية و التقرير المالي

٣ـ مناقشة التقرير الاداري والشؤون الاخرى واتخاذ القرارات حولها.

٤ـ اقرار الاقتراحات بشأن تعديل القانون واقرار لوائح الانظمة وتعديلاتها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

نازانم (والشؤون الاخرى) چییە؟ لە یاسادا ئەوە هەیە، دەبێ دیاری بکرێ لابدرێ باشترە

**بەڕێز کاکەرەش نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەبێ (شؤون اخرى) جارێکی تر بیخوێنمەوە؟

الهيئة العامة اعلى سلطة في النقابة ولها الصلاحيات التالية:

**١ـ انتخاب النقيب وثمانية اعضاء وعضوين للاحتياط لاشغال عضوية المجلس ولجنة الانضباط.**

٢ـ تصديق الميزانية و الحسابات الختامية و التقرير المالي

٣ـ مناقشة التقرير الاداري واتخاذ القرارات حولها.

٤ـ اقرار الاقتراحات بشأن تعديل القانون واقرار لوائح الانظمة وتعديلاتها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی شازدە دەخەینە دەنگ دانەوە کێ ماددەی ١٦ وەکو خوێندرایەوە پەسەند دەکات با دەستی بەرز بکاتەوە ؟ کێ پەسەندی ناکات؟ بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

المادة السابعة عشرة:

يتألف مجلس النقابة من:

**١ـ النقيب: ويشترط فيه ان يكون له ممارسة فعلية لاتقل عن سبع سنوات.**

**٢ـ اعضاء المجلس: ويشترط فيهم ان يكون لهم ممارسة فعلية لاتقل عن خمس سنوات.**

**٣ـ ينتخب المجلس بالاقتراع السري من بين اعضائه نائباً للنقيب وسكرتيراً ومسؤولاً للمالية وتحدد صلاحياتهم بالنظام الداخلي.**

**٤ـ يعقد المجلس جلساته الاعتيادية مرة واحدة في الشهر على الاقل كما يجوز له عقد جلسات غير اعتيادية بدعوة من النقيب او بطلب ثلث اعضائه.**

**بەڕێز کاکەرەش نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێشنیارەکەمان وەکو لێژنەی یاسا بەم شێوەیەیە

الفقرة الاولى: جعل مدة الممارسة بالنسبة للنقيب(١٠)عشرة سنوات بدلاً من(٧)سبعة سنوات الواردة في المشروع.

الفقرة الثانية: جعل مدة الممارسة بالنسبة لاعضاء المجلس (٧)سبعة سنوات بدلاً من(٥)خمسة سنوات الواردة في المشروع.

تەنها ماوە کانیانمان دەست کاری کردەوە

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی فەرمون.

**بەرێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبارەی ماوەکە کە بکرێتە ١٠ بە ٧ وەکو لیژنەی یاسا پێشنیاری کرد ئێمە لەگەڵین، بەڵام بۆ نەقیب بکرێتە (الفقرة الاولى: جعل مدة الممارسة بالنسبة للنقيب(٧) سنوات و مقيما في الاقليم) چونکە لەمەرجەکانی ئەندامیەتی پێشودا هەبوو بۆ مەرجی نەقیب ئەو کاتە لامان دا لێرە دەبێ مەرجی نەقیب هەبێ کە (مقيم في الاقليم )ە ئەو کاتەش من پێشنیارم کرد، جەنابت ئەو کاتە گوتت بابێینە سەری ئەوجا گفتوگۆی لەسەر دەکەین، ،سوپاس

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ تێبینی هەیە تکایە دەستی بەرز بکاتەوە تاکو ناونووسیان بکەین ، کاک فرەنسۆ

**بەرێز فرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پشگیری لە قسەکەی کاک جەمیل دەکەم ، بەلام نەک تەنها نەقیب، ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکاش ئەوانیش دەبێ بوونیان لە هەرێمدا هەبێ.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەرێز کاک برهان جاف فەرمو.

**بەرێز برهان علی جاف:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من تێبینیم لەسەر برگەی سێیەم هەیە لە دەسەلاتی ئەنجومەنە کە لیژنەی بەرزەفتیش دابنێت کەچی لێرەدا نەهاتووە (**ينتخب المجلس بالاقتراع السري من بين اعضاءه نائباً للنقيب وسكرتيراً ومسؤولاً للمالية وتحدد صلاحياتهم بالنظام الداخلي**.)من پێشنیار دەکەم (و لجنة الانضباط) دارایی للماليه زیاد بکرێ سوپاس

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک رەجەب شەعبان فەرموو

**بەرێز رەجەب شەعبان:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە خاڵی چوارەمدا کە دەڵێ(**يعقد المجلس جلساته الاعتيادية مرة واحدة في الشهر على الاقل كما يجوز له عقد جلسات غير اعتيادية بدعوة من النقيب او بطلب ثلث أعضائه**.) پێویستە لێرە بکرێتە (**اكثرية اعضائه**).لەبەر ئەوەی لە ماددەی ١٤ گوتراوە ( يجوز دعوة الهيئة العامة لاجتماع غير اعتيادي اذا ارتأى ثلث اعضاء الهيئة العامة او اكثرية المجلس) نەوەک هاودژیەک دروست ببێت لێرە (اكثرية اعضائه) باشترە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە بۆ کۆبوونەوەی دەستەی گشتیە ئەوەی تر بۆ کۆبوونەوەی ئەنجومەنی سەندیکایە، سێ یەکی دەستەی گشتی دەتوانن داوای کۆبوونەوەی دەستەی گشتی بکەن ،و سێ یەکی ئەندامانی ئەنجومەنیش دەتوانن داوای کۆبوونەوەی ئەنجومەن بکەن، کاک مەلا هادی

**بەڕێز مەلا هادی کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من رام وایە پرۆژەکە چۆنە هەر وابێ و پشگیری رای کاک برهان دەکەم، کە لیژنەی بەرزەفتی لەگەڵدا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادام لیژنەی بەرزەفتی لە لایەن دەستەی گشتییەوە هەڵنابژێردرێ پێویستە ئاماژە بکرێ کەوا لەلایەن ئەنجومەنی سەندیکاوە دەبێ ، لیژنەی یاسایی فەرمون.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ماددەی ٢٢ بخوێنینەوە دەڵێ(تؤلف لجنة الانضباط من ثلاثة اعضاء اصليين وعضوين احتياط تنتخبهم الهيئة العامة.) پێشنیاری لیژنەش دەڵێ (ينتخبهم مجلس النقابة) بەلام هێشتا نەهاتوینەتە سەر ماددەکە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتا راتان وایە ماددەکە لەوێ وا بمێنێتەوە ، بەو شێوەیە بگۆڕدرێ و لێرە زیاد نەکرێ ، ئەگەر لێرە زیاد بکرێ دەتوانین ئەو ماددەیە لەغو کەین.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە هەموو سەندیکاکانی تریش وامان کردووە، بە ماددەیەکی سەربەخۆ دامان ناوە

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە، ئەگەر وەڵامی پرسیارەکانتان هەیە، فەرموون

**بەڕێز کاکەرەش نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنها بۆ مەرجەکانی ئەندامیەتی، ئێمە دەڵێین تەنها خەڵکی کوردستان بێت یان مقیم بێت لێرە، واتا ئەگەر مقیم بوو یان خەڵکی ئێرە بوو دەبێتە ئەندامی سەندیکا، کەبێتە ئەندامی سەندیکا و مەرجەکانیشی تێدا دەستەبەر بوو دەتوانێ و مافی هەیە خۆی بپاڵێوێ، بە رای من بابەتەکە چارەسەر کراوە، کە مقیم نەبێ لە بنەرەتدا نابێتە ئەندام.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر بۆ ئاگاداری ئەگەر کارەبا کوژایەوە دانیشتنەکەمان دوادەخەین بۆ ڕۆژی پێنج شەم، ئێستا بەردەوام دەبین لەسەر گفتوگۆ کردنی ماددەی ١٧ ،ئەو بەڕێزانەی ناونووس کرابوون قسەیان کرد، لێژنەی یاسایی ماددەکە بخوێننەوە

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

ئێستا ماددەکەو پێشنیارەکەی لێژنەتان بۆ دەخوێنمەوە

المادة السابعة:

يتألف مجلس النقابة من:

**١ـ النقيب: ويشترط فيه ان يكون له ممارسة فعلية لاتقل عن سبع سنوات.**

**٢ـ اعضاء المجلس: ويشترط فيهم ان يكون لهم ممارسة فعلية لاتقل عن خمس سنوات.**

**٣ـ ينتخب المجلس بالاقتراع السري من بين اعضائه نائباً للنقيب وسكرتيراً ومسؤولاً للمالية وتحدد صلاحياتهم بالنظام الداخلي.**

**٤ـ يعقد المجلس جلساته الاعتيادية مرة واحدة في الشهر على الاقل كما يجوز له عقد جلسات غير اعتيادية بدعوة من النقيب او بطلب ثلث اعضاءه.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سەبارەت بە (مقيماً في الاقليم) وەڵامتان هەبوو لەسەری؟.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەڵاممان دایەوە وتمان مەرجەکانی بە ئەندام بوون ئەوەیە کە بەپێناسە خەڵکی کوردستان بێت، یا نیشتەجێی کوردستان بێت، هەر کەسێکیش کە مەرجەکانی بە ئەندام بوونی تیادا بوو ئەوە بۆی هەیە کە خۆی هەڵبژێرێت وەکو نەقیب، ئەگەر مەرجی «٧» ساڵەکەی تیادا بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من وای بۆ دەچم کە ئەگەر «مقيماً في الاقليم»ی بخەینە سەر، وا پیشان ئەدات کەوا زۆربەی ئەندامانی سەندیکاکە لە دەرەوەی کوردستانن، بەڵام لە ڕووی کاریگەرییەوە نەقیب نابێت لە دەرەوەی هەرێم بێت، هەروەها ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکا نابێت لە دەرەوەی هەرێم بن، بەڵام ئەگەر ئەوە بخرێتە ناو یاساکەوە ئەوە دەرئەخات کەوا ئەندامانی سەندیکا زۆربەیان لە دەرەوەن و لێرە ئەرکیان هەیە، لە یاساکەدا لەنگییەک دروست دەکات، بەڵام ئەوەی کە دەبێت بە نەقیب پێویستە لێرە دانیشێت، هەر وەکو هەموو سەندیکاو ئیشەکانی تر کە هەیە، ماددەی «١٧» بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی «١٧»دایە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟..کەواتە بە زۆربەی دەنگ پەسەند کرا، دێینە سەر ماددەی «١٨» فەرموو.

**بەڕێز شـــــێـــــروان نـاسح حـــــەیدەری:**

المادة الثامنة عشرة:

١ـ يتم النصاب في المجلس بحضور أكثرية الاعضاء وتصدر القرارات بأغلبية أصوات الحاضرين وعند تساويها يرجح الجانب الذي صوت فيه النقيب.

٢ـ إذا شغر مركز النقيب لاي سبب كان يحل محله نائبه أو السكرتير في حالة شغور مركز النائب.

٣ـ يحل محل النقيب أحد الاعضاء الاصليين بالاقتراع السري في حالة شغور مناصب النقيب ونائبه والسكرتير.

٤ـ على المجلس دعوة الهيئة العامة لاجتماع غير اعتيادي خلال مدة لا تزيد على شهرين لغرض انتخاب النقيب على ان لا تقل المدة المتبقية عن « ٦ » أشهر.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز کــاکــەرەش مــحـــەمــەد نـەقــشــبــەندی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

تێبینی ئێمە لەسەر ماددەی «١٨» بەم شێوەیەیە:

المادة الثامنة عشرة:

تقترح اللجنة إعادة صياغة الفقرة الثانية من هذه المادة وكالاتي:

(٢ـ إذا شغر مركز النقيب لأي سبب كان يحل محله نائبه أو السكرتير إذا كان مركز النائب شاغراً على ان لا تقل المدة المتبقية للدورة عن سنة كاملة).

تقترح اللجنة إعادة صياغة الفقرة الثالثة من هذه المادة وكالاتي:

(٣ـ إذا شغرت مناصب أكثرية اعضاء المجلس فعلى المجلس دعوة الهيئة العامة للاجتماع لإنتخاب من يملؤها وبنفس الطريقة المبينة في هذا القانون على ان لا تقل المدة المتبقية للدورة عن سنة كاملة).

وبالنسبة للفقرة الرابعة من هذه المادة فتوصي اللجنة بإلغائها.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

بە چ هۆیەکەوە داوای هەڵوەشانەوەی بڕگەی «٤» دەکەن.

**بەڕێز کــاکــەرەش مــحـــەمــەد نـەقــشــبــەندی:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن.**

لە بڕگەی «٢ و ٣»دا چارەسەر کراوە، جا پێویستی بە بڕگەی «٤» نییە، سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــــومـــــــەن:**

ئەوەی ئەچێتە جێگای نەقیب بەپێی بڕگەکانی تر بۆی هەیە بچێتە جێگای بۆ ماوەی «٢»

مـانگ، نەک بۆ مـاوەی «٦» مـانـگ، یا سـاڵێـک، نەقـیب ئەبێت بەشـێـوەیەکی راسـتـەوخـۆ لە دەسـتـەی گـشـتـیـیـەوە هەڵـبـژێردرێت، ئەگـەر مـاوەکـە کـەم بوو تـەنهـا چەند مـانگـێـک بوو ئەوە جێگرەکەی ئیشـەکەی ئەکـات، بەڵام ئەگەر لە «٢ و٣» زیـاتر بوو ئەوە پێـویسـتـە نـەقیـبـێـکی تر هەڵـبـژێردرێت، ئەوە برگـەی «٤» وادەڵێت، کـەواتە برگـەیەکی گـرنگە وەی ئەوە نیـیـە کـە هەڵوەشێنرێت.

**بەرێز کـاکـەرەش مـحـەمـەد نەقـشـبـەندی:**

**بەرێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن.**

لە برگەی «٤» دەڵێت: (ئەگەر لە ماوەکە «٦» مانگی مابێت)، کەواتە لە «٦» مانگ کەمتر بێت ئەوە نایگرێتەوە، بەڵام بە رای ئێمە لە ساڵێک کـەمتر نەبێت، ئەگەر ساڵێک مـابوو ئەوە با بە بەتاڵی بمێنێتەوە، بەڵام ئەگەر لەساڵێک زیاتر بوو ئەو کاتە داوا لە دەستەی گشتی دەکات کە نەقیب هەڵبژێردرێت، زۆربەی سەندیکاکانیش بەو شێوەیەن، سوپاس.

**بەرێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

سوپاس، رای لیژنەی دارایی، فەرموو.

**بەرێز جـەمـیـل عـەبدی سـندی:**

**بەرێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

ئێمـە لەگەڵ ئەوە داین کەوا برگەی «٤» بمێنێتەوە، ئەگەر ماوەکە لە «٦»مانگ زیاتر بوو ئەوە دووبارە داوای ئەنجومەنی گشتی بکرێت و هەڵبژاردن بکرێتەوە، سوپاس.

**بەرێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

سوپاس، ئەو بەرێزانەی کە تێبینیان هەیە با دەستیان بەرز کەنەوە، بەرێز مەلا هادی فەرموو.

**بەرێز مـەلا هـادی خـضـر کـوێخـا:**

**بەرێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

بە رای من ماددەکە لە جێگای خۆیەتی، ئەگەر لە ساڵێک زیاتر بوو ئەوە مافی خۆیانە کەوا جارێکی تر نەقیب هەڵبژێرن، سوپاس.

**بەرێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

سوپاس، کاک شێخ رەقیب فەرموو.

**بەرێز رەقـیـب حـسـێن مـەلا:**

**بەرێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن.**

منیش پشتگیری لە قسەکانی مەلا هادی دەکەم، سوپاس.

**بەرێز سـەرۆکی ئـەنجـومـەن:**

لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕای ئێمە ئەوەیە ئەگەر ئەو ماوەیەی کە مابوو لە ساڵێ زیاتر بوو ئەوە دەبێت داوای دەستەی گشتی بکرێت بۆ ئەوەی هەڵبژاردن بکرێت، بەڵام ئەگەر لە ساڵێک کەمتر بوو ئەوە جێگرەکەی دەتوانێت جێگای بگرێتەوە، تاوەکو ساڵەکە تەواو دەبێت، چونکە «٦» مانگ زۆر کەمە، لەبەر ئەوە ڕای ئێمە لەسەر ساڵێکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە پێشنیارەکەی خۆتان بخوێننەوە تاوەکو بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

المادة الثامنة عشرة:

١ـ يتم النصاب في المجلس بحضور أكثرية الاعضاء وتصدر القرارات بأغلبية أصوات الحاضرين وعند تساويها يرجح الجانب الذي صوت فيه النقيب.

(٢ـ إذا شغر مركز النقيب لأي سبب كان يحل محله نائبه أو السكرتير إذا كان مركز النائب شاغراً على ان لا تقل المدة المتبقية للدورة عن سنة كاملة).

(٣ـ إذا شغرت مناصب أكثرية اعضاء المجلس فعلى المجلس دعوة الهيئة العامة للاجتماع لإنتخاب من يملؤها وبنفس الطريقة المبينة في هذا القانون على ان لا تقل المدة المتبقية للدورة عن سنة كاملة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارێکم هەیە، ئەگەر لە «السنة الكاملة» کەمتر بوو ئەوە چۆنە؟.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر لە ساڵێک کەمتر بوو ئەوە جێگرەکەی جێگای دەگرێتەوە، بەڵام ئەگەر لە ساڵێک زیاتر بوو ئەوە داوا لە دەستەی گشتی دەکرێت کەوا جارێکی تر هەڵبژاردن بکرێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک ئیبراهیم دۆغرەمەچی فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەگوێرەی بڕگە«٣» ڕاستە دەڵێت: «أكثرية أعضاء المجلس»، بەڵام ئێمە ئەندامی یەدەکمان هەیە و ئەوان بەسەر دەکەون، کە یەدەگەکان بەسەر کەوتن ئەوە ئەنجومەنەکە تەواو ئەبێت و، ساڵەکەش لە جێگای خۆیەتی، یاخود دەتوانن لە ماوەی ئەو ساڵە ئیشوکاری خۆیان بڕوێنن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێکی تر بیخوێننەوە تاوەکو بیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الثامنة عشرة:

١- يتم النصاب في المجلس بحضور أكثرية الاعضاء وتصدر القرارات بأغلبية أصوات الحاضرين وعند تساويها يرجح الجانب الذي صوت فيه النقيب.

(٢- إذا شغر مركز النقيب لأي سبب كان يحل محله نائبه أو السكرتير إذا كان مركز النائب شاغراً على ان لا تقل المدة المتبقية للدورة عن سنة كاملة).

(٣- إذا شغرت مناصب أكثرية اعضاء المجلس فعلى المجلس دعوة الهيئة العامة للاجتماع لإنتخاب من يملؤها وبنفس الطريقة المبينة في هذا القانون على ان لا تقل المدة المتبقية للدورة عن سنة كاملة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئەم پێشنیارەی لیژنەی یاسا دەخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی«١٨»دایە بەم شێوەیەی کە خوێنرایەوە؟..سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. کەواتە بە گشتی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین، دێینە سەر ماددەی «١٩».

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة التاسعة عشرة:

يعتبر عضو المجلس مستقيلاً إذا تغيب عن حضور ثلاث جلسات متتالية أو خمس جلسات متفرقة خلال سنة دون عذر مشروع.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسا تکایە.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسا هیچ لاریمان لەسەر ماددەکە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ڕای لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش هیچ لاریمان نییە لەسەر ئەم ماددەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەو بەڕێزانەی کە تێبینیان هەیە لەسەر ئەم ماددەیە بادەستیان بەرز کەنەوە، تێبینیی

نیـــــــه؟، کـــەواتە مــــاددەی «١٩» ئەخــــەینە دەنگدانەوە، کێ لەگــــەڵ مــــاددەی «١٩»دایە؟..سوپاس..کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە گشتی دەنگ پەسەند کرا، سوپاس، دێینە سەر ماددەی «٢٠» فەرموو.

**بەڕێز شـــــێـــــروان ناسح حـــــەیدەری:**

المادة العشرون:

لمجلس النقابة الاختصاصات التالية:

١ـ إعداد وتصديق الميزانية السنوية.

٢ـ العمل على تحقيق أهداف النقابة حسب ما جاء في المادة الثالثة من هذا القانون.

٣ـ تقديم المقترحات بشأن تعديل قانون النقابة وأنظمتها الى الهيئة العامة.

٤ـ تنفيذ مقررات الهيئة العامة.

٥ـ تعيين مستخدمي النقابة وتحديد اجورهم.

٦ـ النظر في طلبات الانتماء وإقرار قبول الاعضاء والمشاركين.

٧ـ أختيار من يمثل النقابة في اللجان الرسمية وغيرها في حالة عدم تمثيل النقيب لذلك.

٨ـ تقديم الاقتراحات لتعديل القوانين بالنسبة للمهن الاقتصادية.

٩ـ إحالة القضايا و الشكاوي التي ترد اليها الى الجان المختصة.

١٠ـ تأسيس فروع للنقابة في المحافظات.

١١ـ تشكيل لجان فرعية لتحقيق أغراض النقابة.

١٢ـ البت في إستقالة النقيب أو أي من أعضاء النقابة ولجانها بشرط ان تعرض على أول اجتماع للهيئة العامة.

١٣ـ تعيين ممثلي النقابة في المحافظات والاقضية التي ليس لها فروع.

١٤ـ أختيار مراقب حسابات لاجراء التدقيق السنوي.

١٥ـ تنظيم الاوراق الانتخابية والوثائق الاخرى والاشراف على عملية الانتخاب.

١٦ـ إصدار التعليمات الموافقة لهذا القانون والانظمة الصادرة بموجبه لغرض تسهيل تطبيقها.

١٧ـ إقرار تملك الاموال والعقارات وقبول الهبات والمنح.

١٨ـ حق الاقراض والاقتراض وتقديم المساعدات المالية.

١٩ـ تأسيس وإدارة نوادي الاقتصاديين وفقاً لقانون الجمعيات والانظمة الخاصة بها.

٢٠ـ تخويل بعض صلاحياته الى لجان الفروع وممثلي النقابة بالمحافظات والاقضية.

**بەڕێز سـەرۆکی ئەنجـومـەن:**

ڕای لیژنەی یاسا تکایە.

**بەڕێز کـاکـەرەش مـحـەمـەد نەقشـبـەندی:**

ڕای لیژنەی یاسا بەم شێوەیەیە:

المادة العشرون:
توصي اللجنة بالغاء الفقرة «١٣» الثالثة عشرة من هذه المادة وإعادة صياغة الفقرة عشرون من هذه المادة كالاتي:
«٢٠ ــ تخويل بعض من صلاحياته الى فروع النقابة في المحافظات».

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ڕای لیژنەی دارایی تکایە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
تێبینیی ئێمە تەنها لەسەر بڕگەی «١»ە و، تسدیق کردنی میزانیەش لە کارەکانی دەستەی گشتییە، بڕگەی «١» بەم شێوەیەی لێ بێت: (إعداد الميزانيه السنويه والحسابات الختاميه)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
لە سەندیکای پزیشکان بەو شێوەیەمان لێ کرد کەوا تسدیق کردنی بودجەی سالانە لەگەڵ بودجەی حکومەتدا بەیەکەوە بڕوات و، ناشکرێت هەموو ساڵێک کۆبوونەوەی دەستەی گشتی بکرێت تەنها بۆ تسدیق کردنی بودجەی سالانە، بۆیە ئەو دەسەڵاتەمانە دا بە ئەنجومەنی سەندیکا، ئەو بەڕێزانەی کە تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرز کەنەوە، کاک سیروان کاکەیی فەرموو.

**بەڕێز سەرتیپ محەمەد حسێن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
تەنها تێبینیم لەسەر وشەی «الاختصاصات»ە پێموایە کەوا ئەو وشە «صلاحيات»ە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
سوپاس، خۆی هەندێکی ئەرکەو هەندێکی تریشی دەسەلاتە، جا «أختصاصات» لە شوێنی خۆیەتی ئەوە شتێکی ترە، کاک ئەمین مەولود فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**
بەراستی ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ماددەی «١٦» تسدیق کردنی ڕاپۆرتی داراییمان گۆڕی و، کردمان بە تسدیق کردنی بودجە، دەستەی گشتیش «٣» مانگ جارێک کۆ دەبێتەوە، واتا چۆن دەتوانن تسدیقی بودجە بکەن، ئەمەش دژە لەگەڵ ئەم ماددەیەی ئێستا هاتووە کە دەڵێت: «إعداد و تصديق الميزانية السنوية»، لەلایەکەوە دەسەڵاتەکەمان داوە بە دەستەی گشتی، کەچی لێرە ئەمانەوێت بیدەینەوە بە ئەنجومەنی سەندیکا، لێرەدا بەڕای من ئەنجومەنی سەندیکا ناتوانن ئەم کارە بکەن، چونکە لە ماددەی «١٦» ئەو دەسەڵاتە درا بە دەستەی گشتی، دووەم، سەبارەت بە بڕگەی «١٧» تێبینییەکم هەیە کە بکرێتە: (إقرار تملك الاموال والعقارات وقبول الهبات والمنح

بموافقة الجهات المختصة) چونکە بەڕاستی لە هەندێ لە یاسای سەندیکاکانی تردا ئەوەمان تێبینیی کرد کەوا «هبە» لەوانەیە لە بیانییەوە بێت، جا ئەوە ڕەزامەندی لایەنە پەیوەندیدارەکانی پێویستە، هەروەها وشەی «الاقضیة» لە بڕگەی «٢٠»دا زیادە وبەڕای من هەڵگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کاک ئەمین تێبینییەکانی منی گوت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەوانەی کە بەڕێز کاک ئەمین باسی کردن، ئەو دەسەڵاتەی کە دراوە بە دەستەی گشتی ئەوە چوارچێوەی بودجەی گشتی-بوو، ئەوە بودجەی ساڵانە بوو کەوا بۆ خۆیان چەند دادەنێن، لەوێ نەوتراوە «میزانیە سنویە» بەڵکو نووسراوە «المیزانیە» کەواتە بەشێوەیەکی گشتی، سەبارەت بە «الاقضیە» هەر نابێت نوێنەر لە قەزا و ناحیەکاندا هەبێت، ئەوە لە پێشنیاری ئێمەدا هەر نەماوە، چونکە نوێنەر تەنها لە پارێزگاکاندا دەبێت، سەبارەت بە «هبات» ڕاستە لە هەندێ سەندیکا وامان کرد کەوا «هبات» ئەگەر لەلایەنێکی بیانییەوە بێت دەبێت بە ڕەزامەندی لایەنە پەیوەندیدارەکان بێت، بەڵام ئێمە «منح» و«الهبات»مان لەیەک جیا کردەوە، «منح» وەرگیرێت، بەڵام «هبات» بە ڕەزامەندی لایەنەپەیوەنددارەکان دەبێت، ئەگەر بکرێتە بڕگەیەکی جیاواز باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هیچ تێبینی تر هەیە؟، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

«إعداد الحسابات الختامیة» شتێکی بنەڕەتییە پاش بودجەی هەر ساڵێک، لە بڕگەی یەکەمدا «والحسابات الختامیة»ی بۆ زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مەبەستمان تەنها یەک شتە سەبارەت بە ئەنجومەن، مەبەستمان ئەنجومەنە بۆی هەبێت حسابات و بودجەی ساڵێک دانێ، چونکە وەزارەتی دارایی بەپێی یاسای سەندیکاکان بۆی هەیە تەماشای بودجە و چۆنیەتی سەرف کردنیان بکات، واتا ئەبێت «حسابات الختامیە»ی ساڵانەیان

هەبێت، بەڵام دەستەی گشتی خۆ هەموو ساڵێک کۆ نابێتەوە، بەڵکو «٣» ساڵ جارێک کۆ دەبێتەوە، جا دەبێت ئەوە ڕوون بێت، جا بە شێوەیەک دایڕێژن کەوا ڕوون بێت.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ڕیەکەی جەنابتانم، بەڵام «حسابات الختامية» کێ ئامادەی دەکات؟، ئەنجومەنی سەندیکا، چونکە هەر ساڵێک چۆن وەزارەتی دارایی تسدیق کردنی بوودجە دەکات و پەسەندی دەکات، هەروەها تەماشای «حسابات الختامية»ش دەکات، کەوا بزانێ بەپێی ئەو بودجەیە ڕۆیشتووە، یا نە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی دەیخوێنمەوە زیادە و هەموار کردنی ماددەکەیە:

لمجلس النقابة الاختصاصات التالية:

١ــ إعداد وتصديق الميزانية السنوية والحسابات الختامية.

٢ــ العمل على تحقيق أهداف النقابة حسب ما جاء في المادة الثالثة من هذا القانون.

٣ــ تقديم المقترحات بشأن تعديل قانون النقابة وأنظمتها الى الهيئة العامة.

٤ــ تنفيذ مقررات الهيئة العامة.

٥ــ تعيين مستخدمي النقابة وتحديد اجورهم.

٦ــ النظر في طلبات الانتماء وإقرار قبول الاعضاء والمشاركين.

٧ــ إختيار من يمثل النقابة في اللجان الرسمية وغيرها في حالة عدم تمثيل النقيب لذلك.

٨ــ تقديم الاقتراحات لتعديل القوانين بالنسبة للمهن الاقتصادية.

٩ــ إحالة القضايا و الشكاوي التي ترد اليها الى اللجان المختصة.

١٠ــ تأسيس فروع للنقابة في المحافظات.

١١ــ تشكيل لجان فرعية لتحقيق أغراض النقابة.

١٢ــ البت في إستقالة النقيب أو أي من أعضاء النقابة ولجانها بشرط ان تعرض على أول اجتماع للهيئة العامة.

١٣ــ قبول الهبات والتبرعات من الجهات الاجنبية بموافقة الجهات الرسمية.

١٤ــ إختيار مراقب حسابات لاجراء التدقيق السنوي.

١٥ــ تنظيم الاوراق الانتخابية والوثائق الاخرى والاشراف على عملية الانتخاب.

١٦ــ إصدار التعليمات الموافقة لهذا القانون والانظمة الصادرة بموجبه لغرض تسهيل تطبيقها.

١٧ـ إقرار تملك الاموال والعقارات وقبول الهبات والمنح.

١٨ـ حق الاقراض والاقتراض وتقديم المساعدات المالية.

١٩ـ تأسيس وإدارة نوادي الاقتصاديين وفقاً لقانون الجمعيات والانظمة الخاصة بها.

٢٠ـ تخويل بعض صلاحياته الى فروع النقابة في المحافظات.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، هیچ تێبینیەک لەسەر ئەم ماددەیە هەیە پاش هەموارکردنی؟، کاک ئەمین فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ولآمەکەوە ئەوە بوو کە دەڵێت: «المیزانیة السنویة»، ئایا بودجەیەکی ترمان هەیە جگە لە بودجەی ساڵانە؟، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەستەی گشتی «٣» ساڵ جارێک کۆ دەبێتەوە و تسدیق کردنی بودجە دەکات، فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆی لە ماددەی «١٦»دا بە تەواوی هاتبوو، تسدیق کردنی راپۆرتی دارایی پوختی بودجەی ئەو «٣»ساڵەی تیادایە، کە راپۆرتی دارایی پێشکەش ئەکرێت پوختەی چالاکییەکانی دارایی «٣» ساڵی سەندیکای تیادایە، بەڵام سەبارەت بە ئەنجومەنی سەندیکاوە ئەوە خۆی بودجەی ساڵانەیە، چونکە بودجەیەکی ترمان نییە، جگە لەو بودجەیە، کەواتە دەستەی گشتی پەیوەندی بە تسدیق کردنی بودجەوە نییە، بەڵکو ئەنجومەنی سەندیکا ئەو کارە دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئێستا ئێمە لەسەر بنەماکەی رێککەوتوین، بەڵام ئەمانەوێت ئەنجومەن کێشەی نەبێت لەسەر «حسابات الختامیة»ی ئەو ساڵە، جا ئەگەر کێشە لە ماددەی «١٦»دا هەیە ئەوە پاشان دەگەڕێینەوە سەری، فەرموو.

**بەڕێز محەمەد ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وشەی «المیزانیە» لە برگە «١٦»دا ئەبێت بە «میزانیات»، واتا «٣» ساڵەکە دەگرێتەوە، ئەوکاتە کێشەکە نامێنێت لە نێوان ئەو دوو ماددەیەدا، سوپاس.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەربارەی ئەوەی مامۆستا ئەمین مەولود فەرمووی لە مادده (١٦)، (اعداد وتصدیق المیزانیة والحسابات الختامیة)، میزانیەی گشتی ئەوان هی سێ ساڵە، لێرە تەنها هی ساڵێکە هاتووە

مامۆستا ئەمین مەولود زۆر دەوامی کردووە لە دەزگاکان و شارەزایە، دەزگا گەورەکان پرۆژەیەکی دیاری کراو کە داخلی پلان دەکرێت بە یەک ساڵ بە حکومەت ناکرێت ئەو میزانیە بۆیە دادەنرێت پارەی بۆ دادەنرێت بۆ سێ ساڵ یان پێنج ساڵ، هەر ساڵێک بەشێکە لەوەی کە پەسند کراوە ئەگەر بڵێین برە گشتییەکە (١٠) ملیارە بۆ هەر ساڵێک دوو ملیار تەرخان کراوە. ساڵانە دەزانن چ بەشێک جێبەجێ دەبێت لەو دوو ملیۆنە هی پێنج ساڵ پەسند کراوەو هی ساڵانەش پەسند کراوە تیایدا دابەش کراوە،لێرە هیچ (تناقض)ێک نییە مادام وشەی (السنوية) هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئەمین مەولود فەرمو.

**بەڕێز ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمانە خطەیە خطەی پێنج ساڵی هەیە، خطەی سێ ساڵی هەیە، بەڵام میزانیە نین، چونکە میزانیە ساڵانەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئیبراهیم سەعید فەرمو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە (الانتماء، قبول الاعضاء، والمشارکین الفخریین)، هەیە کە بە بڕیاری ئەنجومەنە ئەویش زیاد بکرێت لە بڕگە (٦)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا گرنگ ئەوەیە لە بابەتی میزانیەکە بێیننەوە، مەلا هادی فەرمو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەمزانیوە میزانیەی سێ ساڵی هەبێت، کاک جەمیل بڕگەیەکی خوێندەوە ئەگەر چاک بکرابایە باشتر دەبوو، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان فەرمو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

میزانیە لە مادده (١٦) بەشێوەیەکی گشتی هاتووە، بەڵام بوودجەی ساڵانە نەهاتووە، لە مادده (٢٠) بەشێوەی ساڵانە هاتووە، ساڵانەکەش دراوەتە ئەنجومەن ئەو سێ بوودجەیە هی ئەو سێ

ساڵە کۆدەکرێتەوە و پێشکەشی دەستەی گشتی دەکرێت، دەستەی گشتیش پەسندی دەکات بابەتەکە بەو شێوەیەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئینجا لە ماددەی (١٦) بیکەن بە (میزانیات) باشترە، چونکە میزانیە خۆی ساڵانەیە، پێناسەی بوودجە ساڵانەیە بوودجەی دوو ساڵ و سێ ساڵ دانانرێت. ماددەی (٢٠) بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە دەیخەینە دەنگدانەوە. تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ماددە (٢٠) پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە.. بە گشتی دەنگ وەرگیرا. ماددەی (٢١) بخوێننەوە تکایە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الحادية والعشرون:**

للنقيب الصلاحيات التالية:

١- يرأس اجتماعات الهيئة العامة ومجلس النقابة.

٢- تمثيل النقابة في كافة المعاملات لدى المراجع القضائية والهيئات الرسمية وشبه الرسمية والاهلية والمصادقة على المعاملات والوثائق الخاصة بالنقابة وله تخويل بعض صلاحياته الى احد اعضاء مجلس النقابة.

٣- تأييد ملائة منتسبي النقابة لاغراض الكفالات.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕێز شێروان حەیدەری دارشتنەکەی ئێمەی خوێندەوە تەنیا لە برگە (٣) وشەی (ملائمە) دەکرێت بە (ملائة منتسبي النقابة لاغراض الكفالات)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی فەرمو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش هەمان تێبینی لیژنەی یاسامان هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینییان لەسەر ماددە (٢١) هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە.
وا دیارە نییە دەیخەینە دەنگدانەوە. تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی (٢١) بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسندی دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. زۆر سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. بە گشتی دەنگ ماددەی (٢١) وەرگیرا، فەرموو ماددە (٢٢) بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الثانية والعشرون:**

تؤلف لجنة الانضباط من ثلاثة اعضاء اصليين وعضوين احتياط تنتخبهم الهيئة العامة.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لیژنەی یاسا بەو شێوەیە پێشنیاری کردووە: تقترح اللجنة اعادة صياغة هذه المادة وكالآتي: (تؤلف لجنة الانضباط من ثلاثة اعضاء اصليين وعضوين احتياط تنتخبهم مجلس النقابة) لە جیاتی (الهيئة العامة).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای لیژنەی دارایی فەرموون.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

چونکە دەسەلاتەکانی (الهيئة العامة) لابرا (حذف) ببوو، لێرە لیژنەی ئینزبات با لە دەسەلاتی ئەنجومەن بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە لەسەر مادده (٢٢) تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە. دیارە کەس تێبینی نییە، کەواتە مادده (٢٢) دەخەینە دەنگدانەوە. تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە مادده (٢٢) بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە دەستیان بەرز بکەنەوە.. سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. بە زۆربەی دەنگ ماددەی (٢٢) وەرگیرا، تەنها یەک دەنگ دژە. ماددەی (٢٣) بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الثالثة والعشرون:

تطبق احكام قانون انضباط موظفي الدولة من قبل لجنة الانضباط.

**بەڕێز کاکە رەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تێبینی لیژنەی یاسا لابردنی ئەو ماددەیە.

توصي اللجنة الغاء هذه المادة لورود العقوبات التي تصدرها لجنة الانضباط في مادة (٢٤).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی فەرموون.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لاریمان نییە، هەرچەندە ئێمەش لەگەڵ دەقی ماددەکەدا بووین، بەڵام لە هەمان کاتیش لاریمان نییە، ئەگەر ڕای لیژنەی دارایی پەسند بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری دارایی فەرمو.

**بەڕێز سەرکیس ئاغاجان مامەندۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پشتگیری لە ڕای لیژنەی یاسا دەکەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئەو ماددەیە بمێنێت زیانی هەیە؟.

دەیخەینە دەنگدانەوە کە ماددەی (٢٣) لەغو بکرێت.

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە پێشنیاری لیژنەی یاسا پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە..

سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی پێشنیارەکە پەسند ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە..بە زۆربەی دەنگ ماددەی (٢٣) لەغو کرا. ئێستا ماددەی (٢٤) دێتە جێگای مادده (٢٣).

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الثالثة والعشرون:**

للجنة الانضباط اصدار اي من العقوبات التالية:

١ـ الفات النظر.

٢ـ الانذار.

٣ـ المنع من مزاولة المهنة لمدة ستة اشهر.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕای لیژنەی یاسا فەرموون.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لاریمان نییە لەسەر ماددەکە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی فەرموون.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی یاساکەداین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە. د. رزگار فەرمو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیار دەکەم شلوپەتییەک هەبێت واتە مرونەیەک هەبێت بۆ لیژنەی ئینزبات دیاری کردنی (٦) مانگ هەندێک ڕەقی تێدایە، لەبەرئەوە با کەمترین و بەرزترین ڕادە دابنرێت بۆ سزاکە (لا تقل عن ثلاثة اشهر ولا تزيد عن ستة اشهر)، ئەوە پێشنیاری من بوو سوپاس.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەو ماوەی (٦) مانگە زۆر بە گونجاو دەبینین، دووەمیش ئەو ماوەیە سەندیکاکە خۆی دایناوە بۆ ئەندامانی خۆی بەڕای من ئەوە زیاتر پەیوەندی بەوانەوە هەیە و، شتێکی تایبەتییە، سزای گشتی نییە بۆ ئەوەی نزمترین و بەرزترین ڕادەی بۆ دابنرێت، ئەمە پێشنیاری خۆیانەو زۆر زۆر باش هاتووە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماددەی (٢٣) دەخەینە دەنگدانەوە. تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ماددە (٢٣) پەسند دەکەن دەستیان بەرز بکەنەوە؟.. زۆر سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن دەستیان بەرز بکەنەوە.. ماددەی (٢٣) پەسند کرا. ماددەی (٢٤) بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الرابعة والعشرون:**

قرارات لجنة الانضباط قابلة للطعن لدى محكمة تمييز الاقليم خلال مدة(١٥)خمسة عشر يوماً من تاريخ التبلغ بالقرار ويكون قرار المحكمة باتاً.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ڕای لیژنەکەمان بەو شێوەیەیە:

تقترح اللجنة جعل مدة الطعن الواردة في هذه المادة من(١٥)يوماً الى(٣٠)يوماً.

بۆ ئەوەی ماوەیەک دابنرێت بۆ کەسەکە چاوێک بە بابەتەکەدا بخشێنێتەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی فەرمو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ دەقی ماددەکەداین بەڵام لاریشمان نییە لەسەر تێبینی لیژنەی یاسا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە. وا دیارە نییە، لیژنەی یاسا تکایە ماددەکە بە هەموارکردنەکەتانەوە بخوێننەوە.
**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**
المادة الرابعة والعشرون :
قرارات لجنة الانضباط قابلة للطعن لدى محكمة تمييز الاقليم خلال مدة (٣٠) ثلاثون يوماً من تاريخ التبلغ بالقرار ويكون قرار المحكمة باتاً.
**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**
تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی (٢٤) بەو شێوەیەی کە خوێندرایەوە پەسندی دەکەن تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە.. زۆر سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی پەسندی ناکەن تکایە دەستیان بەرز بکەنەوە.. بە گشتی دەنگ ماددەی (٢٤) وەرگیرا. بەڕێزان لێرەدا کۆتایی بە دانیشتنەکەمان دەهێنین، دانیشتنی داهاتوومان رۆژی پێنج شەممە سەعات (١٠) دەبێت.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا**
**سکرتێری ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**د. رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان ـ عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٩)**

پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠٠٠/١١/٢٣

خولی دووەم

ساڵی نۆیەم

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژماره (١٩)

## پێنج شەممە رێکەوتی ٢٣/١١/٢٠٠٠

***کات (١٠)ی سەر لەبەیانی رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ٢٣/١١/٢٠٠٠ ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق بەسەرۆکایەتی بەرێز د. رۆژ نوری شاوەیس سەرۆکی ئەنجومەن و، بە ئامادەبوونی بەرێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵلا سکرتێری ئەنجومەن، دانیشتنی (ژمارە نۆزدە)ی خولی ئاسایی دووەمی، ساڵی (٢٠٠٠)ی خۆی بەست.***

***بەرنامەی کار:***

***بەپێی حوکمەکانی برگە(١)ی مادده(٢٠) لە پێرەوی هەموارکراوی ناوخۆی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ژمارە(١)ی ساڵی ١٩٩٢، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بریاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی (ژمارە نۆزدە)ی خۆی لە کات (١٠)دەی سەر لە بەیانی رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ٢٣/١١/٢٠٠٠ دا بەم شێوەیە بێت:***

***١ـ بەردەوام بوون لەسەر خستنە روو و گفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای سەندیکای ئابووریناسانی هەرێمی کوردستان.***

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەناوی خوای بەخشندە ومیهرەبان و، بەناوی گەلی کوردستانەوە دانیشتنی ئەمرۆمان دەست پێدەکەین، پێشەکی بەناوی پەرلەمانەوە پیرۆزباییەکی گەرم ئاراستەی کاک عەبدولخالق دەکەم کە دوێنی ساڵیادی دامەزراندنی «بزووتنەوەی میللی کوردستان» بوو، هیوادارین کەوا خۆی و بزووتنەوە سەرکەوتوو و پێشکەوتوو بن لە کاروباریاندا بۆ بەرەو پێشەوە بردن وخزمەت کردنی پرۆسەی دیموکراتی و گەلی کوردستان. کاروباری ئەمرۆمان بەردەوام بوونە لەسەر خستنە روو وگفتوگۆ کردنی پرۆژەی یاسای سەندیکای ئابووریناسانی هەرێمی کوردستان، بەشی زۆری کارەکانمان تەواو کردووە و، هیوادارین کەوا ئەمرۆ ئەوانی تری تەواو بکەین، تکا لە بەرێزان لیژنەی یاساو لیژنەی دارایی دەکەم کەوا بێنە سەر سەکۆکە، کاک شێروان فەرموو ماددەی «٢٥» بخوێنەرەوە.

**بەرێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

المادة الخامسة والعشرون:

١ـ تدار شؤون فروع النقابة من قبل لجنة الفرع في المحافظة.

٢ـ تتألف لجنة الفرع من رئيس وأربعة أعضاء منتخبين عن طريق الاقتراع السري وذلك مرة واحدة كل ثلاث سنوات، وتنتخب اللجنة من بين أعضائها نائباً للرئيس وسكرتيراً.

٣ـ تتبع في الاجتماعات العامة لاعضاء الفروع نفس الاجراءات الخاصة باجتماعات الهيئة العامة والمبينة في هذا القانون ولها صلاحية قبول إستقالة رئيس لجنة الفرع وأعضائها وإقالتهم وإحلال من يحل محلهم لمدة الدورة وكذلك ملء الشواغر في اللجنة لدى حدوثها.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسایی، فەرموو.

**بەڕێز كاكەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

المادة الخامسة والعشرون:

تقترح اللجنة إعادة صياغة الفقرة الثانية من هذه المادة وكالاتي:

(٢ـ تتألف لجنة الفرع من رئيس وعضوين أصليين وعضوين احتياط ينتخبون عن طريق الاقتراع السري وذلك مرة واحدة كل ثلاث سنوات).

تقترح اللجنة وتوصي بالغاء الفقرة «٣» من هذه المادة.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بە پێشنیاری ئێوە تەنها «٢» برگە دەمێنێتەوە.

**بەڕێز كاكەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەڵێ، تەنها «٢» برگەی بمێنێتەوە و، برگەی «٣»ش هەڵگیرێت، چونكە ئیجرائاتێكی رووكەشییە، دەس لەكاركێشانەوەكان دێنە لای ئەنجومەنی سەندیكا، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز كاک محەمەد حەسەن باڵەتە فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بۆشاییەک ماوە لە نێوان ماددەی پێشوو و ئەم ماددەیە، ئەو ماددەیەی كە بووە بە ماددەی ژمارە «٢٤» سەندیكا خۆی سزا دادەنێت، ئەوە تەنها سزایە، ئایا ئەگەر ئیجرائاتی رووكەشی هەڵە بوو، ممیز چۆن ئەوە ئەخاتە روو؟، لێرە نەهاتووە، جا من پێشنیار دەكەم ماددەیەک پاش ماددەی «٢٤» دابنرێت، «يتبع القواعد الواردة في قانون أصول المحاكمات الجزائية بالنسبة للقضايا المحالة الى لجنة الانضباط»، بۆ ئەوەی ببێتە ئیجرائاتی رووكەشی یاسایی، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئێمە ئێستا گفتوگۆی ماددەی «٢٥» دەكەین.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە نێوان ماددەی «٢٤» و ماددەی«٢٥» بۆشاییەكی یاسایی هەیە، ئەگەر ئەم ماددەیە كە

پێشنیارم کرد لە پاش ماددەی «٢٤» دابنرێت، ئەو بۆشاییە پڕ دەبێتەوە،ئەوکاتە ئەگەر هەڵەش هەبێت لە ئیجرائاتی رووکەشی، ئەوە دەبێتە سەرپێچی یاسا، بەڵام ئەگەر لە یاساکەدا ئەمە نەهاتبێت ئەوە من ناتوانم لە تمییزیش دەریخەم، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە بە پێی پێڕۆی ناوخۆ ئێستا گفتوگۆی ماددەی «٢٥» دەکەین، جا بۆیە نابێت بچینە سەر بابەتێکی تر، پاشان ئەو گفتوگۆ و پێشنیارانە کرا لەسەر لابردنی ماددەی «٢٣» و، ئەنجومەنیش بڕیاری لەسەر دا، جا من پێشنیارێکی تر دەکەم بیخەنە کۆتایی یاساکە، خۆ ئەگەر کرا بیخەنە «الأحکام الختامیە»، رای لیژنەی دارایی چییە لەسەر ماددەی «٢٥»؟، فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەی دارایی ئەوەیە، «لجنه الفرع یتکون من الرئیس وأربعه أعضاء و عضوین إحتیاط»، چونکە وەکو رای لیژنەی یاسا ئەگەر «٣» ئەندام بن ئەوە کەمە، تەنها سەرۆک و دوو ئەندام ئەوە زۆر کەمە، رای لیژنەی ئێمە ئەوەیە کە وەکو خۆی بمێنێت لە سەرۆک و دوو ئەندام پێک بێت، بەڵام هەر دوو ئەندامی یەدەگی لەگەڵدا بێت، چونکە نابێت هیچ لیژنە و لقێک ئەندامی یەدەگی نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

رای ئێوە وەکو لیژنە چی بوو؟.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پشتگری لە ئەم ماددەیە دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز وەزیری دارایی و ئابووری فەرموو.

**بەڕێز سەرکیس ئاغاجان/ وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پشتگیری لە دەقی ماددەکە دەکەین، بەڵام سەرۆک و «٤»ئەندام و ئەندامێکی یەدەگیش هەبێت، کەواتە ئەندامێکی یەدەگی بۆ زیاد بکرێت، سەبارەت بە بڕگەی «٣» کە لیژنەی یاسا داوای هەڵوەشاندنەوەی بکات، لە زۆربەی سەندیکاکاندا نەهاتووە و، تەنها لە سەندیکای جیۆلۆجییەکاندا هاتووە، کەواتا هیچ گرفتێک نابێت ئەگەر هەڵگیرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، لیژنەی یاسایی هیچ لاریبەکتان هەیە لەوەی کە خاڵی «١ و ٢» بمێنێت؟، لە پێشنیارەکەی خۆتان هەندێ کەم کەنەوە، فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لاریمان نییە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئابووری ناسان ژمارەیان کەمە، بیرمان لەوە کردەوە کەوا زۆر گەورەی نەکەینەوە، ئەگینا لە رووی شێوەییەوە هیچ ناگۆڕێ، بەڵام لە زۆربەی سەندیکاکان «٣» ئەندامن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینییان هەیە تکایە دەستیان بەرز کەنەوە، بەڕێز کاک ئەحمەد سالار فەرموو.

**بەڕێز ئەحمەد سالار عەبدولواحید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە ژمارەکەیان ئەو ژمارەیە پەسەندە کە «٥»بن و، «٢» ئەندامی یەدەگیشیان لەگەڵدا بێت، لەبەرئەوەی کاری سەرەکی و ئەوەی کە رۆژانە مامەڵە دەکات زیاتر لقەکانە رۆڵی خۆیان ئەبینن، دابەش کردنی ئەرکەکانی لقەکەش وا پێویست دەکات کە لەگەڵ سەرۆکدا «٤»ئەندام هەبێت و لە «٥» کەمتر نەبن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەبێت چەند مەرجێک بۆ سەرۆک و ئەندامی لق دانرێت، ئەوەیش هەر وەکو سەندیکاکانی تر، نەوەک هەر بێت و بکرێت بە سەرۆک، یا ئەندامی لق، ئەبێت شارەزایی هەبێت و، هیچ نەبێت «٥» ساڵ مومارەسەی پیشەی هەبێت، بۆ ئەندامی لیژنەش، ئەبێت لە «٣» ساڵ خزمەتی کەمتر نەبێت، هەروەها من پێشنیار دەکەم «نائباً للرئیس والسكرتير و أميناً للصندوق» ئەوانیش بە هەڵبژاردن بێت لەلایەن ئەنجومەنەوە و، بڕگەی «٣»ش ئەگەر هەڵدەگیرێت ئەوە گفتوگۆی لەسەر ناکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، بەڕێز کاک ئیبراهیم دۆغرەمەچی فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم عەبدولقادر دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لێرە لە بڕگەی «٢» وشەی «لجنه» زیادە، لە ماددەی «١٢» کە «تشکیلات»ە دەڵێت: «فروع المحافظات» لە هیچ سەندیکایەک لیژنەمان دانەناوە، تەنها «فروع المحافظات» دانراوە، سەبارەت بە ژمارەی ئەندامانی لقەکان، کە لە سەرۆک و «٢» ئەندامی سەرەکی و «٢» ئەندامی یەدەگ پێکهاتووە باشە بۆ ژمارەی لقەکانی پارێزگاکان، چونکە ژمارەیان ئەوەندە زۆر نییە، تاوەکو ژمارەی ئەندامانی لقەکان زیاد کەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، هیچ تێبینی تر هەیە؟، لیژنەی یاسا فەرموون.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ئەم پێشنیارەمان بۆ ئەوە کردووە، چونکە ژمارەی ئابووری ناسەکان ئەوەندە نییە و کەمن، بۆیە «٣» مان داناوە، هەروەکو سەندیکاکانی تر کە ژمارەیان کەمە، بەڵام ئەگەر ئەندامان رایان وایە کە ژمارەیان لە رووی شێوەییەوە بکرێتە «٥»ئەندام، ئەوە ئێمە هیچ لارییەکمان نییە، تەنها ئێمە لەبەر ئەوە ئەو ژمارەیەمان داناوە تاوەکو ئەرکێکی کەمتر بکەوێتە سەر سەندیکاکە، چونکە ئەوە جۆرە بار گرانییەک دەبێت بەسەر سەندیکاوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من سەندیکای ئەندازیاران و ئابووریناسان لەیەکەوە زۆر نزیکن، لە یاسای ئەندازیاراندا هاتووە کەوا لق پێکهاتووە لە سەرۆک و «٤» ئەندام، جا لەبەر ئەوە ئەگەر وەکو خۆی بمێنێت زۆر باشترە، هیچ بار گرانییەکیشی تیادا نییە، بەڵام ئەندامی یەدەگیش هەبێت ئەوە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک فەرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەرای من لیژنەی یاسایی زۆر ورد بۆ کارەکە چوو، با پارێزگای سۆران بکەینە نموونە، باوەڕ ناکەم لە سۆران ئیستا «٥» کەس لەوانە بێن بە ئەندامی لق، لەبەر ئەوە ئەبێت ئەو خاڵە رەچاو بکرێت، مەسەلە هەر دهۆک و هەولێر نییە، بەڵکو پارێزگای تازە دەکرێتەوە، ناتوانن ئەوەندە خەڵک پەیدا بکەن، یان دەبێت هەموو ئەو کەسانەی کە لەوێن ئەندامی لق بن، یا ئەندامی لیژنەی لق بن، لەو باوەڕەشدا نیم کەوا «٥» کەسی نەبێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رێزم بۆ قسەکانی کاک فەرەنسۆ هەیە،ئێمە لە یاساکەدا دەڵێین:«یجوز فتح فروع فی المحافظات»

کەواتە مەرج نییە هەموو پارێزگایەک لقی لێ دانرێت، ئەوەی ژمارەی تەواو بێت بۆ ئەوەی ببێت بە لق ئەوە لقی بۆ دادەنێین، بەڵام ئەوەی ژمارەی تەواو نەبێت ئەوە لقی بۆ ناکرێتەوە، هەرچەندە بڕیاری سۆران دەرچووە، بەڵام تاوەکو ئێستا جێبەجێ نەبووە، جێبەجێش بکرێت مەرج نییە لقی لێ دامەزرێت، سۆران نزیکی هەولێرە و دەتوانن سەر بە لقی هەولێر بن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک فەرەنسۆ فەرموو.

**بەڕێز فەرەنسۆ تۆما هەریری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بۆچوونی کاک جەمیل باشترین بەرگرییە لە رای لیژنەی یاسایی، بۆ مەرج نییە؟!، کە تۆ دەڵێی ئەبێت لق هەبێت، تۆ بۆ وادەکەیت کە نەکرێت؟!، ئەو بۆچوونەی کە ئێستا خستیە روو پشتگیرییە لە رای لیژنەی یاسا کە دەشیانەوێ لە هەموو پارێزگاکاندا لق هەبێت بەپێی توانا و ژمارەی ئەندامان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک د.ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی سالح:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئیشوکاری سەندیکای ئابووریناسان زۆر گرنگە، مەرج نییە ژمارەیان زۆر بێت، لق زۆر بێت، بۆ چارەسەر کردنی کێشەکە من پێم باشە کە بوترێت: «تتألف الفرع من «٣ـ٥» أعضاء» جا بە پێی گەورەیی پارێزگاکە، ئەو شوێنەی پێویستی بە «٣» ئەندام بێت بۆی دانرێت و، ئەو شوێنەیشی کە پێویستی بە «٥» هەبوو ئەوە بۆی دانرێت، هەروەها ئەندامێکی یەدەگیشی بۆ دانرێت، چونکە یەکێکیان سەرۆک و یەکێکیشیان جێگرە و ئەوی تریشیان سکرتێرە، «٢» کەسەکەی تریش هەر پێویستە بۆ ئیشوکاری تر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە قسەکانی کاک فەرەنسۆ، لە یاساکەدا، ماددەی «٢» خۆی دەڵێت: «ولها ان تفتح فروعاً»، کەواتا مەرج نییە، پێویستە و ژمارەیان تەواوە دەتوانن لق دامەزرێنن، ئەگەریش ژمارەیان کەم بوو ئەوە داینامەزرێنن، ئیشی ئابووریناسان زۆر گرنگە کە فەرموودەی سەرۆک بارزانییە و لێرەدا کە لەیەکەم دانیشتنیدا کە باسی ئابووری ڤانانی کرد، چۆن دەبێت رۆڵی خۆیان ببینن، ئەگەر لق «٣» کەس بێت چۆن رۆڵی خۆی دەبینێت؟، بەڵام ئەگەر «٥» کەس بن وئەندامی

یەدەگیش هەبێت، ئەوە باشتر ڕۆڵی خۆیان دەبینن، جا ئێمە سوورین لەسەر ڕای خۆمان کەوا دەقی یاساکە بمێنێتەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەم ماددەیە زۆر گفتوگۆی لەسەر کرا و، گوێشمان لە ڕای هەردوو لا بوو، لەبەر ئەوە تکایە لیژنەی یاسا دوایین داڕشتن بخوێننەوە، فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الخامسة والعشرون:

تقترح اللجنة إعادة صياغة الفقرة الثانية من هذه المادة وكالاتي:

٢ـ تتألف لجنة الفرع من رئيس وعضوين أصليين وعضوين احتياط ينتخبون عن طريق الاقتراع السري وذلك مرة واحدة كل ثلاث سنوات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، پرسیارێک هەبوو لەسەر «ممارسە»، هیچ وەڵامتان هەیە؟، فەرموو.

**بەڕێز کاکەڕەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خراپ نییە ئەگەر دیاری بکرێت، لەوانەیە ئێمەش بەسەرماندا تێپەر بووبێت، بەڵام دەبێت بەلایەنی کەمەوە لە «٣» ساڵ کەمتر نەبێت، چونکە «١٠» و«٧»مان دانا سەبارەت بە نەقیب و ئەندامانی ئەنجومەن، دەبێت ئەوەش لە «٣» ساڵ کەمتر نەبێت، دەکرێت ئەم پێشنیارە داڕێژینەوە و بیخەینە بەر دەستی ئەندامان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

.دایڕێژنەوە و هەموو ماددەکە بخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الخامسة والعشرون:

١ـ تدار شؤون فروع النقابة من قبل لجنة الفرع في المحافظة.

٢ـ تتألف لجنة الفرع من رئيس و عضوين أصليين وعضوين إحتياط منتخبين عن طريق الاقتراع السري مرة واحدة كل ثلاث سنوات، على ان يكونوا من الذين مارسوا المهنة مدة لا تقل عن «٣» سنوات.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێخ یەحیا فەرموو.

**بەڕێز یەحیا عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بەو ساڵی خزمەتە کە ئێستا خستیانە سەری، پێشنیاری بەڕێزان د.ئیدریس و د.ڕزگار

بوو، خۆی هەق نەبوو تێکەڵ بکرێت لەگەڵ هیچ برگەیەکی ماددەکەدا، چونکە بۆ نمونە من دەنگ دەدەم بە مادده بنەرەتییەکە، بەڵام دەنگ نادەمە ئەو پێشنیارە، جا لەبەر ئەوە من بە پەسندی ئەزانم کەوا یەکەم جار رای هەردوو لیژنە بخرێتە دەنگدان، پاشان ئەو ساڵی خزمەتەی بخرێتە سەر، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو «ممارسة»یە را نییە، واتا نەخراوەتە دەنگدانەوە، «ممارسە»کە لە میانی گفتوگۆدا کراوە بە رای لیژنەی یاسایی، جا ئەگەر پێشنیاری لیژنەی یاسا سەری نەگرت ئەوە دەتوانین بە شێوەیەکی تر گفتوگۆی پرۆژەکە بکەین، چونکە هەردوو لا ئەو «ممارسە»یان پێ پەسەندە، تێبینی تر هەیە؟، نییە، کەواتە ماددەی «٢٥» دەخەینە دەنگدانەوە بەو شێوەیەی کە لیژنەی یاسا خوێندیانەوە، کێ لەگەڵ ماددەی «٢٥» دایە؟.. سوپاس..کێ لەگەڵ نییە؟ کەواتە بە زۆرینەی دەنگ پەسەند کرا، «١٠» دەنگیش لەگەڵ نەبوون، سوپاستان دەکەین، دێینە سەر ماددەی «٢٦» فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة السادسة والعشرون:

للجنة الفرع الصلاحيات التالية:

١ـ تنفيذ مقررات الهيئة العامة ومجلس النقابة.

٢ـ تعيين مستخدمي الفرع وتحديد اجورهم.

٣ـ اختيار من يمثل الفرع في اللجان الرسمية.

٤ـ تقديم المقترحات والتوصيات الخاصة بامور الفرع الى المجلس لاتخاذ القرار بشأنها.

٥ـ صرف النفقات الضرورية لشؤون الفرع ضمن ميزانيته.

٦ـ تشكيل لجان فرعية لتحقيق أغراض النقابة.

٧ـ ممارسة الصلاحيات التي يخولها أياها مجلس النقابة بموجب هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی یاسا فەرموو.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسا لەگەڵ ماددەکەین و هیچ تێبینیمان نییە لەسەری، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، رای لیژنەی دارایی فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمەش لەگەڵ دەقی ماددەکە داین ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، ئەو بەڕێزانەی کەوا تێبینیان هەیە تکایە دەستیان بەرز کەنەوە، شێخ یەحیا فەرموو.

**بەڕێز یەحیا عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو ئەرك و دەسەلاتانەی کەوا لیژنەی لق پێی هەلّدەستێ، ئاماژەی بۆ راپۆرتی دارایی سالآنە نەکردووە، کە پێشکەشی کەن بۆ ئەنجومەن، جا من پێشنیارێ دەکەم کەوا برگەی «٨»ی بخرێتە سەر، ئەویش «تقديم التقرير المالي السنوي الى المجلس قبل إنتهاء السنة الميلادية»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید :**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لە دەسەلآتەکانی لق هاتووە لە برگەی «٦» کە دەلّێت:«تشكيل لجان فرعية» لێرەدا مەبەستی لیژنە کاتیەکانە، بۆ بەڕێوەبردنی ئیشوکار، تاوەکو تێکەلّ نەبێت لەگەلّ «لجنة الفرع»، ئەبێت دیاری بکرێت کەوا ئەمە لیژنەی کاتییە و، لیژنەی لق نییە، جا بە رای من لە جێگای «فرعية» بکرێتە «لجان مؤقتة»، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەکان هەموویان کاتین، جا ئیتر هەر چەند بێت ماوەکەی، کاك شێخ عەفان فەرموو.

**بەڕێز عەفان عوسمان نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەراستی برگەکانی «١و٢و٣و٤و٥و٦» هیچی نەهێلآوەتەوە بۆ ئەوەی جارێکی تر ئەنجومەنی سەندیکا دەسەلآتی بداتێ، ئەوانەی سەرەوە زۆربەی زۆریان دەسەلآتی ئەنجومەنی سەندیکایە، ئەم هەموو دەسەلآتەی داوەتێ و، لەپاش ئەوە دیسان دەلّێت:«ممارسة الصلاحيات التي يخولها أياها مجلس النقابة بموجب هذا القانون»، هیچ دەسەلآتێك نەماوە تاوەکو بیداتێ، جا لەبەر ئەوە هیچ دەسەلآتێك بۆ ئەنجومەنی سەندیکا نەماوە تاوەکو بیداتێ، لق خۆی ئەنجومەنی سەندیکایەکی سەربەخۆیە و هەموو شتێکی پێ دەکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاك د.ئیدریس فەرموو.

**بەڕێز د.ئیدریس هادی سالح:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە رای من برگە «٢» لەم ماددەیەدا هەلّگیرێت، لەبەر ئەوەی لە ماددەی «٢٠»دا لە برگە «٥» دەلّێت:«تعيين مستخدمي النقابة وتحديد اجورهم»، کەواتە دامەزراندنەکە مەرکەزیە و بودجەش

لەوێ تەسدیق کراوە، جا ئیتر پێویست ناکات لق بڕوات خەڵک دامەزرێنێت و کرێشیان بۆ دیاری بکات، چونکە لەوێدا هاتووە و دەبێتە دووبارە بوونەوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارت بە بودجە، راستە بودجە ئەنجومەنی سەندیکا دایدەنێت، لێرەشدا هاتووە دەڵێت:« صرف النفقات الضرورية لشؤون الفرع ضمن ميزانيته» ، بودجەش بە شێوەیەکی ئاسایی ئەنجومەن دایدەنێت، لێرە نەیوتووە خۆی بودجە دادەنێت، بەڵام سەبارەت بە بۆچوونەکەی کاک شێخ یەحیا، ئەوە خۆی دەرئەنجامە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا تێبینییەکی چاکە هەر بخرێتە سەر بڕگەی «٥» وبکرێتە:«صرف النفقات الضرورية لشؤون الفرع ضمن ميزانيته وتقديم الحسابات الختامية والتقرير المالي الى المجلس » ، هەرچەندە ئەمە دەرئەنجامە، بەڵام ئەگەر روون بێت باشترە، سەبارەت بە دامەزراندن، بۆ ئەنجومەن ئەوە ئەنجومەنی سەندیکا دایان دەمەزرێنێت، بەڵام بۆ لقەکان و دامەزراندنی «مستخدمي الفرع» و دیاری کردنی مووچەیان ئەوە کاری لقە ولق پێی هەڵدەستێ، بەڵام سەبارەت بە بودجە ئەوە هەر ئەنجومەن بودجەی بۆ دادەنێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا یەکەم لەسەر ئەو ئیضافەیە لەسەر فەقەرە (٥) راتان چییە؟.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی اضافە بکرێت و اضافە نەکرێت بەرای ئێمە زۆر اعتیادیە چونکە(تنفيذ مقررات الهيئة العامةو مجلس النقابة) شتێکی زۆر اعتیادیە هەموو جار خطوطی عریضە لە بۆ هەموو شتەکان دادەنرێت شتێکی زۆر تەبیعی یە کە میزانیەی خۆی دادەنێت دەبێ مۆقتەرەحی خۆی بداتە مجلس دەبێ حسابی نهائی بداتێ بزانێ چی کردووە شتێکی زۆر تەبیعی یە تحصیل حاصلە بەڵام ئەگەر داشی بنێن هەر لەترسی ئەوەی کە اشکال نەبێت هیچ مانع نییە، وە بەنسبەت ئەوەی جەنابی کاک ابراهیم فەرمووی هەر تەنیا بۆ التباسە وهەر بەخۆشی لیژنەی فەرعییە یانی لیژانی کاتییە ولەوانەیە لیژنەی مشتریات وهەر لیژنەی دایمی ئەویش هەر شبە دایمیە ساڵانەیە هەموو لیژان کاتییە بنوسین لیژنەی تایبەت و کاتی وثانوی وەکو بەڕێزتان فەرمووتان هەمووی دەگرێتەوە، و(صرف نفقات الضروريه لشؤون فرع من ضمن ميزانيته) دەبێ یەکێک هەبێ لە بۆ ئەو فەرعەی (أمر بالصرف) بێت چونکە قەیناکە میزانیەی بۆ دانراوە بەڵام کێ صرفی بکات؟ باشە شتێک دەکرێن نابێت یەکێک بڕیار بدات خۆ ناگەڕێنەوە مجلس دووبارە بڵێین دەمانەوێ چوار بەند کاغەز بکڕین دەمانەوێ موافەقەتمان بۆ بکەن دەبێ یەکێک «أمر بالصرف» بێت لەبەر ئەوەی صرفی نەفەقاتی زەروری لە ضمنی اختصاصی خۆێتیان، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە بیخوێنەوە ماددەکە بەو شێوەیەی کە هەیە ئێستاکە، جارێکی تر، بەو اضافەکەیەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة السادسة والعشرون:**

للجنة الفرع الصلاحيات التالية:

١ـ تنفيذ مقررات الهيئة العامة ومجلس النقابة.

٢ـ تعيين مستخدمي الفرع وتحديد اجورهم.

٣ـ اختيار من يمثل الفرع في اللجان الرسمية.

٤ـ تقديم المقترحات والتوصيات الخاصة بامور الفرع الى المجلس لاتخاذ القرار بشأنها.

٥ـ صرف النفقات الضرورية لشؤون الفرع ضمن ميزانيته وتقديم حسابات الختامية وتقرير المالي للمجلس.

٦ـ تشكيل لجان فرعية لتحقيق اغراض النقابة.

٧ـ ممارسة الصلاحيات التي يخولها اياها مجلس النقابة بموجب هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی بیست وشەش بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە پەسەندی دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... زۆر سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... بەزۆربەی دەنگ وەرگیرا..ماددەی بیست وحەوت بخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة السابعة والعشرون:**

تتكون مالية النقابة من الموارد التالية:

١ـ بدلات الانتماء والاشتراكات السنوية.

٢ـ المنح المقدمة من الجهات الرسمية وغير الرسمية والتبرعات والهبات المقدمة من الاعضاء او غيرهم.

٣ـ ريع الحفلات المقامة لمنفعة النقابة.

٤ـ ارباح مطبوعات النقابة.

٥ـ ارباح المشاريع التي ترتأي النقابة تأسيسها او اقامتها.

٦ـ اجرة تأييد ملائمة منتسبي النقابة والاستشهادات التي يصدرها المجلس.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەنیا دوو وشە هەیە ئێمە رامان وایە بگۆڕێت (او غير رسميه) بکرێتە (شبه رسميه) و شەشەمیش (اجرة تأييد ملائمة منتسبي النقابة والاستشهادات التي يصدرها المجلس).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

(الاستشهادات) بەڵێ یانی شهادە ئەوراقی تەئییدە یانی هەر ملائمە چاک بکرێتەوە، لیژنەی دارایی.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە هیچ تێبینیمان لە ماددەکە نییە وتەئییدی پێشنیاری لیژنەی یاسا دەکەین، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو بەڕێزانەی تێبینیان هەیە لەسەر ما ددەی بیست و حەوت تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە، کاک مەلاهادی فەرموو.

**بەڕێز مەلاهادی خضر کوێخا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

فەقەرەی دووی ماددەکە رێک هاتووە، بەڵام وەرگرتنی هیبات لە ئەندامەکان وغیری ئەندامەکان ئەمە لە هیچ کەسێک وەرناگیرێ تەنیا بەرەزامەندی جهاتی رەسمی نەبێت تەنیا ئەوەیە تێبینیەکەم، (المنح مقدمة من جهات الرسمية وغير الرسمية) لێرە دەڵێ(والهيبات من اعضاء او غيرهم بموافقة الجهات الرسمية) ئەوەی لەگەڵ بێت، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جارێک هاتووە خۆی بە روونیش هاتووە یانی هیباتی ئەجنەبی ئێمە دەمانەوێ ئەجنەبی تێدا نەبێ ئەوەی ئەجنەبی تحدید کراوە بە واضحی فەقەرەیەکی بۆ دانراوە هیچ تێبینیی تر هەیە؟، ئەگەر نییە تکایە بەو تەعدیلاتەی کە لیژنەی یاسا و دارایی پێکەوە کردووتانە با لیژنەی یاسا ماددەی بیست و حەوت بیخوێننەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة السابعة والعشرون:**

تتكون مالية النقابة من الموارد التالية:

١ـ بدلات الانتماء والاشتراكات السنوية.

٢ـ المنح المقدمة من الجهات الرسمية وشبه الرسمية والتبرعات والهبات المقدمة من الاعضاء او غيرهم.

٣ـ ريع الحفلات المقامة لمنفعة النقابة.

٤ـ ارباح مطبوعات النقابة.

٥ـ ارباح المشاريع التي ترتأي النقابة تأسيسها او اقامتها.

٦ـ اجرة تأييد ملاءة منتسبي النقابة والاستشهادات التي يصدرها المجلس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر سوپاس تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی بیست و حەوت پەسەند دەکەن بەو شێوەیەی کە خوێنرایەوە دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی نا کەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە... بەگشتی دەنگ ماددەی بیست و حەوت وەرگیرا.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة الثامنة والعشرون:**

على الدوائر الرسمية وشبه الرسمية تزويد النقابة بصورة من امر تعيين الاقتصاديين لديها.

**بەڕێز کاکەرەش محەمەد نەقشبەندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە وەکو لیژنەی یاسا رامان وایە کە ئەو ماددەیە نەمێنێ چونکە لەمادده حەوت فەقەرە دوو چارە کراوە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی ئابوری تکایە.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لەگەڵ نەصی ماددەکەداین، بەڵام ئەگەر لەماددەی تر هاتووە ومعالجە کراوە مشکلە نییە ئەگەر واشی لێهات ئەوەی بەڕێز محمد حسن باڵەتە پێش ئێستا فەرمووی تەنها لێرە جێگای ماوە لە هیچ جێگایەکی تر نەماوە، بەڵام ئەصلی ماددەکەش بمێنێ زەرەری نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لەجێگایەکی تر بە چ صیغەیەک هاتووە، بۆ ئەندامانی بخوێنەوە با اطلاعی لەسەر بکەن.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة السابعة:

٢- على الدوائر الرسمية وشبه الرسمية ارسال صورة من امر التعيين او التشغيل الاقتصاديين الى النقابة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەر بەهەمان صیغە هاتووە کەواتە لەجێی خۆیەتی، لیژنەی یاسا پێشنیار دەکات کە ماددەی بیست و هەشت لەغو بکرێت چونکە لە شوێنێکی تر هاتووە، ئەو بەڕێزانەی کە پێشنیاری ئەوە دەکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە.. بەگشتی دەنگ پێشنیارەکە پەسەند کرا. ماددەی بیست و هەشت لەغو کرا، مادده سی لە ئەصلی مشروعەکە بووە بیست و هەشت تکایە ماددەی بیست و هەشت جارێکی تر بخوێنەوە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەو پێشنیارەی كە من پێشكەشم كرد بێتە جێگەی ئەو ماددەیە وصیغەكەش بەو شێوەیە (تتبع القواعد الواردة في قانون اصول المحاكمات الجزائية بالنسبة للقضايا المحالة الى لجنة الانضباط) چونكە فراغ هەیە لێرە فراغێكی قانونی هەیە، سوپاس.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ماددەی بیست وهەشتمان تەواو كرد ئەگەر بە پەسەندی بزانن ئەو ماددەیە دەخەینە جێی ئەوەی كە ئێستا دەیخوێنمەوە كە تایبەتە بەلیژنەی انضباط ماددەكەش بەو شێوەیە (تتبع لجنة الانضباط في اجراءاتها القواعد الواردة في قانون انضباط موظفي الدولة).

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی هیچ تێبینیتان هەیە؟.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تێبینیمان لەسەر ئەو ماددەیە نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

بەڕێز وەزیری دارایی هیچ تێبینیتان نییە لەسەر ئەو ماددەیە.

**بەڕێز سركیس ئاغا جان/وەزیری دارایی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

هیچ تێبینیمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكا لەو بەڕێزانە دەكەین كە تێبینیان هەیە دەستیان بەرزبكەنەوە، بەڕێز كاك حمید میران.

**بەڕێز حەمید سەلیم میران:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

خۆی ماددەیەك هەبوو لەمەوپێش ماددەی بیست وسێ (تطبق قانون لجنة انضباط موظفي الدولة بالنسبة الى لجنة الانضباط) بۆچی هەمان ماددە نەهێنینەوە دایبنێین لە جیاتی قانون محاكمات جزائیە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

چونكە ئەو ماددەیە احكامی تری تێدایە عقوباتی تری تێدایە كە لە صلاحیەتی لیژنەی انضباط نییە وكاتی خۆی شرحیان كرد، بەڕێز كاك شێخ جعفر فەرموو.

**بەڕێز جەعفەر عەلی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

منیش هەمان تێبینی کاک حمیدم هەبوو لە ماددەی بیست و سێ دەڵێ (للجنه الانضباط اصدار ای نوع من عقوبات التالیه) سێ عقوبە دەسنیشان کراوە کە صلاحیەتی ئەو ئیتر ئەوە صلاحیەکەیەتی پێویست بە ماددەی تر ناکات دابنرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پرسیارەکە کرا و وەڵامیش درایەوە پێویست نەبوو تکرار بکرێتەوە، بەڕێز شێخ یحیی فەرموو.

**بەڕێز یەحیا عەبدولکەریم بەرزنجی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە گوێرەی ئەو سێ صلاحیەتەی کە لیژنەی انضباط هەیەتی ئەگەر قەزیەک پێویستی بە احالە بوو بۆ محکمە ئایا بە گوێرەی ئەو سێ خاڵە ئەتوانێ لیژنەی انضباط تحویلی بکات، لەبەر ئەوە حەز دەکەم نەصێک بدۆزرێتەوە بۆ چوارەم ئینجا ئەو دەقە بەڕێزان لیژنەی یاسا کاک محمد چۆنی اختیار دەکەن، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک مەحمەد فەرموو.

**بەڕێز مەحەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی جەنابی شێخ یحیی فەرمووی ئەو اضافەیە حەلی کرد (القواعد متبعه فی قانون انضباط موظفی الدوله) جملەکە احالەی محاکمەیە یانی ئەو زیادەیە حەلی ئەوەشی کرد، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یانی حەلی کردووە یانی جملەکە حەلی ئەو پرسیارەی جەنابتی کردووە،تکایە جارێکی تر ماددەی بیست و هەشتەمین بخوێنەوە.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

المادة الثامنة والعشرون:

تتبع لجنة الانضباط في اجراءاتها القواعد الواردة في قانون انضباط موظفي الدولة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە ماددەی بیست وهەشت بەو شێوەی کە خوێنرایەوە پەسەند دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... بەگشتی دەنگ وەرگیرا، ماددەی بیست و نۆ.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**المادة التاسعة والعشرون:**

لایعمل بأي نص یتعارض واحكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم ماددەیە تێبینی لەسەر نییە، فەرموو کاک سعید.

**بەڕێز مـەحـمـەدسـەعـیـد ئەحـمـەد یەعـقـوبی:**

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

من تێبینیەکم هەیە پێش ئەوەی قانونەکە دەربێت، تێبینیەکەشم ئەوەیە کە مدەی خزمەت لەمادده حەڤدە دەڵێت ماوەی خزمەت لە بۆ ئەندام حەفت ساڵ بێت لە مادده بیست و شەشیش ماوەی خزمەت لە بۆ ئەندامی لیژنەی فرع سێ ساڵ بێت بەو حسابە بێت اقتصادیەک ئەگەر سەرۆکی فەرعێکی گەورە بێت وەکو فرعی دهۆک کە بەسەدەها اقتصادی تێدایە نابێت عضو بێت لە مجلسی نەقابە ئەو دوو ماددەیە تناقضێکی تێدایە، سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

خۆی دەمانگەڕێنیەوە بۆ مەوزوعێک کە مناقەشە کراوە واقرار کراوە، ئەمە یەکێکیان دووەم هیچ مانعێک نییە خزمەتی سێ ساڵ بێت یان حەوت ساڵ بێت یان دە ساڵ بێت لە لیژنەی فرع ئیش بکات مانعەتی ئەوە نییە بەڵام مەرج ئەوەیە کە لەسێ ساڵ کەمتر نەبێت، ئەو ئەندامانەی لق کە شروطی لیژنەی مجلسیان هەیە دەتوانن بۆ مەجلیس خۆیان ترشیح بکەن چونکە وتمان سێ ساڵ ئەوە نییە تەنیا دەبێت سێ ساڵ بێت سێ ساڵ و بەرەو ژوور هەیە دە ساڵ خزمەتی هەیەو ئەندامی لقە.

**بەڕێز مـەحـمـەد سـەعـیـد ئەحـمـەد یەعـقـوبی:**

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

عضو لە مجلیس نابێت لە حەفت ساڵ کەمتری هەبێت، باشە چۆن ئەگەر ئەندامێک لە فرع ببێتە رئیس فرع سێ ساڵ بێت فرضا سێ ساڵ بوو دەرچوو بوو نابێت ببێتە عضو لە مجلیس چونکە لەوێ شەرتەکە نابێت لە پێنج ساڵ کەمتر بێت یان لە حەفت ساڵ کەمتر بێت؟.

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

فەرموو کاکەرەش وەڵامی بدەوە وەڵامەکە واضحە.

**بەڕێز کـاکـەرەش مـەحـمـەد نەقـشـبـەندی:**

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن.**

مەوزوعەکە زۆر واضحە مجلیسی نەقابە جیایە لەگەڵ رئیس فرع مجلسی نەقابە تەمسیلی هەموو محافظەکان دەکات یانی اشراف لەسەر هەموو محافظەکان دەکات ئیشراف لەسەر فروعەکان دەکات مەسئولە لەسەر هەموو فروعەکان شتێکی زۆر تەبیعی یە لە فرعێک بەسێ ساڵیش نەتوانێ لەمەرکەزی مجلیس کە مشرفە لەسەر هەموو نەقابەی کوردستان شتێکی جیاوازە لەبەر ئەوەی نابێت رەبطی بکەین لەگەڵ یەکتری دوو شتێ هەرگیز ربط نابن لەگەڵ یەکتری دوو شتی جیاوازن دایمەن فەرعەکان خزمەتیان کەمترە لە مجلیسی نقابە، سوپاس.

**بـەڕێـز سـەرۆکـی ئـەنجـومـەن:**

هیچ تێبینی تر نییە؟ ماددەی بیست ونۆ دەخەینە دەنگدانەوە.. تکا لەو بەڕێزانە دەکەم کە

ماددەی بیست ونۆ پەسەند دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە.. سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن دەستیان بەرزبکەنەوە... بەگشتی دەنگ وەرگیرا ماددەی سی.

**بەڕێز شـــیـــروان نـاسح حـــەیدەری:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

پێش ئەوەی ماددە سی بخوێنینەوە ئێمە پێمان وایە لەوانەیە مادەیەک لە نەصی پرۆژەکە لەبیر کراوە ئەویش ماددەکە لەهەموو پرۆژەکاندا هاتووە (علی الوزراء المختصین تنفیذ احکام هذا القانون ئەوە دەبێتە ماددە سی ئەوەی تر دەبێتە ماددە سی ویەک ئینجا ماددەکە بەو شێوەیە:

المادة الثلاثون:

علی الوزراء المختصین تنفیذ احکام هذا القانون.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

تکا لەو بەڕێزانە دەکەین ماددە سی بەو شێوەی کە خوێنرایەوە پەسەندی دەکەن دەستیان بەرزبکەنەوە.. سوپاس... ئەو بەڕێزانەی کە پەسەندی ناکەن تکایە دەستیان بەرزبکەنەوە ..بەگشتی دەنگ ماددە سی وەرگیرا.

**بەڕێز شـــیـــروان نـاسح حـــەیدەری:**

المادة الحادیة والثلاثون:

ینفذ هذا القانون اعتبارا من تاریخ صدوره في جریدة الرسمیة.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

هیچ تێبینی هەیە لەسەری.

**بەڕێز کــاکــەرەش مــەحــمــەد نەقــشــبــەندی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

(ینفذ هذا القانون اعتباراً من تاریخ نشره في جریدة وقائع کوردستان) وەکو لەیاسای هەموو نقابەکان هاتووە.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

لیژنەی دارایی هیچ تێبینیتان هەیە.

**بەڕێز جـــەمـــیـل عـــەبدی سندی:**

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن.**

هیچ تێبینیمان نییە، سوپاس.

**بەڕێز ســـەرۆکی ئـەنجـــومـــەن:**

تێبینی نییە؟ تکایە جارێکی تر ماددە سی ویەک بخوێنەوە، بەو شێوەی کە پێشنیاری دەکەن دوایی دەیخەینە دەنگدانەوە.

**بەڕێز کــاکــەرەش مــەحــمــەد نەقــشــبــەندی:**

**المادة الحادي والثلاثون:**

ينفذ هذا القانون اعتباراً من تاريخ نشره في جريدة وقائع كوردستان.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

تكا لەو بەڕێزانە دەكەم كە مادده سی ویەک پەسەند دەكەن دەستیان بەرزبكەنەوە... سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی كە پەسەندی ناكەن دەستیان بەرزبكەنەوە.. بەگشتی دەنگ وەرگیرا...مادده بەمادده یاساكە پەسەند كرا ئێستا یاساكە بەهەموو ماددەكانیەوە دەخەینە دەنگدانەوە.. تكا لەو بەڕێزانە دەكەم كە هەموو یاساكە پەسەند دەكەن دەستیان بەرزبكەنەوە ... سوپاس.. ئەو بەڕێزانەی كە یاساكە پەسەند ناكەن دەستیان بەرزبكەنەوە..یاسای ئابوری ناسانی كوردستان، بەگشتی دەنگ پەسەند كرا، زۆر سوپاستان دەكەین، بەڕێزان لێرەدا كۆتایی بە دانیشتنەكەمان دێنین بۆ دانیشتنی داهاتوو ئاگادارتان دەكەینەوە.

**فەرسەت ئەحمەد عەبدوللا**
**سكرتێری ئەنجومەنی نیشتمانی**
**كوردستانی عێراق**

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆكی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**كوردستانی عێراق**

به ناوی خوای بەخشندەو میهرەبان
به ناوی گەلەوە
ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
ژمارەی بڕیار: ٢٨
مێژووی بڕیار: ٢٥/١١/٢٠٠٠

«بڕیار»

پشت بەو یاساکارییەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ژمارە (١٩)ی رۆژی (٢٣/١١/٢٠٠٠)یدا ئەنجامی داوەو بەپێی حوکمی بڕگە (١)ی ماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی هەمووارکراوی ساڵی (١٩٩٢)و، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە بڕگە (٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی (١٩٩٧) پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

**یاسای ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٠٠**
**یاسای سەندیکای ئابووریناسانی هەرێمی کوردستانی عێراق**

ماددەی یەکەم:
مەبەست لەم واژانەی خوارەوە ماناکانی تەنیشتیانە:
هەرێم : هەرێمی کوردستانی عێراق.
سەندیکا: سەندیکای ئابووریناسان.
ئەنجومەن:ئەنجومەنی سەندیکاکە
نەقیب: نەقیبی ئابووریناسان.
ئابووریناس: هەموو ئەندامێکە لە سەندیکاکەدا، بڕوانامەیەکی لە زانستەکانی ئابووریدا هەبێ لە بەکالۆریوس کەمتر نەبێ یان هاوتای بەکالۆریۆس بێت.
هەڵسوڕاندنی پیشە : بەپێی حوکمەکانی هەڵسوڕاندنی پیشە، لەپیشەکەدا کەوتبێتەکار

**بەشی یەکەم**
**«دامەزراندن و ئامانجەکان»**
**دامەزراندن**

ماددەی دووەم:
١ـ بەپێی ئەم یاسایە، سەندیکایەک بەناوی سەندیکای ئابووریناسان، لە هەرێمدا دادەمەزرێ، شەخسییەتی مەعنەویی خۆی دەبێ ولە دارایی وئیدارەی خۆیدا سەربەخۆیە، بارەگاکەشی لە هەولێری پایتەختی هەرێمدا دەبێ و دەشتوانێ لە مەڵبەندی پارێزگاکانی هەرێمدا لق بکاتەوە.
٢ـ بە رەزامەندیی وەزارەتی دارایی و ئابووری دەستەیەکی ئامادەکار پێک دەهێنرێ لە (١٥) ئابووریناس کەمتر نەبێ بۆ تەیارو ئامادەکردنی کۆنگرەی گشتی و سەرپەرشتی هەڵبژاردنی گشتیی سەندیکا لەماوەیەکدا کە لە سێ مانگ نەترازێ.

مادده‌ی سێیه‌م:
ئاماڼجی سه‌ندیکا وه‌دیهانینی ئه‌مانه‌یه:
١ـ له پشت گرتنی حکومه‌تی هه‌رێم و پێرۆی دیموکراسیدا به‌شداری ده‌کاو،بۆ راگرتن و پته‌وکردن و به‌رەوباشتربردنی فیدرالیه‌تیش ، ده‌بێته پشت و په‌نا.
٢ـ به‌رزکردنه‌وه‌ی سه‌ویه‌ی پیشه‌یی و زانستی و کۆمه‌لایه‌تی و ته‌ندروستیی ئه‌ندامه‌کانی
٣ـ ئاسانکردنی رێگای کارکردنی له باروگوڼجاو بۆ ئه‌ندامه‌کانی
٤ـ رێکخستنی پێوه‌ندیی نێوان ئه‌ندامه‌کان و، پێوه‌ندیشیان له‌گه‌ڵ لایه‌نه حکومی و ئه‌هلییه‌کانی هه‌رێم و،داکۆکی کردنیش له مافه‌کانیان.
٥ـ هاوکاری کردن له‌گه‌ڵ ده‌سته‌و ده‌زگا و کۆمه‌ڵه‌و سه‌ندیکاکانی دیکه‌ی هه‌رێم که‌ئاماڼجه‌کانیان له‌گه‌ڵ ئاماڼجه‌کانی سه‌ندیکاکه‌دا یه‌ک ده‌گرنه‌وه
٦ـ مسۆگه‌ر کردنی ئاسووده‌یی دوارۆژی نه‌خۆشی و پیری و زه‌بوونی بۆ ئه‌ندامه‌کانی
٧ـ بزاڤ پێدان و دنه‌دانی لێکۆڵینه‌وه‌ی زانستی ، بۆ ئه‌وه‌ی له فراژوکردنی(التنمیه) ئابووری و ئاوه‌دانکرنه‌وه‌ی کوردستاندا به‌شداری بکات

## خۆنوسین(ئینتما) و ئه‌ندامێتی

مادده‌ی چواره‌م:
شه‌رتوشروتی ئه‌ندام ئه‌مانه‌یه:
١ـ هاوڵاتی هه‌رێم یا نیشته‌جێی هه‌رێم بێت.
٢ـ به جینایه‌تێکی غه‌یره سیاسی حوکم نه‌درابێ، یان به جونحه‌یه‌کی شه‌ره‌فنه‌نگێن حوکم نه‌درابێ.
٣ـ له زانسته ئابوورییه‌کاندا بروانامه‌یه‌کی هه‌بێ له به‌کالۆریۆس که‌متر نه‌بێ یان هاوتای به‌کالۆریۆس بێت
.مادده‌ی پێنجه‌م:
١ـ ئینتما له سه‌ندیکادا ، به داواکردنێکی نوسراو ده‌بێ ، هاوپێچ به‌ڵگه‌نامه‌گه‌لی پێویستی له‌گه‌ڵدا بێ و بدرێ به نه‌قیب.
٢ـ داواکارییه‌که له ماوه‌ی پازده‌رۆژدا که له رۆژی تۆمارکردنیه‌وه له سه‌ندیکا ده‌ست پێده‌کا، ده‌خرێته به‌ر ده‌می ئه‌ڼجومه‌ن ،ئه‌ڼجومه‌نیش ، ده‌بێ له‌و ماوه‌یه‌دا بیبرێنێته‌وه،خۆئه‌گه‌ر هات وئه‌و ماوه‌یه تێپه‌ری و ئه‌ڼجومه‌ن نه‌یبرییه‌وه، ئه‌وه، له‌و باره‌دا به قبوڵ کراو داده‌نرێ.
٣ـ ئه‌ڼجومه‌ن به بریارێ، هۆی دیاریکراوی تێدا بێ، بۆی هه‌یه داواکاریی ئینتما بداته دواوه، داواکاره‌که‌ش بۆی هه‌یه، له‌ماوه‌ی (٣٠) رۆژدا، که له رۆژی ته‌بلیغه‌وه ده‌ست پێده‌کا له دادگای پێداچونه‌وه‌ی هه‌رێمدا تانه‌ی لێ بگرێ، ئیدی ، بریار، بریاری دادگایه‌و ده‌بردرێته‌وه.
مادده‌ی شه‌شه‌م:
١ـ ئابوونه‌ی ئینتما له سه‌ندیکادا بۆ ئه‌ندام (٣٠) دیناره.
٢ـ ئابوونه‌ی به‌شدار بوونی ساڵانه (٢٠) دیناره، ده‌بێ له ماوه‌یه‌کیشدا بدرێ که هه‌موو ساڵێ له

مانگی شوبات نەترازێ. ئەگەر ئەندام لە کاتی دیارکراو ئابوونەکەی نەدا و، دواکەوت ، ئەوە، لەو بارەدا (٥٠٪) ی ئابوونەی بەشداربوونەکەی غەرامەی دێتە سەر. خۆ ئەگەر هات و، دوو ساڵی بانەو بان یەک ، بەبێ مەعزەرەتی بەجێ دوای خست ، ئەوا ، ناوی لە تۆماری ئەندامان رەش دەکرێتەوە.
٣ـ ئەوەی ئابوونەی ساڵانەی نەدابێ لە هەڵسوڕاندنی پیشەکە قەدەغە دەکرێ.
ماددەی حەوتەم:
١ـ بەپێی ئەم یاسایە ، ئەوەی ئەندامی ئەم سەندیکایە نەبێ و ئیلتزاماتی خۆی بەجێ نەهێنابێ نابێ پیشەکە هەڵسوڕێنێ.
٢ـ دایەرە رەسمی و نیمچە رەسمییەکان هەر ئابووریناسێ لە سەر ئیش دابمەزرێنن یان هەر ئیشێکی تری پێ بکەن ، دەبێ وێنەیەک لە فەرمانی دامەزراندنەکەی بنێرن بۆ سەندیکا.
ماددەی هەشتەم:
بەشداربووەکان:
ئەم کەسانەی خوارەوە، بۆ سوودوەرگرتن لە شارەزاییان ، یان ، بۆ ئەوەی سوود لە بزاڤی سەندیکاکە وەربگرن ، دەشێ بە بەشدار بوو وەربگیرێن:
١ـ ئەو ئابووریناسە بیانیانەی شەرتوشروتی ماددەی چوارەمیان تێدا فەراهەمە و نشینەی کوردستانی عێراقن.
٢ـ ئەوانەی بڕوانامەی باڵایان هەیە و لە کاروباری ئابووری یان دارایی یان بازرگانیدا، بۆ ماوەیەک ئیشیان کردبێ لە پێنج ساڵ کەمتر نەبێ، بە شاهێدی حکومەت، یا بە شاهێدی شیرکەتێکی هاوپشک (شرکە مساهمە) یا شیرکەتێکی خاوەن بەرپرسییەکی دیاریکراو، بە مەرجێ شەرتوشروتی ئەهلیەتیشیان تێدا فەراهەم بێت.
ماددەی نۆیەم:
دەشێ بە بڕیارێ لە ئەنجومەنی سەندیکاوە، دەزگا و هەیئەت و دامەزراوی ئابووری و پیشەسازی و بازرگانی و کشتوکاڵی و دارایی و ئیداری، بە ئەندامی فەخری (ئەندامی شانان)،بە ئابوونەیەکی بەشداربوونی رەمزی کە لە هەرحاڵەتێکدا ئەنجومەنی سەندیکا دیاریی دەکا، وەربگیرێن.
ماددەی دەیەم:
بەشداربووەکان و ئەندامە شانازەکان مافی ئەوەیان نییە لە کۆبوونەوەکانی دەستەی گشتیدا ئامادەببن ، یان بۆ ئەندامێتی ئەنجومەنی سەندیکا خۆیان بپاڵێون.
ماددەی یازدە:
ئەندام لەم بارانەی خوارەوەدا سیفەتی ئەندامێتیی نامێنێ:
أ – مەرگ.
ب – دەست لەکارهەڵگرتن.
جـ – بەبڕیاری ئەنجومەن، شەرتێ لەشەرتوشروتی ئەندامێتیی لەدەست دابێ.

## بەشی دووەم
## پێکهینەکانی سەندیکا

ماددەی دوازدە:
سەندیکا لەمانە پێک دێت:

١ـ هەیئە(دەستە)ی گشتی.
٢ـ ئەنجومەنی سەندیکا.
٣ـ لیژنەی زەپتی(الانضباط).
٤ـ لقەکانی سەندیکا لە پارێزگەکان.

مادەی سیازدە:

١ـ دەستەی گشتی بەپێی ئەم یاسایە لە هەموو ئەو ئەندامانە یا هەموو ئەو نوێنەرانە (المندوبین)ی کە ئیلتیزاماتی خۆیان بەجێهێناوە پێکدێت. دەستەی گشتی بە باڵاترین دەسەڵاتی سەندیکا لەقەڵەم دەدرێ و ، لەرۆژی هەڵبژاردنەکەوە هەر سێ ساڵ جارێ لەسەر بڕیاری ئەنجومەن و داواکاریی نەقیب کۆبوونەوەی گشتی و ئاسایی خۆی ، لە بارەگای سەندیکادا، بۆ هەڵبژاردنی نەقیب و هەشت ئەندام ودوو ئەندامی یەدەگ ، بۆ ئەندامێتیی ئەنجومەن ساز دەدا. (نیصاب)یش بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامانی ناونوسراو ، یا زۆرینەی نوێنەران دێتەجێ. ئەگەر نیصابیش نەهاتەجێ، ئەوا دوای بەسەرچونی پازدە رۆژ بەسەر کۆبونەوەی یەکەمدا هەڵبژاردن لە کات و جێگەی دیارکراودا دەست پێ دەکا. لەم بارەدا نیصاب، بە ئامادەبوونی سێیەکی ئەندامان، یا نوێنەران دێتەجێ ، دەنا، ئەگەر نەهاتە جێ ، ئەوە لەم بارەدا ئەنجومەنی پێشتر بۆ خولێکی تریش بەردەوام دەبێ

٢ـ ئەگەر ژمارەی ئەندامانی سەندیکالە (٥٠٠) پێنجسەد ئەندام زیاتر بن ، ئەوە، هەڵبژاردن لەم بارەدا، لە رێگەی نوێنەران(المندوبین)وە دەکرێ، رێژەی نوێنەرایەتیش لەلایەن ئەنجومەنەوە یا لەلایەن جێگری ئەنجومەنەوە دیاردەکرێ بە ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکاکەشەوە.

مادەی چواردە:

١ـ ئەگەر سێیەکی ئەندامانی دەستەی گشتی، وای بەباش بزانن کە دەستەی گشتی بانگهێشت بکرێ کۆبوونەوەیەکی نائاسایی ساز بدا، یان ئەنجومەن بە بڕیارێکی هۆدار داوای ئەو کۆبوونەوەیە بکات، ئەوە، لەم بارەدا دەشێ ئەنجومەن بەپێی ئوسوڵ بانگهێشتەکە دەربکا و لە ماوەی مانگێکدا کە لەرۆژی تۆمارکردنی داواکارییەکەوە دەست پێ دەکا رۆژی کۆبوونەوەکە دیاری بکات.

٢ـ دەستەی گشتی ناشێ گفتوگۆ لەسەر غەیری ئەو مەسەلانە بکا کە کۆبوونەوەکەی بۆ سازدراوە ، تەنها ئەوانە نەبێ کە پێوەندییان بەو مەسەلانەوە هەیە ، یان لق و باڵی ئەو مەسەلانە بن.

مادەی پازدە:

١ـ ئەگەر لە کۆبوونەوەی دەستەی گشتیدا، زۆرینەی زۆری ئەندامانی سەندیکا ئامادە نەبن، نیصاب نایەتەجێ ، لەو بارەدا ، کە نەهاتەجێ ، ئەوا دەستەی گشتی ، دوای پازدە رۆژ، لە هەمان کات و جێگای دیارکراودا کۆدەبێتەوە، لەم بارەدا ، نیصاب بە ئامادەبوونی سێیەکی ئەندامان دێتە جێ، ئەوجا هەموو بڕیارێ بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبوان دەدرێ و، ئەگەر هات و دەنگەکانیش هاوتا بوون، ئەوە، لەو بارەدا دەنگی نەقیب بەر کام تا بکەوێ، هی ئەوە.

٢ـ ئەندامێ ئەگەر لە هەڵسوڕاندنی پیشەکەی بێبەش کرابێ، ناشێ لە کۆبوونەوەکانی دەستەی گشتیدا بەشداری بکات.

مادەی شازدە:

دەستەی گشتی باڵاترین دەستەڵاتە لە سەندیکادا و ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەی هەیە:

١ـ هەڵبژاردنی نەقیب و هەشت ئەندام و دوو ئەندامی یەدەگیش بۆ ئەندامێتی ئەنجومەن.
٢ـ تەسدیقکردنی بوجەو حسابکاریی کۆتایی و راپۆرتی دارایی.
٣ـ گفتوگۆ لەسەر راپۆرتی ئیداری و بڕیاردان لە سەری.
٤ـ ئیقرارکردنی پێشنیاری هەموارکردنی یاسا وئیقرار کردن و هەمواركردنی گەڵاڵە (لوائح)ی پێڕۆ.

ماددەی حەڤدە:

ئەنجومەنی سەندیکا لەمانە پێک دێت:
١ـ نەقیب: مەرجە بۆ ماوەیەک پیشەکەی هەڵسوڕاندبێ لە (دە) ساڵ کەمتر نەبێ.
٢ـ ئەندامانی ئەنجومەن:مەرجە بۆ ماوەیەک پیشەکەی هەڵسوراندبێ لە حەوت ساڵ کەمتر نەبێ.
٣ـ ئەنجومەن بە دەنگدانی نهێنی، جێگری نەقیب و سکرتێرێک و بەرپرسێکی دارایی لە ناو ئەندامەکانی خۆیدا هەڵدەبژێرێ و دەسەڵاتەکانیشیان لە پێڕۆی ناوخۆدا دیاردەکرێ.
٤ـ ئەنجومەن کۆبوونەوە ئاساییەکانی خۆی ، لەکەمی، مانگی جارێک سازدەدا، بۆیشی هەیە لە سەر داواکردنی نەقیب یان لەسەر داواکردنی سێیەکی ئەندامان کۆبوونەوەی نائاسایی ساز بدات.

ماددەی هەژدە:

١ـ نیصاب لە ئەنجومەندا بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامان دێتەجێ، بڕیاریش بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبوان دەردەچێ و، ئەگەردەنگەکانیش هاوتا بوون، ئەوە، لەو بارەدا دەنگی نەقیب بۆ کام تایان درابێ ، هی ئەوە.
٢ـ ئەگەر بە هەر هۆیێ جێگای نەقیب چۆڵ بوو، ئەوا جێگرەکەی جێگای دەگرێتەوە، خۆ ئەگەر جێگای جێگرەکەش چۆڵ بوو، ئەوە لەو بارەدا سکرتێر جێگای دەگرێتەوە بەمەرجێ باقیمەنی ماوەی خولەکە لەساڵێکی تەواو کەمتر نەبێ.
٣ـ ئەگەر جێگای زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەن چۆڵ بوو، ئەوە ئەنجومەن دەبێ بانگهێشتی دەستەی گشتی بکات بۆ کۆبوونەوەی هەڵبژاردنی ئەوانەی جێگاکانیان دەگرنەوە، بەهەمان ئەو شێوازەی کە لەم یاسایەدا هاتووە، بەمەرجێ با قیمەنی ماوەی خولەکە لەساڵێکی تەواو کەمتر نەبێ.

ماددەی نۆزدە:

ئەگەر ئەندامێکی ئەنجومەن لە ساڵێکدا لەسێ دانیشتنی بانە و بانیەکدا، یان لە پێنج دانیشتنی جیاجیادا بەبێ مەعزەرەتێکی بەجێ دیارنەبوو، ئەوە، وا لەقەڵەم دەدرێ کە خۆی لە کارکێشاوەتەوە.

ماددەی بیست:

ئەنجومەنی سەندیکا ئەم دەسەڵاتانەی هەیە:
١ـ ئامادەکردن و تەسدیقکردنی بوجەی ساڵانە وحسابکاریی کۆتایی.
٢ـ بەپێی ماددەی سێیەمی ئەم یاسایە، بۆ وەدیهانینی ئامانجەکانی سەندیکا کۆشش دەکا.
٣ـ پێشنیار لەبارەی هەموارکردنی یاسا و پێڕۆی سەندیکاوە پێشکەش بە دەستەی گشتی دەکا.

٤ـ هەموو بڕیارەکانی دەستەی گشتی دەخاتەکار.
٥ـ کارگوزارەکانی سەندیکا دادەمەزرێنێ و کرێیان دیاری دەکات.
٦ـ سەیری داوا کارییەکانی ئینتما دەکاو، وەرگرتنی ئەندام و بەشداربووەکانیش ئیقراردەکا.
٧ـ لە حاڵەتێکدا ، کە نەقیب نوێنەرایەتی نەکا، ئەنجومەن یەکێ هەڵدەبژێرێ کە لە لیژنە ڕەسمییەکان و هی دیکەدا نوێنەرایەتی سەندیکا بکات.
٨ـ پێشنیار دەربارەی هەموار کردنی یاساکانی پیشە ئابوورییەکان پێشکەش دەکا.
٩ـ هەر کێشەو شکاتێکی بۆ بێت هاواڵەی لیژنە پێوەندارەکانی دەکات.
١٠ـ لقەکانی سەندیکا لە پارێزگاکاندا دادەمەزرێنێ.
١١ـ لیژنەگەلی لاوەکی (فرعیە) بۆ وەدیهانینی ئامانجەکانی سەندیکا پێک دەهێنێ.
١٢ـ سەیری دەست لەکارهەڵگرتنی نەقیب یان هەر ئەندامێکی سەندیکا و لیژنەکانی دەکا و دەیبرێنێتەوە ، بەمەرجێ بیخاتە بەردەم دەستەی گشتی لە کۆبوونەوەی یەکەمیدا.
١٣ـ بەرەزامەندیی لایەنە پەیوەندارەکان بەخشش و باربۆ (الهبات والتبرعات) لە لایەنە ئەجنەبییەکان قبوڵ دەکا.
١٤ـ چاودێرێکی حسابکاری دادەنێ بۆ تەدقیقکردنی ساڵانە.
١٥ـ ئەوراقی هەڵبژاردن و بەڵگەنامەی دیکە ڕێک دەخات و سەرپەرشتی هەڵبژاردنیش دەکات.
١٦ـ بۆ ئاسانکردنی بەکارخستنی ئەم یاسایەو ئەو پێرۆیانەش کە بەپێی ئەم یاسایە دەردەچن ڕێنمایی دەردەکا کە لەگەڵیاندا بگونجێ.
١٧ـ بەموڵک کردنی موڵک و ماڵ وخانووبەرە و قبوڵ کردنی بەخشش و دەسنگە(منح)ش ئیقرار دەکا.
١٨ـ مافی قەرز پێدان و قەرزکردن و پێشکەشکردنی یاریدەی داراییشی هەیە.
١٩ـ بەپێی یاسای کۆمەڵەکان و پێرۆکانیان ، یانە بۆ ئابووریناسان دادەمەزرێنێ و بەڕێوەشیان دەبا.
٢٠ـ هەندێ لە دەسەڵاتەکانی خۆی دەدات بە لیژنەکانی لق و نوێنەرانی سەندیکاش لەپارێزگە و قەزاکاندا.
ماددەی بیست و یەک:
نەقیب ئەم دەسەڵاتانەی هەیە:
١ـ سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکانی دەستەی گشتی و ئەنجومەنی سەندیکاش دەکات.
٢ـ بۆ هەر موعامەلەیەک ، کەوتبێتە لای مەرجەعی دادگایی و دەستەی ڕەسمی و نیمچە ڕەسمی و ئەهلی ، نوێنەرایەتی سەندیکا دەکا و تەسدیقی موعامەلە و بەڵگەنامەگەلی سەربەسەندیکاش دەکا. بۆیشی هەیە هەندێ لە دەسەڵاتەکانی خۆی بدات بە یەکێ لە ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکا.
٣ـ تەئییدی لایەنی توانستی دارایی سەربەسەندیکابووانیش دەکا بۆ مەبەستی کەفالەت.
ماددەی بیست و دوو:
لیژنەی زەپتی (الانضباط) لە سێ ئەندامی ئەسڵی و دوو ئەندامی یەدەگ پێکدەهێندرێ کە ئەنجومەنی سەندیکا هەڵیاندەبژێرێ.

ماددەی بیست و سێ:
لیژنەی زەپتی دەتوانێ هەر سزایەک لەم سزایانەی خوارەوە بدا:
١ـ بە ئاگاهێنانەوە(الفات نظر)
٢ـ ئینزار
٣ـ قەدەغەکردن لە هەڵسوڕاندنی پیشە بۆ ماوەی شەش مانگ.
ماددەی بیست و چوار:
بڕیارەکانی لیژنەی زەپتی ، ئەوەیان لە باردا هەیە، لە ماوەی (٣٠) ڕۆژدا کە لە ڕۆژی تەبلیغەوە دەست پێ دەکا ، لە بەردەم دادگای پێداچونەوەی هەرێمدا تانەی لێ بدرێ ، ئیدی بڕیاری ئەم دادگایە بە یەکجاری دەبیرێنێتەوە.
ماددەی بیست و پێنج:
١ـ کاروباری سەندیکا ، لە پارێزگەکاندا ، لیژنەی لقی پارێزگەکە بەڕێوەی دەبات.
٢ـ لیژنەی لق لە سەرۆک ودوو ئەندامی ئەسڵی ودوو ئەندامی یەدەگ پێک دێ کە هەر سێ ساڵ، جارێ، بە دەنگدانی نهێنی هەڵدەبژێردرێن، بەمەرجێ پیشەکەیان بۆ ماوەیەک هەڵسوڕاندبێ لە (٣) ساڵ کەمتر نەبێ.
ماددەی بیست وشەش:
لیژنەی لق ئەم دەسەڵاتانەی هەیە:
١ـ بڕیارەکانی دەستەی گشتی و ئەنجومەنی سەندیکا دەخاتە کار.
٢ـ خزمەتگوزارانی لق دادەمەزرێنێ و کرێیان دیاری دەکا.
٣ـ نوێنەرێ دادەنێ کە لە لیژنە رەسمییەکاندا لق بنوێنێ.
٤ـ پێشنیار و ئامۆژگاری لە بارەی کاروباری لقەوە، پێشکەش بە ئەنجومەن دەکا بۆ ئەوەی بڕیاری لەسەر بدا.
٥ـ لە چوارچێوەی بوجەی لقدا سەرف و خەرجی پێویست بۆ کاروباری لق ئەنجام دەدا و ڕاپۆرتی دارایی و حسابی کۆتاییش پێشکەش بە ئەنجومەن دەکا.
٦ـ لیژنەگەلی لق بۆ وەدیهانینی ئامانج و مەبەستی سەندیکا پێک دەهێنێ.
٧ـ ئەو دەسەڵاتانەش کە بەپێی ئەم یاسایە ئەنجومەنی سەندیکا پێی دەدا، هەڵیان دەسوڕێنێ.
ماددەی بیست و حەوت:
دارایی سەندیکا لەم داهاتانە پێک دێت:
١ـ ئابوونەی ئینتما و بەشداربوونی ساڵانە.
٢ـ ئەو دەسنگانە(المنح)ی کە لایەنە رەسمی و نیمچە رەسمییەکان پێشکەشی دەکەن و ئەو باربۆ (تبرعات) و بەخششانەش کە ئەندامان و خەڵکی دیکە پێشکەشی دەکەن.
٣ـ قازانجی ئەو ئاهەنگانەی کە بۆ سوودی سەندیکا سازدەدرێن.
٤ـ قازانجی چاپەمەنی سەندیکا.
٥ـ قازانجی ئەو پرۆژانەش کە سەندیکا دایاندەمەزرێنێ.
٦ـ مزو کرێی تەئییدی توانستی دارایی کەسانی سەر بە سەندیکاو هی ئەو بەشاهێدبوونەش کە سەندیکا دەریان دەهێنێ.

ماددەی بیست وهەشت:
لیژنەی بەرزەپتی لە هەڵسوڕاندنی کارەکانی خۆیدا بەپێی ڕێساکانی یاسای بەرزەپتی فرمانبەرانی دەوڵەت ڕەفتار دەکا.
ماددەی بیست و نۆ:
هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت ناخرێتە کار.
ماددەی سی:
پێویستە وەزیرە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە کار.
ماددەی سی و یەک:
ئەم یاسایە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە وەقایعی کوردستاندا، دەخرێتە کار.

**د.ڕۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی عێراق**